# تریفەی مانگەشەو

## کۆبەرهەمی چیرۆک

کەمال سەعدی

# تریفەی مانگەشەو

## کۆبەرهەمی چیرۆک

# خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **تریفەی مانگەشەو** (کۆبەرهەمی چیرۆك)

- کەمال سەعدی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: ماد (تاران)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٧٩٩)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب (١٠٥٠)



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# لەجیاتی پێشەکی

## کەمال سەعدی و چیرۆکی تەنز*

**سابیر ڕەشید**

ئەدەبی تەنز یاخۆ کۆمیدیای ڕەش، جۆرە ئەدەبێکە دەتوانێت بە خێرایی بچێتە ناو دەروونی خوێنەرەوە و کاریگەری خۆی چێ بکات، بە شێوەیەک کە لە جیاتی پێکەنین تراژیدیایەک و مەبەستێک لای وەرگرەکە جێدەهێڵێت.

نووسینی تەنز و گاڵتەجاڕی لەگەڵ نوکتە و داشۆرین و چەمکەکانی دیکەی پێکەنین بەندیوارییەکیان جیاوازیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، وەلێ هەر یەکەیان بەپێی چەمک و جۆری نووسین ئەوەی دیکە جیاوازە. ئەو ئەدەبە لە ئەدەبی واقیعی ڕاستەوخۆ کاریگەرتر و بە ئێش و ژانترە، بگرە چەکی دەربڕینێکی تراژیدی دیکەیە، بە بەرگی گاڵتە ئامێز و تەنزەوە. کە تەماشای فیلمەکانی چارلی چاپڵن دەکەین، بە ڕوخسار دەمانخاتە ناو پێکەنین و سەرسووڕمان، کەچی ئەو لە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ دەدوێت، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە دەبێتە ئامێر یاخود لە برسان پێڵاوەکانی خۆی دەخوات، ئەوا باسی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەکات... لە دنیادا ئەدەبی تەنز نموونەی زۆرە، بەڵام لای ئێمە کە باسی تەنز دەکرێت، بە پلەی یەکەم (عەزیز نەسین) و (مارک توین)مان بیردەکەوێتەوە، بە تایبەتیش چیرۆک و ڕۆمانەکانی عەزیز نەسین لای خوێنەری کورد ئاشنا و لە دڵان شیرینە، بڕوا ناکەم هیچ نووسەرێک هەبێت بە ئەندازەی ئەو بەرهەمەکانی

وەرگێڕدرابنە سەر زمانی کوردی، لە کوردستانی ئێرانیشدا لە گۆڤاری (سروە)ی ئەدەبیدا جار جارە بابەتێک بە ناوی تەنزی کۆمەڵایەتی بڵاوکراوەتەوە.. لای خۆشمان نووسەرانی ئێرە، لێرە و لەوێدا، ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بە ناوی تەنزەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا ئەم ئەدەبە هەژارە، ئەوەی هەبووە و هەیە، ماوەیەک چیرۆکنووسی کۆچکردوو (ڕەفیق فایەق) چیرۆکی تەنزی بڵاودەکردەوە، هەروەها کەمال سەعدی و میقداد شاسواری، هاوکات حەمە سەعید حەسەنیش، کە ساتیرە چیرۆک دەنووسێت، ئەگەرچی ئێمە بە بەراورد، بە ئەدەبی دنیا زۆر لە دواوەین، وەلیَ هەر باشە ئەو چەند خامە بەدەستەشمان هەیە، کە خۆیان بۆ ئەدەبی تەنز تەرخان کردووە... کاتی خۆی کەمال سەعدی، کە پێکەوە دەستمان بە چیرۆک نووسین کرد و وازمان لە شیعر هێنا، سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ پێکەوە شەش کورتە چیرۆکی کوردیمان چاپ کرد.. ئیتر دوای ئەوە کەمال سەعدی چیرۆکی تەنزی هەڵبژارد، منیش لای خۆمەوە زیاتر هانم دا، کە ئەم ڕێچکەیە هەڵبژێرێت، چونکە لە ئەدەبی کوردیدا بە گشتی و چیرۆکی کوردیش بە تایبەتی، ئەم ڕێچکەیە، هێشتە مەیدانەکە چۆڵ بوو و دەمزانی بەهرەی (کەمال سەعدی)یش لەم بوارەدا دیارە، کە ئەنجامەکەش ئەوە بوو، تاوەکوو ئێستە سێ کۆمەڵە چیرۆکی تەنز ئامێزی نووسیوە، یەکەمیان بە ناونیشانی (ون بوون- ساڵی ١٩٨٤)، دووەمیان بە ناونیشانی (دەرگە- ساڵی ١٩٩٠) و سێیەمیشیان بە ناونیشانی (تڕحێو- ساڵی ١٩٩٩)، هەروەها ڕۆمانێکیش بە ناونیشانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان- ساڵی ١٩٩٧)، کە ڕۆمانەکە کاتی خۆی من لە گۆڤاری (ڕامان) لەسەرم نووسیوە و بە درێژی باسی ئەدەبی تەنز و گرنگی ئەم ڕۆمانەم کردووە لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام دوای کۆمەڵە چیرۆکی (تڕحێو)، کەمال سەعدی تەواو بە نووسەری چیرۆکی تەنز ناسرا، هەر بۆ نموونە دەڵێن وەزیرێک لە کۆبوونەوەکانیدا

کتێبی (ترحێو)ی کەمال سەعدی لای خۆی دانابوو، ئەگەر لە کۆبوونەوەکانیدا کارێک یاخۆ پێشنیازێکی وەزارەتەکەی بەدڵ نەبووایە یاخۆ بیزانیبایە بۆ وەزارەت هەڵەیە، ئەوا یەکسەر کتێبەکەی بەرز دەکردەوە و دەبوو بە ڤیتۆی پێشنیازەکە.. ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیشی بکەین، دەبینین لە هەر سێ کۆمەڵە چیرۆکدا، تەنانەت لە ڕۆمانەکەشیدا لە کۆژانی مرۆڤی کورد دەدوێت، بە تایبەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی خەڵکەکە ئەوەندە تراژیدی ئامێزە، ئەو وەک تەنز و لە بەرگی پێکەنین و گاڵتەجاڕیدا خوێنەر بۆ کتێبەکانی ڕادەکێشێت و دەیگرییێنێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵە چیرۆکی (ترحێو)دا چەند چیرۆکێکی کورت دەکەینە، نموونەی چیرۆکەکانی، یەکێکیان کە چیرۆکێکە یەک لاپەڕەیە بە ناوی (وەڵات)، باسی ناسۆری و کۆژانی، پەنابەرێکی کورد دەکات لە هەندەراندا، کە بۆ هەر جێگەیەک دەچێت پێی دەڵێن بێ وەڵات، کەچی ئەو لە کۆتایی چیرۆکەکەدا شێوە موفارەقەیەک چێ دەکات، کە خوێنەر قەناعەت بە وەڵامی پاڵەوانی چیرۆکەکە دێنێت و وەک خەمێکی قووڵ دەچێتە ناو دڵی هەموو کوردێک.. هەروەها لە چیرۆکی (سنگەسە)دا، باسی کەسێکی وەڵاتەکەی دەکات، کە لە هەندەران هاتووەتەوە، زۆر دەوڵەمەند بووە و چەندان خانووبەرە لەنێو شاردا دەکرێت، کەچی نووسەر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا پێمان دەڵێت: ئەوە لە هەندەران کا رو کاسبی ئەوە بووە، لە پێش سوپەرمارکێتەکاندا سەگی دەوڵەمەندەکانی بە قولاپ، لە خۆی قایم کردووە و ئاگەداریان بووە، تاوەکوو خاوەنەکانیان بردوویانەوەتەوە، لە بری ئەم کارەی چەند گەڵایەکی وەرگرتووە.. یاخۆ لە چیرۆکی (حەڵقە لە گوێ)دا باسی کەسێکی وەڵاتەکەی دەکات، کە چووە بۆ هەندەران و مافی پەنابەری بە زەحمەت و نادرێتێ، بیر لەوە دەکاتەوە پاساوێک بدۆزێتەوە، بۆیە کە لێی دەپرسن بۆچی وەڵاتی خۆت جێهێشتووە و لای ئەوان داوای مافی پەنابەرێتی دەکات، ئەویش لە

وەڵامدا پێیان دەڵێت لە وەڵاتی ئەوان ئازادی سێکسی نییە، ئەویش حەزی لە مێردکردنە بە هاوڕەگەزی خۆی، لە وەڵاتەکەیدا ئەم نەریتە نییە، بگرە کوشتنی بە دوادا دیت، لەوێش ئازادە و هەیە.. بۆیە لە ڕۆژنامەکان ئاگەداری بۆ بڵاودەکەنەوە، کە پیاوێکی فڵانە وەڵات ئارەزووی مێردکردنی بە هاوڕەگەزێک هەیە.. بۆ بەیانی دەیان سمێڵ فشی لێ قیت دەبنەوە، ناچار لە دواجاردا پیاوێکی قولەڕەش هەڵدەبژێرێت و هەر ئەوکاتە گوێی هەردووکیان کون دەکەن و هەریەکەیان حەڵقەیەکیان لە گوێ دەکەن و هیوای ژیانێکی بەختەوەرییان بۆ دەخوازن.. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا باسی ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە و نامۆ بە داب و نەریتی کوردەواری دەکات، وەلێ لە پەنای ئەم گاڵتەجاڕییەدا، نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت، کە هەندێک لە کەسانی نەفس نزمی وەڵاتەکەی ئامادەن، هەموو کارێک بکەن، تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی ناموس و ڕەوشت و زڕاندنی ناوبانگی وەڵاتەکەشی بێت. ئەمانەش هەموو نموونەی کۆمیدیای ڕەشن، کە من دڵنیام هەموو چیرۆکە تەنز ئامێزەکانی کەمال سەعدی، بە هەمان ئاست هەریەک و لە دەلاقەیەکی جیاوازەوە ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگە دەردەخەن، کە سیخناخ بووە، بە گەندەڵی و کەسانی مشەخۆر و هەلپەرست و هەژاری و دواکەوتوویی، کۆی چیرۆکەکان تژین لە دیمەن و تابلۆی تراژیدی مرۆڤی کوردەوە، کە هەردەم بە دەست ئەم دەرد و بەڵا و ڕەفتارە کرێتانەوە دەناڵێنێت.

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری (مێرگ) ژمارە (٤١)ی تشرینی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

# ون بوون

ئەم جیهانە، بووەتە مۆڵگەی چەندان جۆر مرۆڤ، هەریەکێکیشیان ناو و ناتۆرەیەکیشیان بەسەردا سەپاوە... بە هەندێکیان دەڵێن شێت، هەندێکی دیکەیش ژیر... یاخۆ گەمژە و ساویلکە و شتی دیکە...

زۆرم بیردەکردەوە، بەڵام بێ سوود بوو....

"وا دیارە بە سانایی ناگەمە ئەنجام!"

بەڕێکەوت بەیانییەکی زوو، هێشتان خۆر ڕەنگە زەردە زێڕینەکەی نەبەخشیبووە ئاسمان، ڕێم کەوتە بازاڕەوە، مرۆڤێکی باڵا بەرز، وەک شتێکی لێ ون بووبێت، لەوسەری شەقامەکەوە، بەخێرایی دەهاتە ئەمسەری شەقامەکەوە، سەیرێکی ئاسمان و دواییش زەوی دەکرد، ئەو کات بە هەمان خێرایی دەگەڕایەوە بەو جۆرە بەردەوام بوو.

لە سەرەتادا وامزانی شتێکی لێ ون بووە، بۆیە بڕیارم دا، یارمەتی بدەم و لەگەڵی بگەڕێم.

- کابرا ئەم کاتەت باش؟

هیچ وەڵامی نەدامەوە.

- لێی ناگیرێت... یەکێک شتێکی لێ ون بێت، هۆشیشی ون دەبێت و ئاگای لە کەس نابێت.

دووبارەم کردەوە:

- کابرا چیت لێ ون بووە؟

چاوەڕێی وەڵامیم نەکرد و بەردەوام بووم لە قسەدا:

پێویستیت بە یارمەتی نییە؟.... دیارە شەرم دەکات، وا چاکە بەبێ پرس لەگەڵی بگەڕێم... بێگومان بە دوو کەس هەر دەیدۆزینەوە.

منیش لەگەڵ ئەو کەوتمە سەفا و مەروای شەقامی ئاشتی....

زۆر هاتم و چووم، نە لە ئاسمان، نە لەسەر زەوی هیچی وام نەبینی، کە مافی ئەمی بەسەرەوە دیار بێت، بۆیە بڕیارم دا، بەجێی بهێڵم و زیاتر یارمەتی نەدەم.

پێش ئەوەی پانی شەقامەکە ببڕم، کەسێکی دیکە بە ڕاکردنێکی کەروێشکانی خۆی گەیاندە لام و لە پێکەنیندا دەتریقایەوە و هەر نەیبڕاندەوە... ڕووم تێ کرد و پێم گوت:

ناکات تۆ دۆزیبێتتەوە... ئێمەش ئەوەندە پێیەوە ماندووبووین:

زیاتر لە قاقای پێکەنینی دا.. ئەوەندەش لێم نزیک کەوتبووەوە، هەر هێندە مابوو بمخاتە ئامێزییەوە.

سەرم لێی سووڕما.... کەوتمە بیرکردنەوە: (نەدەیناسم نەدەمناسێت، کەچی بە پێکەنینەوە لە بەرامبەرمدا قووت بووەتەوە...) وام بە باش زانی زللەیەکی لەوزینەیی بسرەوێنمە بناگوێی و پێکەنینەکەی بڕەتێنم... نەمکردە نامەردی، بە دەستە قورسەکانم، زللەیەکی موستەحەقم لێ دا!... هەر خۆشی لە گورە نەبرد...

(ئیشێکی خراپم کرد... بەڵام وامنەکردبا لە کۆڵم نەدەبووەوە) ئەمجارەشیان زیاتر لە جاران دەستی پێکردەوە، بە دەستەکانیشی ئاماژەی بۆ دەدام...

(چی لێم دەوێت... بۆچی هاتم و دووچاری چی بووم؟! وام بە باش زانی، کە چەند زللەیەکی لەسەر یەکی لێبدەم، تاوەکوو باش

گەرمی بگاتێ و بەرۆکم بەربدات... دووبارە و سێ بارەم کردەوە...
هەر لێم دەدا و زیاتر پێکەنینەکەی گەرم دەکرد... تا وایلێهات دەستەکانم توانی وەشاندنی تێدا نەما.. لە حەژمەتی دەستەکانم لە قاقای پێکەنینم دا، نەمدەزانی بە خۆم پێدەکەنم یاخۆ بەوان.
ئەمجارەیان ئەویان دەستی کرد بە گریانێکی بە تەوژم و خۆی زللەی لە ڕوومەتەکانی خۆی دەدا.
بە دیتنی ئەم دیمەنە سەیرە، زیاتر پێکەنینم دەهات و دەمویست هیچ نەبێت پێکەنینەکەم بوەستێنم و بەڕێی خۆمدا بڕۆم، کەچی زیاتر دەنگ بەرز دەبوووە.
(بۆ لە خۆی دەدات... بۆ دەگریەت.. بۆ بە دەستی من، گریانی نەدەهات، ئێستەش بەم نەرمە زللانەی خۆی بە گوڕ فرمێسک لە چاوەکانیدا دەچۆڕێتەوە...) ئەم بیرانە نەیاندەهێشت پێکەنینەکەم بوەستێت... کەوتبوومە گێژەنی بیرکردنەوە و ئاگام لەوە نەبوو، کە کۆمەڵێک منداڵی پاقلاوە فرۆشی چەقاوەسوو دەورەیان داوم... هەر ئەوەندەم زانی بە چەپڵە و هۆی ها... هۆی ها... حەمە قاقا....
وایلێهات، کە هیچ ئاگام لە خۆم نەمێنێت و بکەومە جیهانێکی دیکەوە... جیهانی ون بووەکان.
مێشکم پڕبوو، سەرم لێ شێوابوو، خۆشم نەمدەزانی شێتم یان ئاقڵم... ئەگەر ئاقڵ بم، بۆ چەپڵەم بۆ لێدەدەن و هۆ هام بۆ دەکەن.. ئەگەر شێتیش بم، چۆن تا ئێستە بە خۆم نەزانیوە؟!
بیری ئەم شتانەم دەکردەوە... منداڵانیش بەردەوام بوون.... زنجیرەی بیرکردنەوەم پچڕا... لەگەڵیان کەوتمە چەپڵەڕێزان و هۆی ها کردن و حەمە قاقا.. شێتە.. شێتە.. چەند پیاو و گەنجی بازاڕ هەبوون، دەورەیان دابووین و نەیاندەزانی کامەمام شێتین.... لە ناکاو

قوتابییەکم بۆ پەیدا بوو، خۆ خێری بنووسێت، باوەشی بەزەیی بۆ کردمەوە و خۆی کرد بەناو چاوی خەڵکەکە و لێم هاتە پێشێ و گوتی:

مامۆستا.. ئەوە تۆی... خێرە کەوتوویتە ناو باوەشی ئەم دوو شێتە و سەرزاری ئەم جەماوەرە؟

ڕۆڵە ئەگەر تۆش دوور نەکەویتەوە، وەکو من ون دەبیت و خۆت ناناسیتەوە.... ئەوە تۆ منت ناسییەوە و ڕزگارت کردم، بەڵام تۆ ون بیت کێ دەتناسێتەوە... هەروەکو ئەم دوو وێڵە دەبینیت، ناویان بە شێت دەرکردووە، زۆری نەمابوو ناوی منیش بچێتە پاڵیان و لەبیر خۆمم ببنەوە، هەروەکوو ئەوانەیان لەبیر خۆ بردووەتەوە.... یەکیان بە خۆشی نازانێت چی لێ ون بووە!

بەڵام من دەزانم چی لێ ون بووە، منیش هەمان شتم لێ ون بوو، بەڵام تۆ بۆت دۆزیمەوە.

قوتابییەکە بە سەرسامییەوە:

- چۆن مامۆستا چی لێ ون بووە؟!

- ون بووە و خۆی نادۆزێتەوە.

١٩٨٣

لە ژمارە (٩٦)ی گۆڤاری بەیان بڵاوکراوەتەوە

# سیخوڕ

هاوینێکی دوور و درێژ چاوەڕوانی پێگەیشتنی باخچە ساواکەیان بوون... هەموو ئێوارانێک باسی هات و نەهاتی ساڵەکەیان دووبارە و سێ بارە دەکردەوە، هەتا وای لێهاتبوو منداڵانیشیان لەجیاتی لای لایە بەم قسانە وەنەوزەیان دەدا...

باخچە پێگەیشت......

هەموو بەیانیانێک کە بەرەو باخچەکەیان دەچوون بۆ لێکردنەوەی بەروبوومە پێگەیشتووەکەی، دەیاندیت، ئەو شتانەی دەست بدەن بۆ خواردن قرتێندراوە و پێشێل کراوە... ئەوەی کاڵیش بێت بە بڕکییەوە ماوە، تەنانەت ئەو شفتیانەی، کە لەژێر لمیش شاردرابوونەوە، سیخوڕی بەدفەڕ خۆی گەیاندبوونێ و لەتوپەتی کردبوون... ئەوانەی بەدەستەوە مابوون تەنیا کودووە ئاوییە پاییزییەکان بوون، کە تولەیان وەک لاو لاوە دەستیان خستبووە گەردەنی تاشەبەردەکانی ئەو قەد پاڵە و بەرەو لێواری ڕووبارەکە درێژ بووبوونەوە... باس باسی کودوو بوو، کە چەندان ساڵە ئەم ئاواییە شتی وەهای بەخۆیەوە نەدیتبوو. لەوانەیە بە پنجێکی خێزانێک گوزەران بکات، کەچی کودووەکانیش گوڵیان دەگرت و هەڵدەوەرین. زۆر جاران دڵی خۆیان دەدایەوە و دەیانگوت: بەری سەرەتا بۆ هەڵوەرینە... دوایی باش دەبێت.

ماوەیەک بەسەرچوو... بگرە گوڵ گرتنەوەکەشی بەخۆیدا نەدیتەوە.

ئەم هاوینە لەم باخچەیە زیاتر هیچی دیکەیان شک نەدەبرد، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە تەماتە و میوە. بۆیە پێویستی بە

چارەسەرییەک هەبوو.

بڕیاریان دا، شەوێک بچنە ژووانی سیخوڕەکە.

ڕۆژ ئاوابوو... تاریکی چارۆگەکەی بە ڕووی ئاواییەکە دادا..

بە خێرایی نانیان خوارد و بەرەو زەوی نزار کەوتنەڕێ......

لەگەڵ گەیشتنە جێ، چاڵێکیان لەبەر دەرگەی پەرژینی باخچەکە هەڵکەند و بە پووش و دڕک و داڵ سەریان گرت.

بەو هیوایە سیخوڕەکە، لە کاتی هاتنەوەیدا بکەوێتە ناوی و بەدار بکەونە گیانی و تۆڵەی ئەم زیانە زۆرەی لێ بکەنەوە.

- کوشتنی سیخوڕیش خراپ نییە... گۆشتەکەی خۆشە! ماوەیەکیش بوو گۆشتیان نەخواردبوو، چونکە تەنیا چوار سەر مەڕی شیرداری بێچوداریان شک دەبرد، ئەوانیش لەبەر ماست و پەنیرەکەی دەستیان لێ بەرنەدەبوو.

ڕاووشکاریش هەر هیچ! ئەم ساڵەیان پیاوەکانی ئاوایی خولیای چەڵتووک چاندن بووبوون و بە لای ڕاووشکاریدا نەدەچوون.

بیری ئەم شتانەیان دەکردەوە... شەوێکی سامناک بوو...

لوورەی گورگ و قیڕەی بۆق و خوڕەی ئاو و خشەی گیا و گوڵ و خشپە خشپی کەروێشکە کێویانیش تێکەڵ بە یەک بووبوون و شەویش هەر نەدەبڕایەوە.

پلکە ئایش و بایزی کاکە براش لەناو کەندەڵانە تەنگە بەرەکەی بنار پەرژینەکەدا، خۆیان خزاندبووە باوەشی یەکدی و بە هەردوو دەست مێشوولەیان لە دەم و چاویان پاس دەکرد.

ئەم شەوەیان هەتا بەیانی خەو نەچووە چاویان.... ئاسمان تاریک و ڕوون بوووە. وەکو سیخوڕ شتێکی لەم ژووانگرتنەی پلکە ئایش زانیبێت، ئەم شەوەیان هەر بەولاشدا نەهات.

بە نائومێدی گەڕانەوە ئاوایی.

هەرچۆن بێت ئەم ڕۆژەشیان بە بژارکردنی تووتنەکە بەسەر برد. خۆ سەر ئێشەی تووتنیش لە هی سیخوڕەکە پترە! شەو و ڕۆژێک بۆڵەیان بوو لە دەست مام سۆفی، لەسەر جۆگە و کانیاوەکەی ژووری باخچەکەی مام سۆفی... تووتنەکەی هەتا بڵێی سەوز و جوان و گەڵاپان بوو، بەڵام تۆ بڵێی لە کاتێکی وەهادا ئاویان لەسەر نەگرنەوە، کە ببێتە هۆی وشک بوون و تێژبوونی!

ئەمەشیان هەر خوا بە خۆی دەزانێت، چونکە مام سۆفی بیانوو بە تڕی خۆی دەگرێت.

ئێوارە داهات... پلکە ئایش و بایزی کاکە برا نانیان خوارد و دووبارە بەرەو باخچەکەیان کەوتنە ڕێ، بەڵام ئەمجارەیان سەگە بۆرەشیان لەگەڵ خۆیان برد... سەگە بۆرە مەگەر بێچووی بەشکۆ نەبێت، نێچیر لە دەمی شێر دەردێنێت. بەم جۆرە خۆیان گەیاندە جێ و کەوتنەوە ژووانی، پلکە ئایش ڕووی کردە بایزی کاکە براو پێی گوت:

- ئەگەر ئەمجارە سەگە بۆرە سیخوڕەکەمان بۆ بگرێت، بەیانی خواردنی گۆشتیشمان دەبێت و ماڵی ئاواییش لەم خواردنە خۆشە بێبەش نابن.... ئەو دوو مانگەی ماویشە بەشی ئێمە تەماتە و مێوەمان دەبێت.

ئەستێران ئاسمانیان تەنیبووەوە و چاوەڕێی دەرکەوتنی مانگ بوون، پلکە ئایشیش، خەو چاوانی دەبردەوە و نەرمە باوێشکی دەهاتێ... لەپڕ سەگە بۆرە نووزەیەکی بەرزی لێوە هات و خۆی هەڵکوتایە ناو باخچەکە و کەوتە حەپە حەپکردن...

پلکە ئایش ڕاچڵەکی! دەتگوت لە حەوت باری خەودابووە.

مشتێ ئاوی بە چاوی داکرد و دەستی دایە داربەڕووە مەترەلۆزەکەی تەنیشتی، بایزی کاکە براشی بە ئاگا هێنا و بە دوو قۆڵی کەوتنە وێزەی سیخوڕەکە. حەپە حەپی سەگە بۆرەش ئەژنۆی سیخوڕی شکاندبوو،

زۆری نەمابوو ئاسمان ڕووناک ببێتەوە.. سەگە بۆرە خۆی لە سیخوڕەکە کێشایەوە، بۆ ئەوانی بەجێهێشت... سەگە بۆرە زۆر ڕاووشکاری پێکرابوو، بۆیە شارەزاییەکی تەواوی وەرگرتبوو، نەیدەویست گۆشتەکەی پیس بکات، بەڵام هێندەی پێنەچوو سیخوڕی بەدفەڕ تاوەکوو هێزی لە گیاندا بوو خۆی ڕاشەقاند و پەڕێکی تیژی لە پلکە ئایش گرت و بە باڵە شۆڕەی خست و بۆی تێ قووچاند. هەرچەندە پلکە ئایش لەبەر ئێش و ئازاری قۆڵی ئۆقرەی نەبوو، بەڵام هەرگیز ڕزگاربوونی ئەم نێچیرەی لەبیر نەدەکرد. بایزی کاکە براش زۆر خەمگین بوو، بە زامداربوونی دایکی، بە خەمناکییەوە پێی گوت:

قۆڵێکیشت لەسەر دانا و هیچیشمان بە هیچ نەکرد!

پلکە ئایش بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوت:

- ڕۆڵە، ئەوەی ئێمە ویستمان هاتەدی، تەنیا لە خواردنی لاشەکەی بێبەش بووین.

بایز بەسەر سووڕمانەوە:

- چۆن دایە گیان؟

پلکە ئایش لە بایز هاتە پێشێ و دەستە زامدارەکەی خستە سەر شانی و پێی گوت:

- کوڕم زامداربوونی قۆڵم بە فیڕۆ نەچوو؟ بزانە هەتا ئەم هاوینە دەبڕێتەوە، جارێکی دی شوێنەواری ئەم سیخوڕە نابینینەوە.... وامان لێی نەدا، وا زوو لە بیری بکات.

باخچەکەشمان هێشتە ساوایە و بە بەرییەوە ماوە گوڵی نوێ دەگرێتەوە و بەشی هەر چوار ماڵێ ئاوابیەکەمان بەردەگرێت.

١٩٨٣/١/٢

تێبینی:

لە ژمارە (١٦)ی گۆڤاری (کاروان) بڵاوکراوەتەوە.

# له چایخانەی کەوبازاندا

یەکەمین جار بوو ڕێی بکەوێتە شار. ئەم ڕۆژەیان لە یەکێک لە ئۆتێلەکانی نزیک قەیسەری دابەزی بوو... بەیانی زوو لە خەو ڕابوو.... وای بە باش زانی بچێتە مزگەوتی گەورە و نوێژی بەیانی لەوێدا بکات و ژەمی بەیانیش لە خەم بخات... بازاڕێکی کش و مات... لەمسەر و ئەوسەری شەقامەکاندا، عەرابانچییە نۆکاوفرۆش و نیسکێنەفرۆشەکان و تاک و تووکیش چایەچی گەڕۆک و مرۆڤی سەڵتی وەکو ئەو زیاتر هیچی دیکەی لێ بەدی نەدەکرا....

هێمنی و ئاسوودەیی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو.... چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای مزگەوتەکە، دەنگی قاسپەی کەوی چیایی خۆی هەڵکوتا ژوورۆچکەی گوێچکەکانی.. حەپەسا.. هەڵوەستەیەکی کرد. لەبەر خۆیدا گوتی:

هەڵبەت ئەم قاسپەیە لە ڕادیۆ دێتە دەرەوە و لە گوێمان چەخماخە دەدات.

قاسپە قاسپەکە بەردەوام بوو، هەتا نزیکتریش دەکەوتەوە، زیاتر لە گوێیدا دەزرینگایەوە. خوێندنی کەوەکان لە یەک و دووانی نەدەکرد، لە چەشنی ئاوازی ڕەوەکەوە کێوییەکانی چیای قەندیل بوو.. وای بە باش زانی بەدەم خوێندنیانەوە بچێت... بەمجۆرە گەیشتە سەرەوەی بازاڕی قەیسەری و هەر لە دوورەوە ئاوەدانییەکی زۆری

لە چایخانەی قادر کەوباز بەدی کرد. هەڵبەت دەنگە دەنگەکە لەوێوە بوو. کە نزیک کەوتەوە، گومان لەوەدا نەما.. گەیشتە سەر کوڕ و کاڵی چایخانەکە و بە سەرسووڕمانەوە سەیریانی دەکرد... لە لایەک شەڕە کۆتر بوو، لە لایەکی دیکەیش شەڕە کەو بوو، گرەویان لەسەر دەکرد... سەیر لەوەدا، کەوی وەهای تێدابوو چاو تینی ڕوانینی نەدەما، لەبەر گەردنی پڕ خاڵ و دەنووکی هەناریدا، کاتێک دەبەزیی بە پارەیەکی کەم دەفرۆشرا و قێزی لێ دەکرایەوە.

هەندێک کەوی دیکەیشیان لەڕ و سیس و پیس، بەڵام وەک هەڵۆ هەڵیان دەکوتایە سەر و کەللەی کەوانی دیکەدا، لە شەڕە کەودا پەڕ و باڵیان وەکو پەڕەچی بە ئاسماندا دەخستن... ئەم جۆرەیان بە پارەیەکی زۆر دەڕفێندرا و خاوەنەکەشی پێی سەربەرز دەبوو و ناویشی پێ دەردەکرد.

(ئێستە کەویش قەیناکات، بەڵام کۆتر بۆ؟ کۆتر لای ئێمە بەشی منداڵانە، کەچی لێرەدا ئەویش بە چاوی کەو سەیری دەکرێت) لە سوچێکی چایخانەکەدا ئەفەندییەکی سمێڵ بابڕ، جووتە کۆترێکی تەقڵەبازی پێ بوو، وا پێدەچوو لە شەڕە کۆتردا لێزان بێت، بۆیە هەموو کەس نەیدەوێرا خۆی لێ نزیک بکاتەوە. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، کە شەڕە کۆتریشیان لەگەڵ نەدەکرد، بەڵام بە نرخێکی زۆر لێیان دەکڕی، خۆی لێ نزیک کردەوە و بە ئەسپایی چپاندییە بناگوێی:

– ئەم جووتە کۆترە تەقڵەبازەت فرۆشت. ئەی بۆ بەیانی چی دەهێنیتەوە؟

– کۆتری دیکەم لەماڵەوە هەن.

– ئەوانیش باشن؟

باشی و خراپی لە دەست خۆمە... چاک پەروەردەیان دەکەم، چۆن کۆتاییان نایەن؟

- هەتا جووتێک پەروەردە نەکەم، جووتێکیان نافرۆشم.. من خۆم لە بازاڕیان دەزانم و نانم لەسەریانە.

- چۆن؟

- هەرچەندە فەرمانبەرم، سەرەڕای ئەوەش مووچەکەم بەشم ناکات، بۆیە ئەمەم کردووەتە پیشەی سەر لە بەیانیانم.

- چۆن دوو کار دەکەیت؟

- ئێوارانیش زیاتر کەروێشک دەفرۆشم...

- ئەی جێگەت هەیە؟

- خانووەکەم کرێیە، ژوورێکیان خۆم تیایمە و ژوورەکەی دیکەیشیان ئەم جۆرە شتانەی تێدا پەروەردە دەکەم....

لەم قسانەدا بوون، بووە قاقای پێکەنین و فیکە و چەپڵەڕێزان... بە سەرسووڕمانەوە. ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی:

- چی بووە؟!

- لە ئەنجامدا کەوەکەی قادربازیش بەزی.

سەرەڕای ئەوەش دەبینیت، کەوی کەسیش نا، کەوە لەڕەکەی ئەو کەوی منی بەزاند و ئابڕووی منیشی برد... ئێستە گەیشتمە ئەو باوەڕەی، کە هەر کەوێک هاوکەوی خۆی ببەزێنێت، خۆشی هەر دەبەزێت.

ڕۆژ گەیشتە ناو چایخانەکە، ئەمانیش هەر بەم باسانەوە بوون هەڵسا و خواحافیزی لە قادر کەوباز کرد و بەرەو کەبابخانە کەوتەڕێ.

١٩٨٢

## قاپە قوڕ

چەند ڕۆژێک کەمی مابوو، بۆ تەواوکردنی تاقیکردنەوەی سەری ساڵ، نەیدەزانی بیر لە وانەکانی بکاتەوە یاخۆ کار دۆزینەوە... هەموو ڕۆژێک دەکەوتە ناو گێژاوی خەیاڵی هاوینەهەوارەکانەوە، تازە لە هەرەتی لاویدا بوو... کاوەی دراوسێیان فەرمانبەری هاوینەهەوارەکان بوو، بەڵێنی ئەوەی پێدابوو، ئەم هاوینە ئاگای لێ بێت و هەوڵ دەدات مووچەیەکی کاتی بۆ دابین بکات..

دوا تاقیکردنەوەش، بە وانەی مێژوو بە کۆتاهات... بە ڕوویێکی گەش و دڵێکی فرەوانەوە بۆ لای کاوەی هاوڕێی دەڕۆیشت، داوای نامەیەکی لێ کرد بۆ مەبەستی دامەزراندنی.. بەوە نەبوو کاوە فەرمانبەر بوو.. زۆر بە شان و باڵی خۆیدا هەڵگوتبوو، گوایە هاوینەهەواری سەری ڕەش لەژێر دەستی ئەودایە و بەڵێنیشی پێ دابوو، بۆیە نەیتوانی خۆی بێنێت و ببات... کەوتە ناو تۆڕەکەوە. جگەرەیەکی بەغدای خستە سەر لێوەکانی و تا تینی لەبەردابوو مژێکی قووڵی لێدا... چەند قومێکی لەسەر یەکیشی بە دوایەوە.. چاوەکانی بڕیبوونە گۆشەی ژوورەکەوە، وەکوو چاوی قرژاڵ، لەناو قۆزاخەکەیدا چەقی بوون، چاوی بڕیبووە دەمی کاوە و چاوەڕێی

چەند وشەیەک بوو...

بەرە بەرە جگەرەکە دەسووتا و سووتووەکەیشی دەکەوتە سەر مێزەکەوە، هەتا وایلێهات ئاگرەکە گەیشتە سەر قوونکەکە و کوژایەوە، بەڵام ئەو هەر لە شوێنی خۆیدا مابۆوە و نەیدەزانی چۆن خۆی ڕزگار بکات.

کاخەزێکی سپی ڕاکێشایە بەردەمی و دەستی کرد بە ڕازاندنەوە و نەقشکردنی...

لە خۆشیدا هەر هێندە بوو باڵی نەدەگرت و نەدەفڕی.... بیری دەکردەوە، کە دەبێت چی بۆ بنووسێت و چی پێ بڵێت... (واستە بۆ ڕۆژی وا نەبێت ئەی بۆ کەی دەبێت)... زۆری حەز دەکرد لە ناوەڕۆکی نووسینەکە ئامادەبێت، بۆیە کەوتە جڕت و فڕت و دڵی کەوتە لێدان و وەسوەسە (پێی بڵێم نەڵێم...) خۆی پێ نەگیرا و ئاخیری هەر گوتی:

- کاوە ئەم تەوڕاتە چی بوو هەر نەبڕایەوە؟

سەری هەڵبڕی و بە زەردەخەیەکەوە: خۆ هەروا بە ئاسانی پێی ناکەم، نابێت هەندێک دایشۆرم و بە شەق پێی بکەم؟!

- نا ئەمجارەش لەبەر من شتی خراپی بۆ مەنووسە.

- چۆن بۆی نانووسم... ئەو کە داوای شتێکم لێ دەکات، دوو هێندە جوێنم بۆ ڕەوانە دەکات....

- کەواتە حەقی خۆیەتی.... نامەکەی تەواو کرد و خستیە ناو زەرفێک و بە کەتیرە دایخست و دایە دەستی.

- ئەمە بۆ ئەندازیار ڕەحیم ببە و بیدەرێ... ئەگەر خۆشی لە ماڵ نەبوو، بیدە دەست ژنەکەی و چاوەڕێی وەڵامەکەی بکە.

ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان بوو... گیانی لەناو ئارەقە شەڵاڵ

بووبوو... نامەکەی خستە ناو تەنکەی باخەڵی و بە خێرایی خۆی گەیاندە ماڵەوە.... چاکەت و پانتۆڵە چارلستە نوێکەی دەرهێنا و کردیە بەری... مشتێ کۆلۆنی و گوڵاوی تیرۆسی پرژاندە سەر و ڕووی.... گوڵەباخێکی سووری لەناو گوڵدانەکە دەرهێنا و وەک قوتبەدین بە دەرزیلەیەک، لە یاخەی گیر کرد و ڕۆیشتە دەرەوە.... خۆی گەیاندە گەراج... ئۆتۆمبێلێک بۆ دوو نەفەر وێستا بوو... خۆی تێدل هاوێشت و پارەی دوو نەفەری دایێ و ئۆتۆمۆبیلەکە بەڕێکەوت.... هەرچەندە سەری ڕەش ڕێگەیەکەی دوور نەبوو، بەڵام ئەو هەر لەو کاتەی بە سەرکەوت، کەوتە ناو گێژەنی خەیاڵ و بیری کۆمەڵێک شتی دەکردەوە... (بە چاودێر دادەمەزرێم... پارەیەکی باشم پێ دەبڕێت و ئەم هاوینەش لەو سەیرانگە خۆشەدا ژیان بەسەر دەبەم... هاوینی پار کرێکار بووم و قوڕکاریم دەکرد.... لە چلەی هاویندا قاپە قوڕم بۆ وەستا عەلی بەسەر دەخست، بەڵام ئەم هاوینەیان دەبێت گوڵ لەسەر یاخەم بدەم و بخزێمە ناو جیهانی ئەوین....)). گەیشتە جێ.... خۆی گەیاندە ماڵی ڕەحیمی ئەندازیار، پەنجەی لەسەر زەنگەکە دانا و هەڵی گرت..... دەرگە کرایەوە... کچێکی شۆخ و شەنگ چاوەکانی ڕووناک کردەوە:

- ئێرە ماڵی ئەندازیار ڕەحیمە؟
- بەڵێ.
- ئەم نامەیەم بۆ هێناوە.

- خۆی دەشوات... نامەکەم بدەرێ و دوای نیو کاتژمێر بۆ وەڵامەکەی سەربدەوە.... دەشتوانی لەژێر سێبەری دارەکانی ئەو بەرامبەرەمان چاوەڕێ بیت.

بە خێرایی لەمسەری شەقامەکەوە، دەچووە ئەوسەرەکەی دیکەی،

هەر هەنگاوێکی کردبوو بە دووان و وەکو چارلی چاپلن قاچەکانی قۆشمەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد و بە درێژایی شەقامەکەی دەپێوا. لەگەڵ ئەمەشدا خێرا خێرا بیری دەکردەوە.. ئەو نیو کاتژمێرەی لێی بوو بە دوارۆژی تاقیکردنەوەی و هەر بە کۆتا نەدەهات... ناوە ناوەش ئاوڕێکی لەبەر دەرگەکەیان دەدایەوە و دەستی بۆ قژی دەبردەوە و ئاماژەی بۆ کچە شۆخەکە دەکرد و بە ڕوویدا پێدەکەنی.... ئەندازیار ڕەحیم هاتە دەرەوە، بانگی کرد... بە پەلە خۆی گەیاندە لای... بەڕێزەوە بەرەو هۆڵەکەی کشاند.... شەربەتێکی زەردیان لەبەر دانا... هەڵیگرت کە دایچۆڕێنێتە.. بەڵام ئەندازیار ڕەحیم پێی گوت:

- ئا بیرم کەوتەوە... ڕۆڵە مادامەکی تۆ ئەوەندە هەژاریت و هیچ خزم و کەسێک شک نابەیت و دایکت چاوی لە دەستی تۆیە و خوشک و براکانیشت هەروا، بۆ ئەم جلوبەرگە بە نرخەت کڕیوە.... ماشەڵڵا بۆن و بەرامیشت ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات... باشتر نەبوو ئەوەی لەوانەت خەرج دەکرد بە پاروویەک نانت بدابا و ژیانی خۆتان پێی دابین بکردبا، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەیشەوە ڕۆڵە خۆ تۆ منداڵ نیت، بۆچی شەرم دەکەیت.... چ پێویست بەم نووسینە دەکات، یەکێکی نەناس بۆمی بنووسێت و پێم ڕابگەیەنێت... کە تۆ بەم شێوەیە هەژار و بێ دەرامەت.... چەند ڕۆژێک پێش ئێستە بهاتای و باسی حاڵی خۆتت بۆ بکردمایە، ئەوا دامدەمەزراندی و مووچەیەکی باشیشم بۆت دەبڕییەوە، بەڵام ئێستە هیچ جێگەی پێویست شک نابەم، چونکە ژمارەیەکی زۆر قوتابیم دامەزراندوە،. هیوادارم دڵگیر نەبیت.

که ئەم ڕستانەی ڕەحیمی ئەندازیار، لەناو گوێچکەیدا چەخماخەیان

دا، وەکو بت و کۆتاڵی لێهات و لاڵ بوو، قورگی قورقوشمی تێکراو دەستی لەسەر ڕووی پەرداخی شەربەتەکە سڕ بوو، ڕووناکی گلێنەی چاوەکانی ئاوابوو، تارایەکی شەرم بەسەر ڕوویدا هەڵکشا... تەزوویەکی سارد بە لەشیدا هات، کچە شۆخەکە هاتە ژوور سەری و پێی گوت:

فەرموو شەربەتەکە بخۆوە هەتا گەرم نەبووە؟ ڕاچڵەکی.... دەتگوت لەسەر کورسی تاقیکردنەوەیە و قۆپیای لەدەست گیراوە، ئاوا سەری لێ شێوا.... تەنیا ئەوەندەی گوت:

- سوپاس، دڵم نایبات، ئەوەندەی گوت و ماڵئاوایی لێ کردن و چووە دەرەوە.. بڕیاری دا، کە بگەڕێتەوە و ئەم هاوینەش هەر بە قاپەقوڕ کێشانەوە بەرێتە سەر.

# شەوێک لە ئوتێلی کاسبدا

ماوەیەکی زۆر بوو، هاوڕێیەکەی بەجێهێشتبوو... هەموو ڕۆژێک یادی جارانی دەکردەوە، لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: بۆ خۆی لێی دا، جێگەی زۆر خۆشە، خۆ وەکوو من لە سوچی شارێکی دوور لە هەموو شتێک نەکەوتووە.... پایتەخت هەر ناوی گەورەیە، جا دەبێت خۆی چۆن بێت. ژیانی ئەوێ تایبەتە. بگرە مرۆڤەکانیشی وەکو ئێمە نین، خودان بیر و باوەڕ و زەوقێکی تایبەتن، هەڵبەت ئەو دیمەنانەی لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەوە دەیانبینین، بەشێکن لەو شوێنانەی مرۆڤ مێشکی پێیان دەحەسێتەوە... شاری یاری و دوورگەی ڕاشدیە و شتی دیکەیش... بڵێم چی... مەگەر ئەو هەر بە خۆی بزانێت، کە چەند خۆشن .... ماوەیەکی کەمیش نییە.. چوار ساڵ کەم نییە بۆ مرۆڤ بتوانێت لە بێکەسی و شوێنێکی وەهادا خۆی بەڕێوەبەرێت.. ئەگەر منیش لە بەغدا بوومایە، ئێستە لە نووسینگەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانەوە نزیک بووم و دۆستی بە نرخترین گەنجینەی ئەدەبی دەبووم.

.. ئای کە چەند خۆشە مرۆڤ لە جێگەی وەهادا بێت.

هەموو ڕۆژێک لە گەرمەی ئیشکردن و بیرکردنەوەیدا جڵەوی خەیاڵی ڕەها دەبوو، هەمان شریتی سینەمایی پایتەختی دەهاتەوە بەر ڕۆشنایی چاوەکانی.

بەیانییەک تازە سەرەتای دەوام بوو، لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، سەری خستبووە ناو لەپی دەستییەوە، بیری لە سەردانی هاوڕێکەی دەکردەوە .. لە ناکاو دەنگی دەرگەی ژوورەکەی هات و تەتەری فەرمانگەکەیان بە ژوورکەوت، نامەیەکی ئەستووری خستە سەر مێزەکەی.

زۆر دڵشاد بوو، پێش هەموو شتێک ڕوانییە نووسەری نامەکە .. بزەیەک هاتە سەر لێوەکانی.. هەر زوو دەستی خستەوە گیرفانی و دینارێکی دەرهێنا، خستیە ناو دەستی تەتەرەکەوە.

نامەکەی کردەوە ... وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە سەرەوەی کاخەزەکە بوو ... کراسێکی نیوقۆڵ! دیارە لەوێ مۆدێلە.. لەوانەیە لەوێ تازە سەرەتای پاییز بێت.... جا بۆ زستانی پایتەخت ئەوە نەخوازێت؟ هەموو شت دەبێت، کە گوتت پایتەخت دەبڕێتەوە. مرۆڤ ئەمجۆرە شوێنانە چارە بۆ هەموو شتێک دەدۆزنەوە، جا کراسی نیو قۆڵ لە زستانیشدا بۆیان دەبێتە قاپووت.

وازی لەم بیرانە هێنا... وێنەکەی خستە لایەکی مێزەکە و کەوتە خوێندنەوەی نامەکە:

(برای ئازیزم من زۆر بەختەوەر و دڵشادم بە ژیانی ئێستەم.. لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا دەژیم ... ئەمەش ناونیشانەکەمە -بەغدا- گۆڕەپانی مەیدان- ئوتێلی کاسب- هیوادارم، کە سەردانێکمان بکەیت، هەتا بتوانم تۆزێک خزمەتت بکەم. برات دیدار)...

کەوتە بیرکردنەوەی ئوتێلەکە ... ئوتێلی کاسب دەبێت چۆن ئوتێلێک بێت.... ئوتێلێک بێت و لە پایتەخت بێت، خوا دەزانێت کە چەند خۆشبێت .... لەوانەیە سیسەمەکانی خەوتنیشی بە کۆمپیوتەر ئیش بکەن و ئاودەستەکانیشیان بە زەخرەفەی جوان نەخشێندرا بن و سیمفۆنیای بتهۆڤن و سیزاریان لێبدرێت! بەڵام کاسب بۆ؟ دیارە مەبەستی تایبەتی خۆشیان لەم ناوە هەیە، هەر بۆیە بەمە ناویان ناوە.

زۆر بیری کردەوە، لە ئەنجامدا بڕیاری ئەوەی دا، کە سەردانێکی هاوڕێکەی بکات و نووسینێکیشی لەگەڵ خۆی بۆ بڵاوکردنەوە ببات.

هەرچۆنێک بێت ئەم ڕۆژەیانی بەڕێکرد و بەیانی زوو جانتا بچکۆلانەکەی هەڵگرت و بەرەو گەراج کەوتەڕێ.... شوفێری پاسێک بۆ تەنیا نەفەرێک چاوەڕێ بوو ... خۆی گەیاندێ و سەرکەوت....

پاسەکە کەوتە جووڵە... هەولێر لەبەر چاو ون بوو.... بەغدا ڕێگەکەی دوورە و هەر نەدەبڕایەوە،، بۆیە وای بە باش زانی چێشتە خەوێکی بۆ بکات. قەپەنگی چاوەکانی هێنا خوار و کەوتە باڵەفڕەی خولگەی خەیاڵە تەونە جاڵجاڵۆکییەکەی و قوڕوقەپی لێکرد هەتا گەیشتە جێ.

لە پاسەکە دابەزی... بەغدا هەر ناوەکەی بە خۆیەوەیە... تا چاو بڕ دەکات بازاڕی ڕازاوە و باڵاخانەی... تاکسییەکی ڕاگرت و داوای گەیاندنە ئوتێلی کاسبی لێکرد.. میلی کاتژمێرەکەی دەستی چارەکە چەرخەیەک سووڕایەوە.... دوای ئیستاپگرتنێکی کتوپڕ کاکی شوفێر پێی گوت:

- ئەوە ئوتێلی کاسبە، فەرموو دابەزە.

دوو دەرگەی گەورە، وەک دەرگەی خانەکەی کوێخا مەمەند.. گۆڕەپانێکی پاش و بەرینیشی بەناو زگیدا، کۆنە تەنەکە و بالیف و

دۆشەگی شڕ و وڕ، وەکو دیمەنی مەزاتخانەیان دەهێنا بەرچاو.

یەکەمین هەنگاوی بەرەو ژوورنا... کورسی و مێزێکی ژەنگاوی... پیاوێکی چاو کزی قەمبوور باوەشی پێداکردبوو، وا پێدەچوو باش کاتبی ئوتێلەکە بێت. بەبێ پرس چووە ژوور سەری و پێی گوت:

- ئەمەیە ئوتێلی کاسب؟

- بەڵێ.

- هیچ ئوتێلی دیکە بەم ناوە هەیە؟

- نەخێر، لە ئێمە زیاتر کەس مافی بەسەر ئەم ناوە نییە، هەر بۆیە یەکەمین ئوتێلە لە پایتەختدا ئەم ناوەی هەڵگرتبێت.

- دەمەوێت لێرە دابەزم.

- دوازدە پەنجایی دابنێ.... جێگەکەت لەم سالۆنەیە.

- کام سالۆن؟

- ئەم گۆڕەپانەی دەیبینی هەمووی هەر هەوە، کام جێت بە دڵ بوو لێی بخەوە.

- من هاوڕێی دیدارم.

کە ئەمەی گوت لەبەری هەڵستا، بەڕێزلێنانەوە داوای لێبووردنی لێکرد... دەفتەرێکی دڕاوی لەژێر تەختە شڕەکەی بەردەمی دەرهێنا و بە قەڵەم پاندانە نووک شکاوییەکەی، ناوی لە ژووری ژمارە دوو تۆمارکرد و پێی گوت؟

- چونکە هاوڕێی دیداری لەگەڵ ئەو لە یەک ژوور داتدەنێم.

ژووری ژمارە دوو لە نهۆمی سەرەوە بوو..کەوتبووە لای ئاودەستخانە و دەست شۆرێکەوە... هەر لەگەڵ کردنەوەی دەرگەکەدا، سێ مشک بە جارێک فرتەیان کردە دەرەوە.

- ئەمە چییە؟! بۆ نایانکوژن؟

- تەڵەشمان بۆ داناون، بەڵام بەلایانەوە ناچن.... جێگەی نەفەرمان لێ ناگرن، ئەگینا چارەمان دەکردن....

وای بەباش زانی ئەو ڕۆژەیان نەچێتە دەرەوە.... دەرگەی داخست.... لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشا، دەیڕوانییە هەر چوار گۆشەکانی ژوورەکە....

ژوورێکی بچووک.. دیوارەکانی لە هەموو لایەک قڵیشی گەورەیان تێدابوو، شوێنەواری ئاوی بارانیش بە دامێنی بۆیاخ و بنمیچەکەوە دیار بوو، جڕت و فرتی مشکان و جیڕەی تەختەی نووستنەکەشی تێکەڵ بەیەکدی بووبوون....

چاوی بڕییە ژێر تەختەکە... کۆمەڵێک جلوبەرگی هاوینی و چەند جووتە پێڵاوێکی بینی. کەوتە بیرکردنەوە: (ئەی جانتاکەی کوانێ... هەڵبەت ئەم پیاوە دەستخەڵەتی داوم... ئەمە لە جێگەی دیدار ناچێت... ئەمە سەکتەخانەیە و کونی مشکانە، خۆ جێگەی مرۆڤ نییە....).

لە گەرمەی خەیاڵ و بیرکردنەوەیدا بوو، لەپڕ دەرگەکە کەوتە سەر پشت و دیدار بە ژوور کەوت.... باوەشیان بە یەکدا کرد و تێروپڕ ڕووی یەکدییان بە ماچ ڕازاندەوە.

بە دوو قۆڵی دانیشتن... سەرگوزشتەی چەند ساڵەیان لەو شەوە درێژەی چلەی زستانەدا بەو ناوەدا وەرکرد.... میلی کاتژمێرەکەی دەستیان وەکو فڕفڕۆکەی منداڵان دەسووڕایەوە، ژمارەکانیش چاوشارکێیان لەگەڵ چاویان دەکرد... زۆری نەما بوو ڕۆژ هەڵبێتەوە.... گلێنەی چاوەکانیان وەکو ئاوی شێلوی بەستەکانی باداوا و کەسنەزانیان لێهات و نەرمە باوێشکیان دەهاتێ، هەتا لە پەلوپۆ کەوتن و توانی ئۆقرەگرتنیان نەما و داڕژانە سەر تەختە شڕەکە و مشکەکانیش کەوتنە پشتشێلان و کۆڵنج شکاندنەوەیان تاوەکوو

سپێدە.

بەیانی لە خەو ڕابوو، دیداری نەبینی. لەبەر خۆیەوە گوتی:

(بەم زەردەپەڕی بەیانییە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ نە کاتی نانخواردنە و نە دەوامی دائیرە!).

ئەو لەو بیرانەدا بوو، لەپڕ لەقەیەکیان لە دەرگەدا و دوو برینپێچ بە خۆیان و هەڵگرەوە بە ژوور کەوتن... چوار پەلیان گرت و خستیانە سەری و بەرەو خوار بەڕێیان کرد... هەرچەندی گوتی چییە... بۆ کوێ دەمبەن..بەڵام هیچ وەڵامیان نەدایەوە.. دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبی خەڵکیش ناو ئوتێلەکەی تەنیبۆوە... ئیسعافێکی سپی لەبەر دەرگە وێستابوو... خستیانە پشتەوی، لە دیمەنی پاسەکەی حاجی عوبێدی دەکرد... چەند نەفەری ئوتێلەکە هەبوون هەموویان لەناو ئەو ئیسعافەدا کۆکرابوونەوە،

گەیشتە نەخۆشخانە.... دوای پشکنینێکی ورد گوتیان:

- باش بوو لێت بە دوور بوو.

بەبێ ئەوەی هیچێکیان بزانن مەسەلە چییە.

- بۆ چی بووە؟

- پازدە کەس لە نەفەرەکانی ئەم ئوتێلە، دوێنی شەو بە نەخۆشی تاعون مردوونە... گومانمان لە ئێوەش بوو، بەڵام لە ئێوە بەدوور بوو.

دووبارە گەڕایەوە ئوتێل.... دەرگەی داخرابوو.... بە زنجیر و قفڵێک کلیل درابوو... چەند مۆرێکی وەزارەتی تەندروستیشی بە دامێن دەرگەکەوە بوو... گریان لە قوڕگی داما... فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ما... وای هاتە بیر دیداریش بە بەر مردووەکان کەوتبێت.

شەقامی ڕەشیدی گرتەبەر و بە نائومێدی و دڵساردی هەنگاو

هەنگاوی دەپێوا.. لە کۆڵانێکی تەنگەبەری نزیک ئوتێلەکەدا، خەڵکێکی زۆری بەدی کرد، بە سەریەکدا ڕژابوون... مەزاتی کەلوپەلیان دەکرد... وای بە باش زانی خۆی بگەیەنێتە ناویان و چەند کاتژمێرێک بەسەربەرێت. نزیک کەوتەوە.... هەر لە دوورەوە دیداری لەسەر بەرمیلێک بەدی کرد، جووتە پێڵاوێکی بەرزکردبووەوە و دەیگوت:

- مەزات... دوا نرخ یەک دینار.....

چاوەکانی هەڵگڵۆفت.. باوەڕی نەدەکرد دیدار بێت، بەڵام کە لێی نزیک کەوتەوە دڵنیابوو... حەپەسا....

- دیدار ئەوە تۆی؟!

- بەڵی ئارام بگرە، ئێستە دێمە خوارەوە.

- مەزات..... مەزات..... هەرزانمان کرد.... قازانجمان لێی ناوێ.. بەلاش... نیو دینار.....

- من دەمەوێت.

- شافل خێر.

بەم جۆرە هاتە خوارەوە.... دەستی گرت بەرەو چێشتخانەی مەیدان کەوتنەڕێ.

بە سەرسووڕمانەوە پێی گوت:

- دیدار تۆ لێرە ڕۆژنامەنووسی یان کۆنەفرۆشی؟!

- ڕۆژنامەنووس و کۆنە فرۆشم... لە کاتی بێ پارەیی و نەبوونیدا، ئەوەی هەمانە هەڕاجی دەکەین و پێی دەژین، کە گەیشتینە مووچەی سەری مانگ دووبارە دەیانکڕینەوە..... ئێستە ئەگەر ئەم کۆنە جلانە و جووتە قۆندەرەیە نەبوایە، خوا ئاگەدارە خاوەنی فلسێکی سوور نەدەبووم!

قسەکانی پێ بڕی...

- نازانی چی بووە؟!

- چی؟!

ورد و درشت بەسەرهاتی ئوتێلەکەی بۆ گێڕایەوە، دوایی پێی گوت:

- ئەی لەمەو دوا لە کوێ دەخەویت؟

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- زۆر جاری دیکەیش ئەمە ڕوویداوە، لەمەش پتر مردوون و وەکوو ئێستە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی دایخستووە، دوای ماوەیەکی دیارکراویش کراوەتەوە... ئاسانە ئەم چەند ڕۆژە هەر لە دائیرە دەخەوم و ئێشکگری فەرمانبەرەکانیش وەردەگرم.

- هەر بەمجۆرە دڵتان خۆشە، گوایە لە پایتەخت دەژین؟!

- دەوەڵڵا سێ بەشی دانیشتوانی ئێرە ئەمە حاڵیانە و پایتەخت کۆشک و تەلار و ئوتێلی شیراتۆن بۆ چەند کەسانێکی کەمە.

میلی کاتژمێرەکە گەیشتە سەر حەوت و نیو.. ڕووی تێکرد و گوتی:

- کاتی چوونە دائیرەم هاتووە، لەگەڵم بفەرموو تا بە برادەرانت بناسێنم و ئەو نووسینەی هێناویشتە بڵاوی بکەینەوە.

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- زۆر سوپاس، ئەوە ئەو نووسراوەیە، کە هێناومە.

دوای ئەوەی ماڵئاواییان لە یەکدی کرد ئەمیان بەرەو دائیرەکەی خۆی هەنگاوی نا، ئەویش بەرەو گەراج بەڕێکەوت.

١٩٨٣

تێبینی:

بیرۆکەی ئەم چیرۆکەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦.

# ڕاوە ماسی

لەگەڵ سپێدەی بەیاندا، تۆڕەکەیان دەخستە سەر شان و بەرەو کەناری ڕووبارەکە دەکەوتنەڕێ.

نیوەڕۆ بوو... ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان بوو... لەژێر سێبەری شەنگەبییەکە دانیشتبوون، تاشە بەردێکیان کردبووە نیشان و بەردیان تێی دەگرت... حەمە لاویش چاوی بڕیبووە تۆڕەکەی خۆی... لە خەیاڵی ماسی گەورەدا بوو.. ئەو ڕۆژەیان لە نوێ تۆڕەکەی لەم شوێنەدا خستبووە ئاوەوە، بۆیە هیوایەکی زۆری پێ هەبوو.

هەر لە کۆنەوە ئەو جێگەیە بە کونە ماسی ناوبانگی دەرکردبوو، گوایە مۆڵگەی ماسییە گەورەکانە.

ناوە ناوە تۆڕەکە دەلەرییەوە... زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوەکانی و لەبەر خۆیدا گوتی:

– ئەمە یەک.. دووان.. سێیان.... چوار ماسی گەورە! دیارە گەورەن، دەنا چۆن تۆڕەکەیان پێ دەلەرێتەوە......

ئەمجارە بێگومان مسۆگەرە، تۆڕی وا بە ماسی بچووک نالەرێتەوە.. بێگومان ماسی گەورەن و بە بەر لێشاوی ئەمجارە کەوتوون، خواردنی ماسی گەورەش خۆشە.... دەڵێن هی وا لەسەر تاشەبەردی داخکراوی ناو ئاگر سووردەکرێتەوە و زۆر بە لەزەت دەبێت.

لەناو بیرکردنەوە و خەیاڵی قوڵی ماسی گرتندا خنکابوو... هیچ ئاگای لە کوڕگەلی ئاواییەکە نەمابوو... لە ناکاو تەقەیەک هات و ئاوڕەحمان پڕ بە دەنگ هاواری کرد:

- لێمدا...... خستمە خوارەوە.... ئەوجا نیشانچییەکی بێ هاوتام.
- ئەی دەستەکانت خۆش، هەر لە خۆت دەوەشێتەوە.

زنجیرەی بیرکردنەوەی پچڕا.... ڕاچڵەکی هەروەکوو ئەویش لە نیشانێکی دابێت، وا خۆی هاتە بەرچاو....

سەری هەڵبڕی... ڕۆژ بەرەو ئاوابوون لار ببۆوە... تەنانەت سێبەری شەنگەبییەکیش کۆچی کردبوو، بەرەو ئاوەکە هەڵکشابوو... ئاوڕی لە هاوڕێکانی دایەوە و گوتی:

کوڕینە با تۆڕەکانمان دەربێنین، ماسییەکی زۆریان گرتووە. پەلەمان نییە، با ئەمشەویش هەر لە ناویدا بمێنێتەوە هەتا زۆرتری پێوە بێت. شەوانی درەنگ ماسییە گەورەکان دەخزێنە ناو لێوارەکان و بە تۆڕەکانەوە دەبن.

ئەو گوێی نەدانێ.. خۆی ڕووتکردەوەو چووە سەرپشتی چوپەکەی و بە باسکەمەلە بەرەو تۆڕەکەی ڕۆیشت.. دەستی کرد بە کۆکردنەوەی تۆڕەکەی... لە سەرەتادا هیچی پێوە نەبینی، بۆیە گوتی:

بێگومان ماسی گەورە لە کۆتایی تۆڕەکەدا پێوە دەبێت. زیاتری کۆکردەوە تاوەکووگەیشتە کۆتایی تۆڕەکە.... قرژاڵێکی چاو تەلیسماوی پێوە نووسابوو.

هەناسەیەکی ساردی هەڵمژی و دووبارە کەوتەوە وێزەی دانانەوەی تۆڕەکە و لەبەر خۆیدا گوتی: (نۆشی گیانم بێت.... زۆر پەلەم کرد، بۆیە نێچیری ئەمڕۆم لەجیاتی ماسی گەورە ئەو قرژاڵە چاو بەلە بوو، بەڵام با وابێت، ئەمجارە بەیانیش تۆڕەکەم دەرناهێنم هەتا کۆمەڵێک ماسی پێوە دەبێت.... بەڵێن بێت ئەو قرژاڵەش لێنەکەمەوە، چونکە دەستخەڵەتی دام).

١٩٨٠

# کەلاوە

تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو.... هەر لە ئێوارەوە بووبووە ئێشکگری بەیتونەکەیان چاوی بڕیبووە ماڵەکەی بەرامبەریان.... بڕیاری دابوو لە کاتژمێری دووی شەو بەیەک بگەن.... زەنگی کاتژمێری دیوەخانەکەیان کەوتە لێدان...... دووی تەواوی نواند. ویستی بە ئەسپایی بچێتە خوارەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی پێپلیکانەکەدا، قاچەکانی تێک ئالأن و خۆی لە قوتووی شەکرەکەدا و بەری داوە.... باوکی خۆی جووڵاندەوەو دووجار کۆکی...... هەندێک وێستا، دواتر بە ئەسپایی خۆی گەیاندە خوارێ و چووە دەرەوە. نەسرین لەبەر دەرگەی ماڵیان چاوەڕێی دەکرد.... دەستی یەکیان گرت، بە ئەسپایی کەوتنەڕێ...... دەمی خستە بنا گوێی و پێی گوت: دەچینە کەلاوەکەی دوێنێ شەو..زۆر باشە. ئەمشەوەیان لە دوێنێ شەو خۆشترە.. بۆ؟

- دوێنێ شەو یەکەمین جارمان بوو، بۆیە دەترسام کە لێمان ئاشکرا بێت، بەڵام ئەمجارەیان ترسم شکاوە و بە ئارەزووی خۆمان دەدوێین.

- ڕاست دەکەیت... منیش دوێنێ هەتا گەڕامەوەش هەر دڵم لەناو دەستم بوو.

گەیشتنە کەلاوەکە.... چوونە ژوورەوە
چوونە ئامێزی یەکدی.... بە نەسرینی گوت:
- ئەمشەوەیان چیم بۆ دەکەیتە دیاری؟
- چەند وشەیەکی خۆش.
- چی دیکەیش؟
- زەردەخەنەیەک.
- چی دیکە؟
- ماچێک.
- هەر زوو ئەمەت گوتبا و بڕایەوە.

باوەشی پێداکرد و دەمی لە لێوەکانی نزیک کردەوە، ویستی ماچی بکات، تەپەی شتێک هات....

هەستیان ڕاگرت... تەپە تەپەکە نزیکتر بۆوە.... دڵیان ڕاچڵەکی.... نەسرین زیاتر خۆی خزاندە باوەشی و ترس خزایە گیانی، بە ئەسپایی پێی گوت:

- چیم لێ دەکەی... بێگومان ئەمە باوکمە و بە دوواماندا هاتووە....
- چۆن دەزانیت؟
- کە لە سەربان هاتمە خوارەوە، گوێم لە دەنگی کۆخەی بوو.
- کێ دەڵێت باوکتە؟
- دڵم وا دەڵێت..... زۆر شەو وابووە، لە ئێستەش درەنگتر باوکم هەڵساوە و دایکمی بە ئاگاهێناوە بۆ چۆڕێ ئاو بۆ پاکەتە جگەرەکەی..
- ئەگەر باوکی تۆ نەبێت، هەڵبەت هی منە. باوکی منیش هەندێک خۆی هێنا و برد، لەوە دەچوو بە ئاگا بێت......

زیاتر ترسیان لێ نیشت...... سەرتاپای لەشیان کەوتبووە

لەرزین.... تەپە تەپەکە تا دەهات نزیکتر دەکەوتەوە....... گەیشتە ناو حەوشەی کەلاوەکە....

خۆیان لکاندەیەک. ڕووی کردە نەسرین و پێی گوت:

- خوا دەزانێت هەر ئێستە دەمانکوژێت و ئابڕووی هەزار ساڵمان دەچێت.... باشە چی بکەین؟

چوزانم، مەگەر خۆمان بخەینە سەر قاچەکانی و داوای لێبووردنی لێ بکەین.

- قسەکەت زۆر جوانە. لەوە زیاتر هیچ دەسەڵاتمان نییە.

لەم قسانە بوون.... تەپە تەپەکە هەنگاوی بەرەو لایان هێنا... هات.. هات.. گەیشتە پشتەوەین. لە ترسان خۆیان لەگەڵ دیواری کەلاوەکە جووت کردبوو.... تەقەی شتێک هات و تەپەکە دەنگی بڕایەوە. نەسرین خۆی پێ نەگیرا..

پڕ بە دەنگ هاواری کرد بابە گیان چیم لێ دەکەی بیکە..... گیانم لەژێر دەستت دایە.

- بابە گیان بمکوژە دەستەکانت خۆش بێت..... سوچی خۆم بوو، بۆیە دووچاری ئەو شەوەزەنگە بووم.......

قسەکانی تەواو نەکردبوو، زەڕەزەڕی گوێدرێژێک لە پشتیان بەرزبۆوە. کە عەلەتریکە بچکۆلانەکەی پێکرد، سەرو کەللەی گوێدرێژێک لە پشتەوە بەدەرکەوت.

١٩٨٢

# دۆزینەوە

تازە لەسەر خوانی نانخوادنەکە دانیشتبوون..... زەنگ لێدرا ویستی خۆی لێ گێل بکات و بەردەوام بێت لە نانخواردنیدا... ئەمجارەیان زەنگێکی درێژتر لێدراو نەبڕایەوە.... وا پێدەچوو شتێک ڕوویدا بێت، ئەگینا بۆ؟.... هەڵسایە سەر پێ و دەرگەکەی کردەوە... بەبێ چاکی و چۆنی بە ژوورکەوت و بە توندییەوە گوتی:

- زووکە خۆت ئامادە بکە، با بڕۆین!

- بۆ کوێ؟

- بۆ نەخۆشخانە.

- بۆ، خێرە؟ خوا نەخواستە هیچ ڕوویداوە؟

- ناکا نەتزانیبێت!

- بۆ چی ڕوویداوە؟!

- باوکت لە نەخۆشخانە خەوتووە.

- بۆ باوکم چییەتی... ئەی بۆ نەمزانیوە؟!

- دەڵێن پاڵەپەستۆی خوێنی بەرزبووەتەوە و تەندروستی لە مەترسیدایە.

بە پەلە خۆی گۆڕی... زۆر دوودڵیش بوو، لە گەڵیدا بچێت. سواری ترومبێلەکە بوون و بەرەو نەخۆشخانە کەوتنە ڕێ.

ڕەنگی دەموچاوی سورهەڵگەڕابوو... دڵی کەوتبووە تەپەتەپ... بیری ئەوەی دەکردەوە (کە نزیکەی ساڵێکە قسەی لەگەڵ باوکیدا نییە و بچێتە لاشی لەوانەیە هەر لە دوورەوە چەنگە تفێکی بۆ ڕەوان بکات

و لەپێش چاوی نەخۆشەکانی قاوشەکە چاوی بشکێنێت و ئابڕووی ببات...) باوکی زۆر توندوتیژ بوو لەگەڵیدا.... هەر لە منداڵییەوە تاوەکوو ئەو ڕۆژەی ژنی هێنا، نانێکی بەبێ شەقی نەخواردبوو...... هەموو جارێک لەسەر تەنیا قسەیەکی کەم هەڵی دەکوتایە سەری و دارکارییەکی باشی دەکرد، یان بە بیانووی قسەیەکی بچووک دەری دەکردە دەرەوە و تفی بە ڕوویدا دەکرد.... ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەم نهێنییەی لە لای هیچ لە هاوڕێکانی نەدرکاندبوو، زۆر شەرمی لەوە دەکرد، ئەگەر بێت و لە کتوپڕیدا هەڵبکوتێتە سەری و جوێنی پێ بدات.... بۆیە بڕیاری دا، کە ئەم نهێنییە بدرکێنێت و پێی بڵێت.

گەیشتینە بەر دەرگەی نەخۆشخانە.. خۆی خستە دواوە... هاوڕێکەی قۆڵی گرت و پێی گوت:

- فەرمووو پێشکەوە.
- تۆ بڕۆ من لێرە دەبم.
- چۆن!! ناتەوێ باوکت ببینیت؟
- دەمەوێت بیبینم، بەڵام......
- بەڵام چی؟
- بەڵام من ماوەیەکە قسەم لەگەڵیدا نییە....
- چۆن! ئەوە بەڕاستی دەڵێی؟

- بەڵێ، باوکم زۆر دڵڕەق و بێ ویژدانە، هەموو جارێک بە چەکوش هەڵیدەکوتا سەرمان و دارکاری دەکردین، بۆیە ئەوە ماوەی ساڵێک دەبێت قسەم لەگەڵدا ناکات و نەفرەتی لێ کردووم... ئێستەش لە خۆم ڕانابینم بچمە ژوور سەری...... لەوانەیە دارکاریم بکات و ئابڕووم بەرێت لەبەر چاوی نەخۆشەکان.

- نابێت. با دوو شەقیشت لێ بدات و دوو قسەشت پێ بڵێت، خۆ هیچ لە نرخت کەم نابێتەوە.

بڕیاری دا، کە بچێتە ژوورەوە و دەستەکانی ماچ بکات و داوای لێبووردنی لێ بکات.

چوونە ژوورەوە، هەر لەبەر دەرگەوە پرسیان:

- نەخۆشێکمان هەیە ناوی ئەسعەدە، ئایا لێرەیە؟

- بەڵێ، ئەو ئاپۆڕەیەی دەیبینیت خۆیەتی و تەندروستی زۆر خراپە.

کە ئەمەی گوێ لێ بوو، فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس ما.... بەزەیی بە حاڵی باوکی هاتەوە..... بە ڕاکردن چوونە ژوور سەری..... باوکی ئەو نەبوو ئامۆزای هاوڕێکەی بوو....... ئەمیش ناوی ئەسعەد بوو.... سەری سووڕما.. ڕووی تێکرد و بە سەرسامییەوە پێی گوت:

- ئەی بۆ گوتت باوکتە؟

- گوتیان ئەسعەد لە نەخۆشخانەیە، منیش لێیانم دووبارە نەکردەوە، گومانم لە باوکم بوو، چونکە باوکت پاڵەپەستۆی خوێنی هەردەم هەبوو بۆیە پێم گوتن.

ئەوجا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- ئێ..... ئێ..... بڵێ تۆش نەتزانی بوو، ئەسعەدی ئامۆزاتە و باوکی من نییە؟ ڕووی کردە ئەسعەد و پێی گوت:

- هیچ ئێشت نییە، ئێستە دەچمە بازاڕ و هەواڵ بۆ برا و خێزانەکەت دەنێرم. خێری پێوە بوو، ئێمە بۆ کێ هاتین و کێمان دۆزییەوە.

١٩٨٢

# شەوێک لە ژیانمدا

هەر لەو ڕۆژەی چاوەکانم هەڵهێنا بوو، تام و چێژی ژیان تێکەڵ بە دەروونم بووبوو، دایک و باوکم ناکۆکیان بوو.

بۆڵە بۆڵ و پندە پندی باوکم و ناڵە ناڵ و سەر ئێشە و دڵ ئێشەی دایکیشم وایان لە ئێمە کردبوو، کە نەزانین خەندەی سەر لێوان چییە، لە گریە و بێ دەنگی و دامان و خەمناکی زیاتر.

ساڵی دوو جار چاوەڕوانی جەژنمان دەکرد، تیایدا لە واتای خۆشی بگەین، کەچی ئەم دووجارەشیان هەر هیچ نەبایە لەسەر ڕازاندنەوەی ئێمە لە تاریک و ڕوونی یەکەمین ڕۆژی جەژندا، دەبووە ناکۆکیان و هەر یەکەی ڕوویان بۆ لایەک وەردەچەرخاند، ئێمەش وەکوو منداڵە هەتیو بەبێ ناز دەماینەوە و ئاگامان لە جەژن نەدەما، چاومان دەبڕییە ڕووی گرژ و تاڵی باوکمان و کز و ماتی و خەمگینی دایکمان......

خۆ هەر کاتێکیش دەمەقاڵیان ببایە، لە هەفتەیەک کەمتری نەدەخایاند، بۆ چاکبوونەوەیان..... ئەمەشیان قەیناکات، بەڵام چاکبوونەوەشیان لە ڕۆژێک و دووانی پتر دەخایاند.

بەمجۆرە ساڵ دەهات و دەڕۆیشت، تاوەکوو گەورەش بووین نەمانزانی ماڵی بەبێ خەم چییە! وایلێهاتبوو خەم بووبووە ژەمێکی

سەرەکیمان، هەر ئەوەندە بوو ناومان (خەمە) نەبوو.

تاوەکوو منداڵ بووم هیچ لێم نەدەگیرا.. خۆ ئەگەر خۆم بخستایە باوەشی دایکم و لایم بگرتایە، باوکم هیچی پێ نەدەگوتم، تەنیا چوار پەلی دەگرتم و فڕێی دەدامە سەر سوچێکی دۆشەکەکە، دواتریش دەکەوتەوە وێزەی دایکم و دارکاری دەکرد.. جاروباریش کە دەیزانی ئەوی بە دەستەوە نەماوە، دەکەوتە لاواندنەوەی ئێمە و نازی دەکێشاین.

کە گەورەبووم ئەو ڕۆژگارانە بەسەرچوون، منیش کەوتمە ناو هەمان لیستی دایکم و گیانی بەزەیی پێم نەدەهاتەوە، بۆ تەنیا قسەیەک و ناوبژیکردنێک دەبایە دەربکرێمە دەرەوە و ئاوارەی ئەو دەشتانە بم.

وەرزی هاوین بوو.. تاک و تەرا خەڵکی بە سەربانەکانیان دەکەوتن.. لە بازاڕ گەڕامەوە.. یەکەمین هەنگاوم نایە ژوورەوە.. تاوەکوو هێز لە ئەژنۆی دابوو پێلەقەیەکی لێدام! ویستم ئاوڕ بدەمەوە و بزانم کێیە، ئەمجارەشیان بە دەستە قورسەکەی مشتەکۆڵەیەکی سەرەواندە لا ڕوومەتێکم و وەک نامەی پۆستەخانە مۆرێکی مزری بەسەرەوە چەسپاند.. بواری نەدام هیچ بڵێم.... دەرگەکەی لەسەر ڕووم داخست.

کەوتمە بیرکردنەوە:

(بەو شەوە بچم بۆ کوێ؟ ئەگەر ڕوو بکەمە ماڵی خزم و ناسیاوان، هەر زوو دەمهێننەوە و دەست دەکەن بە قسەی قەڵەو.. باوکی خۆتە.. سەر گەورەیە.. سەری بچووک هەر ملکەچە و زۆر شتی دیکەیش....! نەخێر ناچمە لایان).

ماڵمان دوورە ئاوایی بوو، ئەوسەری ئاوایی لە دەغڵودان پتر

هیچی دیکەی لێ نەبوو.... وام بە باش زانی ڕووی تێ بکەم. ڕۆیشتم و بەدەم هەنگاونانیشەوە، وردە وردە شیعرم بۆ حاڵی خۆم دەچنی.... خۆشم هەر مەیلی نیگارکێشان و شیعرم هەبوو..... لە شەوی وەهاشدا ئەوەی شاعیریش نەبێت دەبێتە شاعیر و هەستی دەبزوێت......

هەتا ماڵمان لە ڕۆشنایی چاو بزربوو، هەر ڕۆیشتم ئەوسا هەندێک چاوم بە دەوروبەرمدا گێڕا، لە خاک و ئاسمان زیاتر هیچی دیکەم بەدی نەکرد.

لە سەرەتادا، نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام هیچ چارم نەبوو، بۆیە خۆم بە زەوی دا، چاوەکانم بڕینە ئاسمان.

ئاسمانێکی بێ سەر و ژێر... شەوێکی سامناک.... ئەستێران وەکو زنجیر پێکەوە لکابوون و لە خولگەیەکدا کۆبووبوونەوە..... ئەستێرەی کاکێشانیان پێ دەڵێن.... هەندێکی دیکەیشیان لە سوچێکی دیکەی ئاسمان، هەڵبەت ئەمانیش ناوێکی دیکەیان لێ نراوە...... یەکێکی دیکەیشیان بە خێرایی بە نێوانی زۆرینەی ئەستێراندا تێدەپەڕی، ئەمیشیان (عەشتار)ە، جا بۆ ئاوارە نەبێت! ئاوارەیە، بەڵام (ئێمە مانان) ناومان گۆڕیوە و ئاگاکان لە حاڵی نییە.... ئەگینا کێ بەم بەشەی ڕازییە، کە لانەیەکی نەبێت! لەم بیرکردنانەدا بووم، لەپڕ لوورەی کەمتیار و حەپە حەپی سەگان هاتنە گوێم، خۆم وەرچەرخاند و هەستم ڕاگرت... تا دەهات زیاتر دەنگەکان نزیک دەبوونەوە....

(دیارە هەر من ئاوارەی ئەم دەشتانە نەبوومە... هاوڕێم زۆرن!) هەرچەندە زۆریشم خەو دەهات، بەڵام ترس خۆی لێم مەڵاس دابوو، ماوەی نەدام پێڵوەکانم بخەمە سەر یەک... شەوێکی سەخت و

ناهەموار بوو.... تا دەهات شەویش لەبەر چاوم درێژ دەبوووە و بە کۆتا نەدەهات.....

(ڕەنگ بێت لە شەوێکی وادا، بتوانم قەڵایەک لە شیعر ناسک بچنم، بەڵام چۆن؟

نە خەو لێ دەگەڕێت هەستم دەرببڕم، نە ترسیش لێ دەگەڕێت چاوەکانم گەرم بکەم..... بڕیارم دا، کە بەسەر لایەنێکیان زاڵ ببم.

خەو زەفەری پێ نابردرێت، بەڵام ترس ئاسانترە، بۆیە بە قینەوە چاوەکانم نوقاند.

هەندێک چاوەکانم گەرم کرد.. هەموو شتێکم لەبیر چوووە.. هەر وامزانی لەسەر دۆشەکی ئیسفەنج خەوتوومە، بۆیە خەویشم بە پڵاوەوە دیت......

لە ناکاو هەموو ئازگاری لەش کوترایەوە، وامزانی کەوتوومەتە ناو چاڵێکی پڕ لە دڕکوداڵەوە.. لە خەو ڕاپەڕیم و دەستم بۆ لەشم بردەوە..... یەک پارچە مێروو بوو، وەکو زەردەواڵە پێمەوە نووسابوون.

(ئەمانە چیان لێم دەوێت؟ بۆ وەربوونەتە سەر جەستەم...... دیارە بە لاشەی بێ گیانم تێ دەگەن! دەیانەوێت دابەشم بکەن......یاخۆ ئەوانیش وەکو من ئاوارەن و دەیانەوێت شارە مێرووم لەسەر چێ بکەن، بەڵام نازانن کە منیش ئاوارەیەکم وەکو ئەوان، ئەگینا بەزەییان بە حاڵم دەهاتەوە!

ناچار بووم بکەومە کوشتن و فڕێدانیان، ژمارەیان بەدەربوو، بۆیە هیچ چارەم نەما، خۆم ڕووت کردەوە و جلەکانم لە خۆم دوورخستەوە، بەڵام زیاتر لە جاران دەورەیاندام. دەستم گێڕا و لە خۆم و زەوی وردبوومەوە، بۆ دۆزینەوەی سەرقافڵە و دواقافڵەی

کاروانیان، بینیم شارەکەیان لەژێرمدا شێوا بوو...... ئەو کات هەناسەیەکی ساردم هەڵمژی و گوتم:

(حەقیانە من جێی ئەوانم داگیر کردووە و خۆم پێیانەوە شۆڕکردووەتەوە....!)

بەم شەوە درەنگە، خەڵکی لەسەر گازی پشت لێی خەوتوون و خەون بە خۆشی و کامەرانی دەبینن، منیش خەریکی خۆداماڵینم لە مێرووودا.... زۆر بەزەییم بە حاڵی خۆم دەهاتەوە...... هەندێکی دیکە دوورکەوتمەوە و دووبارە لێی ڕاکشام.... ویستم چاوەکانم بخەمە سەر یەک، ئەمجارەیان کەڵەشێرەکانی گوندی باداوان دەستیان پێکرد و فەرامۆشییەک گەیشتە دڵم و لە خۆشیان خەوەکەم ڕەوییەوە و کەوتمە ژماردنەوەی ئەستێران.. بەرە بەرە تاریکی کزبوو، ئەستێرانیش وردە وردە لەبەرچاو بزربوون و شینایی ئاسمان بە تەواوی بە دیارکەوت، لەگەڵ هەنگاونانی ئەستێرەکان منیش کەوتمە هەنگاونان بەرەو قوتابخانە، بەڵام چۆن چوونە قوتابخانەیەک...

بە بێ پەڕتووک و پێنووس و تێنووس!!

زەنگی قوتابخانە لێ درا........ بیرم لە بیانوویێک دەکردەوە:

((ئەگەر مامۆستا هەڵی ستاندم دەڵێم، لەناو پاسدا لێم بەجێما، ئەویش بڕوا دەکات و ئەم ڕۆژەی پێ بەسەر دەبەم).

مامۆستا هاتە ژوورەوە و یەکسەر هاتە ژوور سەرم:

(بەخوا لێم قەوما! نەهامەتییە، بۆیە هاتە لای من!) ڕووی تێ کردم و پێی گوتم:

- هەڵسە بچۆ یانەی مامۆستایان، میهرەجانی شیعریشمان هەیە، تۆمان ب ەناوی ئەم قوتابخانەیە هەڵبژاردووە؟

هەناسەیەکی شادیم هەڵمژی و بزەیەک هاتە سەر لێوەکانم،

بەوپەڕی بەختەوەرییەوە چوومە دەرەوە.

میهرەجان دەستی پێ کرد. شاعیران شیعریان خوێندەوە، تاوەکوو گەیشتە ناوی من.

چوومە سەر شانۆ و شیعرێکم بە ناوی (هەر من ئاوارەم) پێشکێش کرد، یادگارییەکانی ئەو شەوەم سەخت و سامناکەم، تیایدا خستەڕوو، لە کۆتاییدا بە سەرکەوتوویی لە قەڵەم درا و خەڵاتی میهرەجانەکەم پێ بەخشرا، میهرەجانەکە بە شیعرەکەی من بە کۆتاهات.

هەر لە هاتنە خوارەوەم و تاوەکوو چوونە دەرەوەشم لە هۆڵەکە بە چەپڵە لێدان و پیرۆزبایی بەڕێ کرام، بەڵام کە گەیشتمە دەرەوە، هەر کەس بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت و من بە تەنیا مامەوە، نەمدەزانی بۆ کوێ بڕۆم، ئەو کات هەناسەیەکی ساردم هەڵمژی و دەستەکانم خستە سەر چۆکم و لێی دانیشتم.

-١٩٧٧-

# لەم شارەدا زیندوو نانی مردوو دەخوات

ماوەیەکی زۆر بوو، بە دەست ئێش و ئازاری ددانە کاکیلە کلۆرەکەیەوە دەتلایەوە.. مام ئۆمەر و کوێخاش زۆر بەسەر شان و باڵی دکتۆرانی شاریان هەڵ دا..ناچاریان کرد بچێت بەدەم هەواڵی نەخۆشخانە گەورەکەی شارەوە......

چەند ڕیزە دوکانێکی دارتاشی و چایخانەیەکی خنجیلانە بەسەر شەقامێکدا درێژبووبوونەوە... منداڵێکی هەرزەکار ستڵێکی لەسەر شۆستەی شەقامەکە دانابوو، ئاوی ساردی دەفرۆشت. زۆری تینوو بوو... وای بە چاک زانی، جامێک ئاوی سارد بخواتەوە، چووە لای منداڵەکە و پێی گوت:

- بچکۆڵ جامێک ئاوم بدەریٚ؟

- فەرموو.

- خێرێکی گەورەیە.... خوا قبووڵی بکات... بچکۆڵ گیان بە چ بۆنەیەکەوەیە؟

- بەبیٚ بۆنەیە...... دەکاتە ٢٥ فلس.

- بۆ لێرە ئاویش بە پارەیە؟

- خۆ زەکاتیش نییە!

پارەکەی دایە و لێی پرسی:

- نەخۆشخانەی گەورە لە کوێیە؟

- لە سەرەوەی ئەم کۆلانەیە.

- زۆر چاکە، ڕۆژیش بە بەرییەوە ماوە.... ماوەی گەڕانەوەشم دەبێت، پێش ئەوەی بگاتە نەخۆشخانە، چایخانەیەکی بەدی کرد.. زۆری برسی بوو.. لای دایە ژووریّ و لە سوچێکی دانیشت.... لە بەرامبەر چایخانەکەدا، چەند دوکانێکی دارتاشی هەبوون..... دار جەنازە و سندوقی مردووانیان دروست کردبوون. بە بینینی ئەم دیمەنە سەری سوڕما.....! ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشابوو، جۆراوجۆری سندوقەکان، چونکە هەموو سندوقەکان لە یەک نەدەچوون.. هەندێکیان لە تەختە و پارچەداری ئاسایی سندوقی سێو و پرتەقاڵ دروست کرابوون، هەندێکی دیکەیان لە داری ساج و جاو دروست کرابوون........ سەرەڕای ئەوانەش بە زۆری جۆری نیگاری جوان هەڵکەندرابوون و بە خەتی جوان ئایەتەکانی قورئانیان لەسەر نووسرابوو......

لەبەردەم خۆیدا گوتی: (ئەمانەش قەیناکات، بەڵام تۆ بڵێی هیچیان لەم کارەیاندا دەست بکەوێت!).

لەم بیرکردنەوەیەدا بوو، کابرای چایەچی هاتە ژوور سەری و گوتی:

- چی دەخۆیت؟

- چایەکم بۆ بێنە و دوایش نەفەرێک کەباب.

پێش ئەوەی بڕوات بە هەلی زانی چەند پرسیارێکی ئاڕاستە بکات، بۆیە سەری لیّ بردە پێشیّ و پێی گوت:

- ئەم دارتاشە چۆن ڕسق و ڕۆزیان دەست دەکەوێت؟

دای لە قاقای پێکەنین و هەر نەیبڕاندەوە.. لەگەڵ ئەویش نەفەرەکانی ژێر و ژووری چایخانەکە لە پێکەنین دا.....

- پیکەنینی بۆ چییە؟ هیچ قسەی خراپم کردووە؟

- نەخێر، تۆ ڕاست دەڵێی، دیارە شتی وات نەدیتوە، ئەوانە نانی مردووان دەخۆن!

ئەو جارەیان ئەو پێکەنینی هات.

- چۆن وایە! یان بە گاڵتە وا دەڵێی، مرۆڤ کە مرد نانیشی دەبڕێت.

- ڕاستە نانی دەبڕێت، چونکە نانەکەیان دەبێتە بەشی ئەو دارتاشە مل ئەستوورانە و سەتانی دیکە.

ویستی زیاتر پرسیار بکات و تێ بگات، بەڵام پێش ئەوەی دووپاتی بکاتەوە، یەکێک لە تەنیشتی بوو سەری هێنا بنا گوێی و بە ئەسپایی پێی گوت:

- ئەو دوو زەلامە دەبینیت؟

- بەڵێ دەیانبینم.

- دەبینیت چۆن لاڵبوونە و لێت مۆڕبوونەتەوە؟

- بۆ، چی خراپم پێیان گوتووە؟

- نەخێر، بەڵام نایانەوێت ئەوەندە لەم مەسەلەیە بکۆڵیتەوە.

- بۆ ئەمانیش دارتاشن؟

- لە دارتاشەکان خراپترن! دەزانیت چۆن؟

زیاتر سەری لێ نزیک کردەوە و پێی گوت:

- ئەمانە گۆڕ هەڵکەنن.. گۆڕ بۆ مردووان هەڵدەکەنن و بە کەرپووچ و بەردیش هەڵی دەچنن...... ئەگەر ڕۆژێک یەکێک نەمرێت نانیان دەست ناکەوێت.. کرێکاران لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیاندا

دەچنە مەیدان و لەگەڵ زەردەپەڕیش بەجێی دەهێڵن، جا کاریان دەستبکەوێت یان نەکەوێت، بەڵام ئەمانە لە بەیانییەوە تاوەکوو ڕۆژئاوا، چاویان دەبڕنە دەرگەی ئەم نەخۆشخانەیە و نزای مردنی کەسێک دەکەن.. بە تەواوی لە دەرگەی نەخۆشخانە نایهێنێتە دەرەوە، بە جووتە دەچنە پێشوازی خاوەنەکەی و دەڵێن:

(گۆڕ هەڵچنتان ناوێت)..

جا برا گیان زۆر کەس نانی مردووان دەخۆن، بەڵام هەر ناوی ئەوانە بەد بووە!

لەم قسانەدا بوون، غەڵبە غەڵبێک لەبەر دەرگەی نەخۆشخانە پەیدا بوو، لەگەڵ دەنگی ناڵە و گرین و شین و واوەیلای ژنان. گۆڕهەڵچنەکان زەردەخەنەیەکیان هاتێ و چوونە دەرێ.. زۆر سەرسام بوو بەم دیمەنە.. ڕووی کردە کابرای تەنیشتی و پێی گوت:

– دیارە نەخۆشخانە زەکات و سەرفترە لە نەخۆشەکانی دەردەکات، بۆیە ئەم هەموو دارتاش و کرێکارە مردووخۆرانەی لە دەوردا کۆبوونەتەوە و چاویان بڕیوەتە میهرەبانی دکتۆرەکان.

تۆ بڵێی منیش بۆ ددان کێشانەکەم بچم و نەمخەنە ناو توورەگەیەکی خامی دوو دینارەوە؟!

١٩٨٣

# کەر ئاژۆ

دوای چەندان ساڵ خزمەتگوزاری، لە هیچ و خۆڕایی دەستیان لە فەرمان کێشایەوە.. زۆر سووی لە ڕەنجی بابردووی خۆی دەبووەوە، دەرگە نەما ڕووی تێنەکات.. کەس وەڵامی نەدەدایەوە، پرتە پرت و بۆڵە بۆڵ و قسە لەبەر خۆکردنیش هیچ داد نادات.

ڕۆژێک لەم خەیاڵانەدا بوو، لە بیری خۆیدا وتی (دیارە وەڵات بێ خودانە، بۆیە کەسێک نییە لە هەواڵم بپرسێت، بۆ هەر کوێ دەچم، وەڵامم بداتەوە، باشتر وایە منیش وەک ئەو خەڵکە خۆم خەمێکی خۆم بخۆم)، چووە مەیدانی کرێکاران و دەستەیەک کرێکاری بێکاری مل ئەستووری لە دەوری خۆی کۆکردەوە و پێی وتن (چی دەڵێن لەجیاتی خشت گواستنەوە، لەمڕۆوە لای خۆم لە ئۆفیسی فەنتازی بە چاودێری پاکوخاوێنی داتانبمەزرێنم).

کرێکارەکان لە دەست بێ ئیشی بێزار بوون، بۆیە بێ دوودڵی، ڕەزامەندی خۆیان بۆ ئەو کارە نواند. کرێکارەکانی بە دوای خۆی دا، هەر لەسەر ڕێگەی دەستەیەک کەر ئاژۆی بۆ کڕین و یەکێک دانەیەکی دانێ و هەندێک ڕاوێژی بۆ کردن و لەبارەی کارەکانیان پێی گوتن: (هەر لە ئێستەوە، لەناو شاردا پەرتەی لێ دەکەن. کاری ئێوە چاودێریکردنی پاکوخاوێنی شارە، هەر کەسێک هەر چ کارە بێت ئەگەر بینیتان شتێکی فڕێ دایە سەر شۆستە و شەقامەکان یان بە

هەر هۆیەک لە هۆیەکانەوە، بووە هۆی پیسکردنی شار، ئەم کەرئاژۆیەی لە ورگ ڕابکەن، دوو ڕوپیەی سزا بدەن. ئەگەر هەر نەی دا قۆڵبەستی بکەن و بەرەو ئۆفیسی فەنتازی بۆ لای منی بهێنن، تاوەکوو بە سزای دادپەروەرانەی خۆی بگەیێنن) دوای ئەوەی ناونیشانی ئۆفیسەکەی خۆی بۆ هەڵدان و جێیهێشتن، هەر لەسەر ڕێی خۆیدا، چووە لای خۆشنووسێک و تابلۆیەکی گەورەی بە ناونیشانی ئۆفیسی فەنتازی بەڕادان دا.

کرێکارەکانیش وەکو زەردەواڵە، وەربوونە وێزەی ئەو خەڵکە، ئەوەی تویکڵە گوڵەبەڕۆژەشی فڕێدایە سەر شەقامەکان، لە سەریان باز نەدەدا، بە چاوتروکانێک دەگەیشتنە سەری و کەرئاژۆیەکیان لە ورگی ڕادەکرد و بە سەریاندا دەنەڕاند و دەیانگوت: نازانیت بە فەرمانی سەرۆکی ئۆفیسی فەنتازی شت فڕێدان قەدەخەیە، ئەمە و دوو ڕوپیەیان لێی دەسەند. خەڵکەکە واقیان وڕمابوو.. نەیاندەزانی مەسەلە چییە، چونکە پێشتر لەسەر پیسکردنی بەر دەرگە و دوکانەکان لێیان نەتۆژرابووەوە، یەکەمین جاریش بوو ئەم ناوەیان بەرگوێ بکەوێت.. بە هەر حاڵ هەر لە دوورەوە، کە چاویان بە کەرئاژۆی دەستیان دەکەوت زەندەقیان دەچوو. بە ڕۆژێک شارەکە لە پیسی تەواو خاوێنکرایەوە. ئەم کارە چەند ڕۆژێک بەردەوام بوو، دەسکەوتێکی باشیان کۆکردەوە. خەڵکەکە وردە وردە ئاشنایەتیان لەگەڵ چاودێرەکان پەیدا کرد و پارێزگاری پاکوخاوێنی شارەکەیان دەکرد. ڕۆژێک وەزیری شارەوانی بەناو شاردا دەسووڕایەوە، چووە بەردەم دەرگەی دوکانێک بۆ شت کڕین پاکەتەکەی لە گیرفان دەرهێنا و یەک دانە جگەرەی تیادا مابوو دایگیرساند، پاکەتە بەتاڵەکەی فڕێ دایە بەردەم دەرگەی دوکانەکە، کابرای دوکاندار بە دەنگی بەرز

هاواری کرد (مامۆستا تکایە زوو ئەو پاکەتە بەتاڵە هەڵبگرەوە، تاوەکوو چاودێرانی ئۆفیسی فەنتازی نەگەیشتوونەتە، سەرمان ئەگینا کەرئاژۆیەکمان لە ورگ ڕادەکەن و دوو ڕوپیەشمان لێ دەستێنن)، وەزیر بە سەرسووڕمانەوە وتی (ئەم ئۆفیسە چییە؟ من وەزیری شارەوانیم شتی وام نەبیستووە، چۆن شتی وا هەیە؟) هێشتە کابرای دوکاندار وەڵامی نەدابووەوە، کە دوو چاودێر وەک باشوکە گەیشتنە سەری و کەرئاژۆیەکیان لە ورگی ڕاکرد و پێیان گوت: (شوورەیی ناکەیت، پاکەتی بەتاڵ فڕێ دەدەیت؟ دوو ڕوپیە بێنە، سزای ئەو سەرپێچییە، ئەگینا دەتبەینە ئۆفیسی فەنتازی).

# ئەڵقە لە گوێ

دوای بڕینی ماوەی سەتان کیلۆمەتر و بەزاندنی تخوبی چەندان وەڵات، گەیشتە یۆنان و لەوێشەوە بە هەزار ئاین و ئۆین، بەرەو کەنەدا، لەگەڵ گەیشتنە جێ لە فڕۆکەخانە قۆڵبەستیان کرد و دایانە بنکەی پۆلیس.

زۆر بیری کردەوە، چی بڵێت تاوەکوو مافی پەنابەرێتی بدرێتێ.. قاخچییەکان پێیان گوتبوو، کە مافی پەنابەرێتی سیاسی بە زەحمەت کەوتووە، دەڵێن کوردستان ئارامە و گورزی ڕژێمی لێ دوورە.... هەروەها مافی پەنابەرێتی مرۆڤایەتیش، چونکە وەڵاتی ئێمە کشتوکاڵییە و بێ یارمەتی دەرەکیش، بارودۆخی لە گەلێک وەڵاتی دنیا باشترە...

بە دوای پاساوێکدا دەگەڕا، بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتی مسۆگەر بکات.

پۆلیسی بنکە لێی پرسی: لەبەرچی وەڵاتی خۆت بەجێهێشتووە و ڕووت کردووەتە ئێرە؟

هەندێک داما.. دیمەنێکی ئەو فیلمە سێکسییەی هاتەوە یاد، کە لە ئەورووپا نێریان لە نێر مارە دەکرد و نێربازییان بە ڕەوا دەبینی..

ڕاچڵەکی و ڕووی کردە پۆلیسەکە و گوتی:

لە وەڵاتی ئێمەدا ئازادی سێکسی نییە، منیش حەز دەکەم مێرد بە هاوڕەگەزێکی وەک خۆم بکەم، تاوەکوو خێزانێک پێک بهێنین، بۆیە

ئەم هەموو وەڵاتەم بڕیوە بۆ ئەوەی لەم مافەی مرۆڤ بێبەش نەبم.

پۆلیسەکان سەیرێکی یەکدییان کرد و بە زەردەخەنەیەکەوە پێیان گوت هەقی خۆتە، تۆش ئازاد بیت و پیاوێکی ڕێکوپێک بۆ خۆت دەستنیشان بکەیت و بیکەیتە هاوبەشی ژیانت.

هەر ئەو ڕۆژە، لە گشت ڕۆژنامەکانی ئەو وەڵاتەدا، وێنەی ئەویان بڵاوکردەوە، بە خەتێکی گەورەش لەژێرەوە نووسیبوویان ئەم مرۆڤە لەبەر نەبوونی ئازادی سێکسی، وەڵاتەکەی خۆی بەجێهێشتووە و ئێستەش چاوەڕێی هاوژینێکی وەک خۆی دەکات.

هەر بۆ بەیانی دەیان پیاوی سمێڵ تراشاو، قژ ژنانی و چوارشانە و گوارە لە گوێ، ڕوویان کردە بنکەی پۆلیسی فڕۆکەخانە و داوای دەستیان کرد. ئەفسەری بنکەی پۆلیس پێی گوت بەختەوەریت، کە ئەم هەموو پیاوە بە جارێک داوای دەستت دەکەن. بۆ خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە.

نەیزانی چی بڵێ، بیرێکی هێنا و بیرێکی برد، لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەگەر ڕەتی بکەمەوە، بە تەقڵە بۆ وەڵاتەکەی خۆم دەمنێرنەوە، بۆیە باشتر وایە دڵ لە دڵ نەدەم... ئەی وا نەکەم پێم نالێن، چۆن مافی پەنابەرێتیم دەدرێتێ؟!

دەستی خستە، ناو دەستی، پیاوێکی قولەڕەشی مل ئەستوور، هەر ئەو کاتە گوێی هەردووکیان کون کرد و هەر یەکەی گوارەیەکیان لە گوێ کردن و هیوای خێزانێکی بەختەوەریان بۆ خواستن.

# شەوە زەنگەکە

لەبیرمە ئەو ڕۆژەی هەر بەناو ڕۆژبوو، ڕاستییەکەشی تاریکە شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو، کە لە گوێ ئاگردانەکە دانیشتبووین، پلکە هەمین چایەی تێکرد و لە پێشی داناین، هەر کەس چایەی خۆی خواردەوە و لێی ڕاکشا، تەنیا من نەبێت، جەستەم بەجێماو، دڵم چووە جیهانێکی دیکەوە.... جیهانی کوێرەوەری و مەینەتی و چاو پێ هەڵنەهاتن!!! زۆرانبازی هەردەم لە میانی خێر و شەڕدا بوو، سەرکەوتن بۆ خێر و ژێرکەوتنیش بۆ شەڕ.. تاریکیش خۆی هەڵچنیبووە ڕووناکی .. دەمگوت دەبێت جارێکی دیکە جیهانمان ڕووناک بێتەوە.. ڕۆژ لە وەڵاتمان هەڵبێتەوە!؟

تاریکی لایەنگیری زۆر بوو! شەمشەمەکوێرەکان، بە ئارەزووی خۆیان، بە ئاسمانی قووڵ و فرەواندا خولیان دەخواردەوە. تاریکیش وەک ڕەشماڵێک باڵی بەسەرماندا کێشابوو.. دەرگەکان خڕ داخرابوون... جەلادەکان بە ئارەزووی خۆیان بە ناوماندا دەسووڕانەوە ... چرای گیانی هەزاران کۆرپەیان دەکوژاندەوە، بەڕاستی دۆزەخێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بوو!!

شاخەکان و گژوگیاکان کفنی سپیان لەبەر کردبوو .... دز و جەردە وەک مێشوولە بە لاشەی مردوودا وەربووبوون، ئەو خوێنەی

له لاشەیان مابوو دەیانمژی... وەک مۆرانە ئەو کفنەی بۆیان کرابوو دەیانقرتاند.

جیهان گۆڕابوو، هەموو شتێک خولی سەراوبنی دەخواردەوە، تاریکی تا دەهات پاڵەپەستۆی دەخستە سەر بەرەی ڕووناکی... تاوەکوو وایلێهات تەنها ڕووناکی چاوی خۆمم دەبینی، لە پڕێکدا دەنگێک خۆی هەڵکوتا، گوێمان دەتووت بروسکەی بەهارە بڵێسەی لە دڵما هەڵگیرساند دەی گوت: ((هەموو تاریکی جیهان کۆبێتەوە ڕووناکی ژیلەمۆیەکی پێ ناکوژێتەوە))....

ڕاچڵەکیم و سەرم هەڵبڕی سەیرێکی ئاگردانەکەم کرد، ژیلەمۆیەکان بۆر هەڵگەڕابوون، بە بەرگێکی ئەستووری خۆڵەمێش داپۆشرابوون.... فرمێسک وەک گۆمکەی ئاوێکی پەنگ خواردوو، لە گلێنەی چاوی پلکە هەمیندا قەتیس مابوو.. گوتم (بە خوا تاریکی دەسەڵاتی (خۆی لەم جیهانەشدا سەپاند)!! ئەمەندەم گوت، گوێم لە ناڵەناڵێک بوو، دەیگوت (دەستم سووتا وامزانی کفنە، نەمزانی ژیلەمۆی لەژێرەوە نەکوژاوەتەوە)!

کە ئەمەم بەر گوێ کەوت، دۆزەخی جیهانەکەی دیکەم بیرکەوتەوە... ئەوەی ڕاستی بێت، هەر ئەوەندەم بیست، ئیتر نەمزانی ئەو کەسە کێ بوو!!.... دوای تۆزێک یەک بە جێی پەنجەیەکی ناڕێک ڕووناکی لە ئاگردانەکە بەدیارکەوت، هەڵبەت ئەو ڕووناکییەش ڕووناکی ژیلەمۆکان بوو.. ئەو کات بەرە بەرە خۆڵەمێشەکەم لابرد، رووناکییەکی زۆر پەیدا بوووە..... ڕووم کردە پلکە هەمین و پێمگوت: پلە بۆچی فرمێسک لە چاوتدا قەتیس ماوە؟ گوتی: ڕۆڵە هەرچەندە چاوم بەم ژیلەمۆیانە دەکەوێت، دیمەنێکی دوورودرێژم دێتەوە یاد.. (ئەم ژیلەمۆیانە بەرە بەرە دەبنە خۆڵەمێش و وزە و ڕووناکییەکی

دیارکراومان پێ دەبەخشن، سەرەڕای ئەمانەش بەرگری تاریکی دەکەن..... بەڵێ ئەم ژیلەمۆیانە هەر بە خۆیان دانەگیرساون و لە خۆشیانەوە نەبوونە بە ڕەژوو!! بگرە نەوەی پێش ئێمە ئەم دارانەیان چاندووە، ئێمەش وا بە هاوکاری هەموو لایەک کردوومانە بە ڕەژوو!! بگرە نەوەی پێش ئێمە، ئەم دارانەیان چاندووە، ئێمەش وا بە هاوکاری هەموو لایەک کردوومانە بە ژیلەمۆ.... خۆمان پێ لە سەرما دەپارێزین و بەرهەڵستی هێزی تاریکیشی پێدەکەین.... جا بۆیە بە بینینی ئەم دیمەنانە، گریانم دێ، چونکە لە ئەنجامی بەراوردکردندا ئەو کەسانەم وەک ئەم ژیلەمۆیانە دێنە بەرچاو.

هەولێر

١٩٧٣

# سەرەتای زستانێکی تووش

ئێوارەیە.. ئاسمان ڕووی گرژە ... پارچە هەوری پیس و چڵکن، وەکوو تارا بەری ڕۆژیان گرتووە، ڕۆژیش لە تاوا سوورهەڵگەڕاوە، بەرەو خۆرئاوا ملی ڕێگەی گرتووەتەبەر... هەورەکان هەر کاتەی بە ڕەنگێک خۆیان دەنوێنن.. زەرد.. سوور.. سەوز وا پێدەچێت بیکاتە باران. ئەوا دەنگی بروسکەیەک لە پەڕەکەی ئاسماندا هات، دیارە کردیانە ڕاستی! گرمە گرمی هەور و شریخە و چەخماخە و گڤە گڤی باو خشەی دار و درەخت.. دنیا گۆڕا .. هیچ شتێک لەسەر دەقی جارانیدا نەما.. سەربانەکانیش چاوەڕێی باگوردانن .. بە پەلە خۆم گەیاندەوە ئاوایی، کۆڵانەکان کش و مات بوون .... چۆلەکەکان خۆیان لەژێر پەلەسواندە شرەکانی خانووەکاندا وێک هێنابوو ... باڵیان بەسەر لەشیاندا شۆڕبووبوووە ... دەم نادەمیش، کە تەوژمی با ڕووی تێدەکردن هەموو گیانیان دەلەرزین و بەملاو بەولادا دەکەوتن، ناچاردەبوون، پەنابەرن بۆ شوێنێکی کش و هێمن.. جا منداڵان تەپکە و داویان بۆ دادەنانەوە، ئا بەم جۆرە دەست بەسەریان دەکردن...

دیتنی ئەم دیمەنانە زستانێکی تووشیان هێنامەوە یاد، تەزوویەکی سارد لەشمدا هات، ڕاپەڕیم و سەیرێکی خۆرئاوام کرد.. بەرە بەرە هەورەکان ڕەنگەکانیان ون دەکرد، ڕەش هەڵگەڕان، ئەم جارەیان بە

تەواوی خۆرئاوابوو.

دەتگوت بە نۆرە لەگەڵ مانگدا چەرخەچینە.. لەولاوە مانگ لە شێوەی کچێکی چواردە ساڵان، خۆی دەرهێنا، بێ ئەوەی بزانێت سەرما چییە، بەناو ئاسمانی تووشدا دەخولایەوە.. تاو ناتاوێکیش هەوری پیس بەری ڕووناکیان لێ دەگرتین... دیارە کار وا ناڕوات... لە هەموو لایەکەوە چراکان داگیسان.... خەڵک خۆیان ئامادە کرد بۆ بەرگری سوپای سەرما، لە زارکی لوولە سۆپەکاندا دووکەڵی ڕەش بەرزدەوە، بە دڵێکی پڕ لە قینەوە دەچوون بە گژ سەرمادا. سەرماش پتر سوپای غەزەبی دابەزاندە سەر هەرێمەکانیان، تا دەهات هەوری توند بەناو ئاسماندا بڵاودەبووەوە.. دەنگی ناسازی بەرزدەکردەوە، پڕ بە دەنگی دەینەڕاند، بە گوڕ ئاگری لەدەم دەهاتەدەر، دایکردە باران... بارانەکە بە ڕێژنە دەباری.. بەرەو کێو و دەشت و دۆڵەکاندا بە تیژی دەهاتە خوار.. دار و کرش و کاڵی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کردبوو، ڕووی تێمانکرد... لافاو هەڵسا .. لە هەموو لایەک پڕ بە دەنگ هاوار دەکرا (لافاو لافاو)، هاوڕێیان لافاوی ئەمجارەیان توندوتیژە ... خوێنی لێمان دەوێت، بێ خوێن ئەم بەڵایە ناڕوات ....

هەولێر

نەورۆزی ساڵی ١٩٧٤

# ڕەشەلۆری

هەموو ڕۆژێک فڕۆکەکانی دوژمن، ئەو ناوەیان بۆردومان دەکرد و ناپاڵم و گاز و تیزابیان لەسەر ئاواییەکە بەردەداوە.... هەر کاتێک گڕەی شتێک دەهات، لە هەموو سوچێکی ئاواییەوە دەبووە دەنگە دەنگ و هەڵاتن و بەدەم ڕاکردنەوە دەیان گوت.. هات!

ئەم هاتە هاتە بووبووە هێمای فڕۆکە هاتن... کاتێک کە دەگوترا هات، هیچ کەس لە شوێنی خۆی نەدەما، یاخۆ ئەوەتا هەر لەو شوێنەوە خۆیان دەدا بە زەویدا، یاخود بەرەو حەشارگەکان دادەبەزین، ، ئەم ڕۆژگارە ڕەشە ماوەیەکی زۆری خایاند، تف لە دەمی گەورە و بچووک تاڵ بوو بوو! زەویش توانی بە خۆگرتنی شەهیدانی نەمابوو .. لاوانی ئازادیخواز بە دەستێکیان چەکیان هەڵگرتبوو، بەرامبەر دوژمن دەجەنگین و بە دەستەکەی دیکەیان قوڵینگیان ڕادەوەشاند و گۆڕیان هەڵدەکەند.. دیمەنێکی زۆر سەرسووڕهێن بوو، ئەمە یەکەمین جار بوو، کە شتی وا ببینم مرۆڤ خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵکەنێت، دیارە ئەوەی ئازادی بوێت، پێویستە لە پێناویشیدا بمرێت.

ئەم کارەساتانە ماوەیەک بوون، بەڵام کاتێک شۆڕشگێڕان نیشتەجێی شاری هێمن و دوور لە شەڕوشۆڕ بوون، هێشتە شوێنەواری ئەو کارەساتانە، لە ئەندێشەیان نەسڕابوونەوە.. هێشتە

دەنگی فڕۆکە و تەقینەوەی کۆمبی ئاگراوی و ناپاڵمەکانی لە گوێی شۆڕشگێڕان دەزرنگایەوە.

شەو درەنگ بوو، هەموویان لە سەربانەکەدا لێی ڕاکشابوون ... گرە گرِی ڕەشە لۆرییەک لەسەر کۆڵانەکەوە دەهات، دیار بوو هەندێک کەلوپەلی دەگوێزایەوە... بەرە بەرە دەنگەکە لێیان نزیک دەبووەوە... لەپڕ لە خەو ڕاپەڕی و خۆی دایە پەنا دیوارەکەوە، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد، هات! گشتیان سەریان لەم ڕاپەڕینەی سوورِما، دەستیان گرت و پێیان گوت: چیتە دەڵێی خەونت بینیوە، وا ڕاچڵەکی؟! بەڵام ئەم قسانە هیچ سوودیان نەبوو، کابرا هەر لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بوو، دەیگوت: خۆتان حەشاردەن هات! دوای ئەوە ڕەشە لۆرییەکە دوورکەوتەوە، دەنگەکە نەما، ئەوسا بەرەو لایان هات و بە ئەسپایی پێیان گوت: کوا بۆ کوێ ڕۆیشت؟!

کابرا سەری سوورِما، کە ئەوانیش ئاگەداری ئەم باسە نەبوون.. گشتیان دایان لە قاقای پێکەنین و گوتیان: ئەوە چیتە دەڵێی تێکچوویت؟!

ئەوسا بە سەرسوورِمانەوە گوتی: ها! ئەوە ئێوەن، چما لێرەین؟ وامزانی...

واتزانی چی؟

وامزانی لە شەڕدام و فڕۆکە ئاوایییەکانمان بۆردومان دەکات.

ها... ها... ها!! ئەمە دەنگی ڕەشەلۆرییەکەی گەڕەک بوو، لات بووەتە دەنگی فڕۆکە!!

مایس ١٩٧٦

# بیکڕی پەشیمانی، نەیکڕی پەشیمانی

مووچەخۆرێکی بچووک بوویت.. مووچەکەت هێندە کەم بوو، بەشی خەرجی مانگێکی بە تێری نەدەکردن.. نانی شێوانت واز لێ هێنا، گوایە ڕێجیم دەکەیت، سەرەڕای ئەوەش ئینجا بە تەقە تەق دەگەیشتی بە سەری مانگ . چەند جارێک ژنەکەت زیز بوو. داوای کڕینی موجەمیدەی لێ دەکردیت دەیگوت: ژنی خەڵکی هی دوێنێ نەو ماڵیان هەموو شتێکی تیایە، بگرە لە سەلاجەوە تا دەگاتە موجەمیدە و تەلەڤیزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و جلشۆری کارەبایی، تەنیا من نەبێت بەختم ڕەش بووە و تووشم بە تووشی ناکەس بەچەیەکی وەک تۆ بووە، بە پیکی سالانی پێشوو لێ دەدەیت.. دەڵێی ماڵی سواڵکەرە، هیچی تیا نییە، دەیان قسەی دیکەیش. مێشکی کون کردبوویت، دەتویست وازی لێ بهێنیت، لەبەر خۆتەوە دەتگوت: حەوت سەر منداڵ بەدەم خۆشە .. ئەگەر دەستی لێ بەربدەم، جارێکی دیکە کێ ژنم دەداتێ .. ئەگەر داشیان بەجێ بێنم، کە فلسێکی سووری پاشەکەوتم نەبێت.. بڕیارتدا داواکانی بەجێ بهێنیت و خۆت لەم گێژاوە ڕزگار بکەیت.. ئەمری خوا ڕەزای حەق.. دانیشتنێکی دووقۆڵیتان بۆ کرد.. دوای مشتومڕێکی زۆر لەسەر کڕینی موجەمیدەیەک ڕێکەوتن، دوا بە دوای ئەویش چەند شتێکی دیکەی ناوماڵ. بڕیار دەرکردن زۆر ئاسانە، جێبەجێکردنی زەحمەتە.. ئەو

شەوەیان تا بەیانی نەخەوتی. دەستت خستبووە ژێر چەناگەت و بیرت دەکردەوە.. شت بە قەرزدانیش باوی نەماوە، تۆش کە عانەیەکی قەڵپت نەبێت بەچی موجەمیدە دەکڕیت.. دەیان بیری جۆراوجۆر، لەناو مێشکتدا جەنجاڵیان دەدا .. لەناکاودا ڕاپەریت، لە قاقای پێکەنینت دا.. ڕەحمەی ژنت لە خەو ڕاچڵەکی، ڕووی تێکردیت گوتی: مردووت مریێ ئەوە تۆی؟! زەندەقت بردم، گوتم داخوا دەبێت چی بێت.. شێتیش وا ناکات، بە چی پێدەکەنیت؟! خۆت تێک نەدا.. لێی چوویتە پێشێ، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتت: ئافرەت دۆزیمەوە. چەپەڵۆکێکی پێدا کێشایت و بە تووڕەییەوە گوتی: چیت دۆزیوەتەوە؟! ناکات بڵێی کووپەی زێڕم دۆزیوەتەوە؟!

گوتت: بیری پەیداکردنی پارەی موجەمیدەکەم دۆزییەوە. گوتی: توخوا ئەمەش بوووە قسە؟! ڕووی خۆی وەرچەرخاند و بە پرتە پرت و بۆڵە بۆڵ خۆی خستەوە ژێر بەتانییەکە. سەری مانگ لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دائیرەکەتان کۆمەڵەیەکتان پێکەوەنا، یەکی دە دینارتان بەلاوەنا، دوو سەت دیناری خشتی لێ دەرچوو.. ناوتان لەسەر پارچە کاخەزی بچووک نووسی، خستتانە ناو زەرفێکەوە بۆ ڕاکێشانی ناوی یەکەمین بەش .. دڵت وەکو ماشێن لێی دەدا، ئارەقەت لە گشت لەشت بەردەردابوو.. چاوت بڕی بووە زەرفی ڕاکێشانەکە، لەبەر خۆتەوە دەتگوت: تاقە هیوام ئەوەیە .. ئەگەر بۆم دەرنەچێت قوڕی دونیام دەکرێت بەسەردا. لە دەستی ڕەحمە خان ڕزگارم نابێت. دەست خرایە ناو زەرفەکە، یەکەمین ناو ڕاکێشرا.. چاوەکانت وەکو دووربین لێ کردبوو .. لەگەڵ دیتنی ناوت بە ژنێک خۆت هەڵدیە ئاسمان، دەستت بە چەپڵەلێدان و سەما کرد. واقیان وڕما.. بە سەرسووڕمانەوە گوتیان: بێ قەزا بیت دەڵێی بیتاقەی یانەسیبت بۆ

دەرچووە! ئەمە ئەوەندە دەهێنێت، تۆ وای بۆ بکەیت؟! گوتت: ئەگەر ئێوەش لە جێی من بوونایە، لە منیش خراپترتان دەکرد.. خوا بە خۆی دەزانێت ڕەحمە چ ماڵێکە!! هەر لەو ڕۆژەوە دوو سەت دینارەکەت خستە گیرفان، ئێواران فیتە بە دەورەیەکی بازاڕی ڕەش خۆش بێت، خۆی لە دوو قات دەدا .. بێ هیوا بوویت .. بیری پەیداکردنی پارەی دیکەت دەکردەوە، کڕینەکەت بێ ئەنجام بدەیت .. ئێوارەیەک لەناو بازاڕدا دەخولایتەوە، موجەمیدەیەکت بەرچاو کەوت، ویستت لێی لادەی، کە چاوت بە نرخە کەمەکەی کەوت، هەڵوەستەیەکت کرد و گەڕایتەوە سەری .. کاخەزێکی لەسەر دانرابوو، بە گەورەیی نووسرابوو (بیکڕیت پەشیمانی.. نەیکڕیت پەشیمانی). سەرەتا کەیف خۆش بوویت. دەستت بردە باخەڵت. ویستت پارەکەی بۆ دەربهێنیت، کەچی دەستت چەقی و کەوتیتە بیرکردنەوە، لەبەر خۆتەوە دەتگوت: خاوێن دیارە، لەوە ناچێت، هیچ خەوشێکی هەبێت، کەچی ئەم نووسینەشی لەسەر دراوە، تۆ بڵێی بیکڕم و پەشیمان ببمەوە؟! زۆر بیری دیکەت بە خەیاڵدا دەهات .. لە خاوەنەکەی چوویتە پێشێ و پێت گوت: نیازی کڕینی ئەم موجەمیدەیەم هەیە، بەڵام قسەی بڕیت گوتی: دەزانم! دەتەوێت بڵێیت ئەگەر بیکڕم بۆ پەشیمان دەبم، وا نییە؟! بەسەر سووڕمانەوە پێت گوت: ئەوە چۆن زانیت؟ گوتی: چۆن نازانم! بۆیە وام نووسیوە، تاوەکوو کەس بە ئاسانی خۆی لە کڕینی ئەم موجەمیدەیە نەدات.. پێت گوت: چۆن پارە بە شتێک بدەم و تێی نەگەم. گوتی: وەکو خەڵکی ئەم شارە فێری قۆڵ بڕین و فڕوفێڵ و کەڵەکەبازی نیم.. خۆت دەزانیت ئەمڕۆ هەموو بازاڕ بگەڕێیت موجەمیدەیەکت بەم نرخە دەست ناکەوێت، بەڵام وا لێرە بە چاوی خۆت دەیبینیت و بە مەرجیش دەیفرۆشم. هەناسەیەکت هاتەوە بەر و

شاگەشکە بوویت.. پارەکەت لە باخەڵتدا دەرهێنا، لەسەر مێزەکەت دانا و گوتت: دیارە مرۆڤی خێرخواز هێشتەن ماوە.. ئێستە دڵنیا بووم، ترسم لێی نەما، بەڵام با بزانم ئەو مەرجە چییە؟ بە زەردەخەنەوە گوتی: ناوە ناوە فیکەیەک لێ دەدا .. مەترسێن هیچ نییە، تۆزێک ڕۆنی ماشێنی تێ بکەن، خۆی وردە وردە کەم دەبێتەوە، تاوەکوو بە تەواوی نامێنێت.. گوتت: بەس ئەوەندە؟! دەستی لەسەر مێزەرەکەی دانا و گوتی: ماڵی خوام دیوە، نانی خۆم حەرام ناکەم، دەبوو ئەم خەوشەت پێ بڵێم. سەیرێکی نووسراوەکەی سەر موجەمیدەکەت کردەوە، لەبەر خۆتەوە گوتت هەر دەیکڕم، خۆ ڕەحمە دەڵێت موجەمیدەی بۆ کڕیوم. پارەکەت وێرکرد. ناوی خوات لێ هێنا و بردتەوە. ئەو ڕۆژەیان ڕەحمەت بکوشتبا دەنگی لەگەڵ نەدەکردیت.. ناوت بهێنابا بە گیان گیان و بە ساقە وەڵامی دەدایتەوە .. ڕەحمەی جاران نەبوو، دەتگوت گۆڕاوە، تۆش دۆش دامابوویت وەختا بوو دڵت شەق بەرێت.. بیرت هەر لای پارچە نووسینەکە بوو، نەشت دەوێرا بە ڕەحمە بڵێی نەک خوا نەخواستە لەکار بکەوێت و داوای یەکێکی دیکەت لێ بکات.. بۆ بەیانی هێشتە خێر و شەڕ دابەش نەکرابوو، ڕەحمە گەیشتە سەرت، خۆی خستە باوەشت و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: پیاوەکە دەبێت هەندێک شتوومەکیش بکڕیت، تاوەکوو ناو موجەمیدەکەمان بەتاڵ نەبێت. بە تووڕەییەوە گوتت: نۆرەی ئەم بەزمەیە .. بۆ ناو سەلاجەکەمان پڕ بووە، تاوەکوو نۆرەی ئەمە بێت!! گوتی: خۆ چاوچنۆک نین هەروا بە بەتاڵی بیهێڵینەوە.. یەکێک ببینێت چیمان پێ دەڵێت.. هەر دەبێت پڕی بکەینەوە.. سەری خۆت لەقاند و چوویتە دەرەوە. زۆرت بیرکردەوە، لە سەمموونی ئیعاشە هەرزانترت دەست نەکەوت، نیوەڕۆ بە

تورەگەیەک سەموون هاتیتەوە .. پرتە و بۆڵەی ڕەحمەت لە کۆڵ بووەوە. سەرت بە ناندینەکەدا کرد، تاوەکوو موجەمیدەکە بەسەر بکەیتەوە هەر لە دوورەوە دەنگی ماتۆڕەکەی وا دەهات دەتگوت کۆنە ئاشە دەگەڕێت.. لێوی خۆت گەستەوە، لەبەر خۆتەوە گوتت: ئەمەمان خەوشێک!! سەرەتای پەشیمان بوونەوەت لێرەوە دەستی پێکرد.. لەو ڕۆژەوە گومانت لێی پەیداکرد و دڵت ئۆقرەی نەگرت.. چاوەکانت وەکو زەڕەبین لێکرد، لە خەوشە شاراوەکانی دیکەی دەگەڕایت.. گڵۆپی ئۆتۆماتیکەکەی نەدەکوژایەوە.. چەند سەعاتێک ئێشکگریت بۆ کرد، تاوەکوو بە تەواوی بۆت ڕوون بووەوە ئۆتۆماتیکەکەی ئیش ناکات، سەرت لەقاند و گوتت: ئەمەشمان دووەمین خەوش.. ئەگەر خوا بزانێت سێیەمین و چوارەمینیش دەبێت چی بێت! شەوێک هەمووتان لە ژووری تەنیشت ناندینەکە خەوتبوون، لەناکاو دەنگی فیکەیەک هات.. هەندێک خۆت هێنا و برد سەیری دەوروبەری خۆتت کرد.. هیچت بەدی نەکرد .. خەوتیتەوە .. فیکەکە زیاتر بەرزبووەوە و نەوێستا .. ڕەحمە و منداڵەکانت هەریەک بە لایەکدا دەرپەڕین و خۆیان بە دیوارەکەدا لکاند.. واتزانی فیکەی ئاگەدارکردنەوەیە، ویستت بۆ ژێر پێپلیکانەکە ڕابکەیت، بیرت کەوتەوە مەرجەکەیە و هاتووەتە دی.. هێمن بوویتەوە.. دەستی منداڵەکانت گرت و ڕووت لە ڕەحمە کرد و گوتت: مەترسێن فیکەی موجەمیدەکەی خۆمانە لە یادم چوو پێتان بڵێم. پڕی گوێتان لۆکە کرد و لێی خەوتنەوە .. بەیانی زوو لەگەڵ شیرەی نێرەکەر، ڕەحمە دەستی بە هاتوو هاوار کرد، لە خەو بە ئاگای هێنایت، هەزار پرتە و بۆڵە بە فلسێک، کار گەیشتە ئەوەی موجەمیدەکە لە کار کەوت!! کەوتیتە بیرکردنەوە .. لەبەر خۆتەوە دەتگوت: قوڕم بۆ گیرایەوە، خێری دوو فلسی قەڵپم لێی نەدیت،

دەشبێت مووچەی ئەم مانگەشمی لەسەر دابنێم .. چەند جارێک بردتە سەر وەستا .. جارێک ئۆتۆماتیکەکەیان گۆڕی، گوایە بەوە چاک دەبێتەوە.. جارێکی دیکە پانکەکەی .. تاقم وایەر، بۆ دواجاریش ماتۆڕەکەیان گۆڕ .. مووچەکەت بە تەواوی لە دەست وەستا کرد و لەسەریشی قەرزار بوویتەوە.. موجەمیدەکەت بردەوە ماڵێ.. وەک جاران ئاسایی داتگیرساندەوە، دەنگی دەهۆڵ لێدان و فیکە فیکی نەمابوو.. لە سەرەتادا زۆر دڵخۆش بوویت .. هەناسەت ڕاگرت.. پێکەوتی ئەمجارەیان بە تەواوی لەکار کەوت.. خەمی موجەمیدەکەت زۆر گران بوو.. لەوێش زیاتر چۆنێتی دانەوەی قەرز و ڕاستکردنەوەی باری گوزەرانت بوو.. زۆرت بیرکردەوە .. لەبەر خۆتەوە گوتت: باشتر ئەوەیە هەر لە بەیانییەوە چەند قاڵبێک سەهۆڵ و سندووقی بیبسی کۆلای بخەمە ناو، کوڕە گەورەکەشمی لەسەر دابنێم ساردی بفرۆشێت، موجەمیدەی خەڵک بە کارەبا ئیش دەکات با هی ئێمە بە سەهۆڵ کاربکات..

# لووت

ماوەیەکی زۆر بوو خۆشی دەویست. وای هەست دەکرد، ئەویش خۆشی دەوێت، جار جار لێی نزیک دەکەوتەوە و دەکەوتە دەمەتەقێ لەگەڵیدا. جڵەوی خەیاڵی بەرەڵڵا دەبوو، دەکەوتە مەلەوانی، لە دەریای چاوە جوانەکانیدا.

زۆرجار دەیویست خۆشەویستییەکەی بۆ بدرکێنێت، لەو دوودڵییەی تیایەتی خۆی ڕزگار بکات، بەڵام بوێری نەدەکرد لە بیری خۆی دەیگوت: تۆ بڵێی ناشیرینی لووتم نەبێتە کۆسپ، لە ڕێی ئەم خۆشەویستییە؟! هەموو بەیانییەک پێش چوونە کۆلێژ، بەرامبەر ئاوێنەی ژووری نووستن دەوەستا، بە وردی دەیڕوانییە لووتە شکاوەکەی. زۆر خەمی لێ دەخوارد، لەبەر لووتی نەبوایە لە بەژن و باڵا و قیت و قۆزییدا هیچ خەوشی نەبوو. خووی بە کۆکردنەوەی وێنەی لووتی جوان گرتبوو، ئەلبوومێکی لە لووتی قرتاوی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان پێکهێنابوو. زۆرجار خۆی پێیەوە خەریک دەکرد، لەگەڵ دیمەنی لووتەکەی خۆی بەراوردی دەکردن و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەگەر بچمە لای پزیشکێکی نەشتەرگەری، بێگومان لووتم جوان دەکات. ئەو کاتە هیچ خەوشێکم نامێنێت، دەتوانم ڕووبەڕووی ببمەوە و خۆشەویستی خۆمی بۆ بدرکێنم. بێگومان ئەویش دەستەکانم دەگوشێت و ڕازی دڵی خۆیم بۆ دەردەخات. دوا ساڵی

خوێندنی بوو، دەبووایە لەو ماوە کورتەی کە مابوو شتێک بەشتێک بکات. بڕیاری دا پزیشکێکی نەشتەرگەری بەسەر بکاتەوە و جوانکردن بۆ لووتی بکات. سەری بە نۆڕینگەی زۆرینەی هەرە زۆری دکتۆرە تایبەتییەکاندا داگرت، هیچی بە هیچ نەکرد. دەستی نەبوونی بشکێت، داوای پارە و پوولێکی زۆریان دەکرد. نەخۆشخانەی گشتیی ناوەکەی بە خۆیەوەیە، بە هەلی زانی ئەوێش تاقی بکاتەوە. نقومی دەریای خەیاڵ بووبوو. لە بیری خۆی دەیگوت: تاقە هیوام ئێرەیە، تۆ بڵێی بەزەیی پێم نەیەتەوە و چارەم نەکات. هەر بەخۆی ڕەتی خۆی دەدایەوە و دەیگوت: خۆ من نەخۆش نیم، هەتا بەزەیی پێم بێتەوە و چارەم بکات. بۆ داوای شتێکی وا هاتوومە، مەگەر دەوڵەمەند بیری لێ بکاتەوە! لەگەڵ ئەمانەش دەیان بیری دیکەی بە خەیاڵدا دەهات. دکتۆر ڕووی تێکرد و گوتی: ڕۆڵە نەخۆشییەکەت چییە، بۆ قسە ناکەیت؟ دەمی تێک ئاڵا، نەیزانی چی بڵێت. دیسان دکتۆر لێی دووبارە کردەوە. ئارەقەی سوور و شینی بەدەردا بوو، تینی دا بەر خۆی و بە شەرمەوە گوتی: لووتم. دکتۆر گوتی: لووتت چییەتی؟ گوتی: دکتۆر ناشیرینە. دکتۆر گوتی: ئەوجا چییە. جوانی بۆ ئافرەت هاتووە، نەوەک بۆ پیاو. جوانکردن هیچ پێویست نییە، ئەگەر هەر بشتەوێت بیکەیت، دەتوانیت بچیتە لای دکتۆری تایبەتی. پشتی لە دکتۆر کرد و بە نائومێدییەوە بەرەو دەرگە ڕۆیشت. کە گەیشتە ناو دەرگە، ئاوڕێکی لە دکتۆر دایەوە و دوو دڵۆپ فرمێسکی زیوینی هەڵڕشتە خوارەوە. دکتۆر لەگەڵ دیتنی ئەم دیمەنە هەستی بزوا. هەستایە سەر پێ و دەستی سۆزی بۆ درێژکرد و داینیشاندەوە و پێی گوت: ڕۆڵە شەرم مەکە و پێم بڵێ، بزانم بۆچی ناشیرینی لووت لێ بووەتە گرێ کوێرە؟ شەرم دایگرت. ویستی

قسەیەک بدۆزێتەوە، ڕاستییەکەی پێ نەڵێت. لە دەمی دەرچوو گوتی: دکتۆر خۆشم دەوێت. دکتۆر زیاتر لێی چووە پێشێ و دەستی خستە سەر شانی و گوتی: ئێمەش وەکو تۆ خۆشەویستیمان کردووە، ئێستەش هەموو خەڵکمان خۆش دەوێت. ڕووی لە دکتۆر کرد و گوتی: ئەو کچەی خۆشم دەوێت زۆر جوانە، تاوەکوو خاوەنی ئەم لووتە بم، بوێری ناکەم هەگبەی ڕازەکانمی بۆ هەڵبڕێژم. دکتۆر بە پێکەنینەوە پێی گوت: لە هەفتەی دادێت پلانی نەشتەرگەری دادەنێم و شێوەی چەند جۆرە لووتێک دەکێشم. ئەو کاتە کامیانت بە دڵ بوو ئەویانت بۆ جێبەجێ دەکەم. ئەو حەفتە و چەند حەفتەیەکی دیکەیشی بەڕێکرد بە کۆمەڵێک هیواوە گەڕاوە لای دکتۆر.

پسووڵەیەکی بۆ نووسی و ڕەوانەی نەخۆشخانەی کرد بۆ خەوتن و ڕۆژی نەشتەرگەرییەکەشی بۆ دیارکرد. چووە نەخۆشخانە، لە سالۆنێکی گەورەی بیست نەفەری جێگەیان بۆ کردەوە. هەندێک لە نەخۆشەکان وەکو ئەو تازە خەوتبوون و چاوەڕێی ڕۆژی نەشتەرگەرییان دەکرد، هەندێکی دیکەیشیان نەشتەرگەرییەکەیان بۆ کرابوو، لووتیان بە لەفاف و کۆنکرێت داپۆشرابوو. بە بینینی ئەو ژمارە نەخۆشانە، شاگەشکە بوو، بزەیەک هاتە سەر لێوەکانی و لە بیری خۆیدا گوتی: دیارە ئەوانەش وەکو من دڵدارن، خۆشەویستی پاڵی پێوەناون، خۆیان بخەنە بەر نەشتەری دکتۆر. ڕووی لە نەخۆشەکان کرد. یەک لە دوای یەکدا، لە هۆڵی نەشتەرگەریکردنی لووتیانی پرسی. یەکیان گوتی لەبەر زێدە گۆشت لەناو لووتمدایە، یەکێکی دیکە لەبەر گیرانی کونە لووت.. چەماوەی لووت... نەبوونی کونە لووتێک لە زگماکەوە... بۆ دەرمانیش یەکێکی تیادا نەبوو لە پێناوی خۆشەویستەکەی خۆی خستبێتە بەر نەشتەرەوە. لە بیری

خۆیدا گوتی: دیارە هیچیان فێری خۆشەویستی نەبوونە! ئەو شەوە هیچ خەو نەچووە چاوەکانی، ئاوێنەیەکی بچکۆلانەی بە دەستەوە گرتبوو، سەیری لووتی خۆی دەکرد و لە بیری خۆیدا دەیگوت: لووتم نەشتەرگەری بکرێت، ڕێکوپێک دەبم، خەوشم نامێنێت. ناوە ناوە پێڵوەکانی دەکەوتنە سەر یەک و لە خەوان دەبۆرژایەوە و باوەشکی دەهاتێ، دکتۆر لە ژووری مۆمیاکردن دەخولایەوە، لاشەی مردووەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد و کامە لووتی جوان بوو لێی دەکردەوە. هەموو لووتەکانی لەسەر مێزێک دانان و بەرامبەریان دانیشت و دۆش داما. ئەویش ڕووی لە دکتۆر کرد و پێی گوت: دکتۆر ئەو لووتانەت بۆچی ڕیز کردوون؟ گوتی: دەمەوێت لەناو ئەم کۆمەڵە لووتانەدا، لووتێکی جوان بۆ تۆ هەڵبژێرم، لەگەڵ شێوەت بگونجێت. لە قاقای پێکەنینی دا. ویستی قسان بکات، سستەر بانگی کرد. کە چاوەکانی کردەوە لەسەر تەختەی نووستنی قاوشەکە خۆی بینییەوە. بۆ ژووری نەشتەرگەرییان برد. بەنجی گشتییان لێدا و نەشتەرگەریەکەیان بۆی کرد، کاتێک وەئاگا هاتەوە، خۆی لەنێو نەخۆشەکاندا بینییەوە. دکتۆر و سستەرێکی شۆخیش بە دیار سەرییەوە بوون. دەستی بۆ لووتی بردەوە، لووتی بە لەفاف داپۆشرابوو. چاوی هەڵبڕی، ڕووی لە دکتۆر کرد و پێی گوت: دکتۆر ئەوجا لووتم جوان دەبێت؟ دکتۆر گوتی: بێگومان. بە دکتۆری گوت: کەی دەتوانم جوانی لووتم ببینم؟ دکتۆر بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوت: دوای دوو هەفتەی دیکە، کە هاتیتەوە، لەفافەکەت بۆ لێ دەکەینەوە و فتیلەکەی ناوی دەردەهێنین ئەو کاتە زۆر بە جوانی دەتوانیت سەیری لووتت بکەیت و بەوپەڕی بوێرییەوە نهێنی دڵت بۆ خۆشەویستەکەت بدرکێنیت! لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا بیری

ئەوەی دەکردەوە، چۆن دەچێتەوە کۆلیژ و خۆشەویستەکەی بە سەرسامی سەیری دەکات و گومان لە ناسینەوەی پەیدا دەکات، ئەویش لێی دەچێتە پێشێ و خۆی لێ ئاشکرا دەکات. ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتەوە لای دکتۆر بۆ لابردنی لەفافەکە و دەرهێنانی فتیلی ناو کونە لووتی، دڵی وەکو سەعات لێی دەدا. پێکەنین و گریانی تێکەڵ بە یەک بووبوون. فرمێسکی شادی دڵۆپ دڵۆپ بەسەر ڕوویدا دەتکایە خوارەوە. بەرامبەر ئاوێنەیەکی گەورە وێستابوو، بە چاوێکی پڕ لە هیواوە دەیڕوانییە دەستەکانی دکتۆر. دکتۆر دەستی کرد بە لابردنی لەفافەکەی تاوەکوو بە تەواوی لووتی بەدیار کەوت. کە لووتی خۆی بەو شێوەیە بینی لە حەژمەتا بوورایەوە و کەوتە خوارەوە. هەندێک ئاویان بە دەم و چاویدا کرد، یەک دوو زللەی نەرمیان بە ڕوومەتیدا کێشا. بەخۆی هاتەوە. دکتۆر ڕووی تێکرد و گوتی: دەزانم لە خۆشیاندا بوورایتەوە! سەری خۆی لەقاند و بە بێزارییەکەوە گوتی: نەخێر! ئەگەر دەمزانی هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە چۆن دوو مانگ هاتوچۆم بۆی دەکرد، ئەو هەموو ئێش و ئازارەشم دەچێشت!! دکتۆر بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: تۆزێک گۆڕاوە، ئەم جۆرە نەشتەرگەرییانە بە جارێک و دووان جێبەجێ ناکرێن. کۆمەڵێک نەشتەرگەری دەوێت، تاوەکوو بە تەواوی شێوەی لووتت بگۆڕێت. لەم نەشتەرگەرییەدا بە ئێسقان کۆڵەگەیەکم بۆ لووتت دروست کردووە، لە دووەمین نەشتەرگەریشدا، دیوی دەرەوەی دەتاشین. بەیانی بە پەشێوی و خەمناکییەوە چووە کۆلێژ. دوو هەفتە دوورکەوتنەوە لە هاوپۆلەکانی، ماوەیەکی کەم نییە. وەکو شانە هەنگ دەوریان دا، لە تەندروستییان پرسی. کۆمەڵێک پرسیار بە جارێک شاڵاویان بۆی برد. کە لووتت خەوشی ناوەوەی نەبوو، بۆچی خۆت

خسته ژێر چەقۆی دکتۆر... ئیشت نەبوو، ئیشت بۆ خۆت دۆزییەوە... نازانیت ناوی چی لەم کارەی تۆ بنێین؟ ئاسۆی هاوڕێی دەستی بۆ قوتابیان درێژ کرد و گوتی: پەلە مەکەن، بزانین خۆی دەڵێت چی؟ ئەویش چاوی بڕی بووە ئەو شۆخەی خۆشی دەویست، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس مابوو، ئاهێکی درێژی هەڵکێشا و گوتی: گوتم جوانتر بێت؟! هەموو بە یەک دەنگ لە قاقای پێکەنینیان دا و گوتیان: لووتەکەی جارانە و نەگۆڕاوە، بەڵام پێشتر پاڵەوانەی نەبوو، ئێستە بۆی کراوە! کچە شۆخەکەش لێی چووە پێشێ، بە دەنگە نەرمە بە سۆزەکەی گوتی: دڵ لە دڵ مەدە، جوانی بۆ ئافرەتە نەوەک بۆ پیاو.

ئازاری ١٩٨٦

# بەداخەوە

یەکەمین نامەی کە دایتیّ، ئارەقەی سوور و شینت لە هەموو لەشت بەدەردا.. وەکو خوا لە دڵی نابێت بێ ئەوەی بزانیت چی تیادا نووسیوە و مەبەستی چییە، هەستت بە شتێک کرد. نەدەبوو وەری نەگریت.. چی پێ بڵێی؟! زۆر زیرەکانە نامەکەی دایتیّ و گوتی: (ئەم پرسیارانەم لەبارەی یاسای ڕۆمانی و مێژووی کۆنی عێراقەوە بۆ نووسیویت، کە چوویتە ماڵەوە لەسەرخۆ بیخوێنەوە و وەڵامم بدەوە). ویستت شتێک بڵێی، دەرفەتی نەدایت، وەک مار بۆی خزی و لەو ناوەدا نەما. سەرەتای گرفتەکان لێرەوە دەستیان پێکرد. هەر واتدەزانی نهێنییەکی یەکجار گەورەت لەناو دەستدایە، هەرچەندی دەتکرد بوێری کردنەوەییت نەدەکرد. بە حاڵە حاڵ ئەو ڕۆژەت لێ ئاوا بوو. دوای سەرەدیقەیەکی زۆر لە خەوتنی دایک و باوکت دڵنیا بوویت. بە هێمنی نامەکەت دەرهێنا و خستتە ژێر میکرۆسکۆپی چاوەکانت.. دڵت سەتوبیست لێی دەدا.. لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمین دێڕی تاسەیەکی ساردت بە لەشدا هات، قسەی دەستە خوشکەکانت هاتەوە بەر گوێ، کە دەیانگوت (ئەگەر ئەو پیاوە تۆی خۆش نەوێت، بۆ لە هەمووومان زیاتر بایەخ بە تۆ دەدات و چاوی کامیراکەی لە هەموو بۆنەیەکدا لە تۆ دەکات) دیسان تەکانێکت دەدایەوە بەر خۆت و لە خوێندنەوەی بەردەوام دەبوویت. هۆپێکت بۆ کرد و لەبەر خۆتەوە دەتگوت (منیش لە تۆ زیاتر تۆم خۆش دەوێت، ئەگینا ئەو

هەموو دیاری و خەڵاتانەم لێت وەرنەدەگرت، بەڵام چۆن دەبێت بەشداری خۆشەویستی کەسێکی دیکە لە ژیانتدا بکەم، کە پێش من جێگەی لەناو دڵی تۆدا کردبێتەوە..) دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک، لە چاوە جوانەکانت دەتکایە خوارەوە و بەسەر ڕوومەتی تەنگتدا بڵاو دەبووەوە. هەموو گۆشەیەکی ژوورەکەت، لێ بووبووە دەم و گوێیان پڕ کردیت (جوانێکی وەکو تۆ و پیاوێکی بەژن و ماڵیان نەگوتووە.. بە خەڵک دەڵێی چی) وەختابوو مێشکت بتەقێت.. مێشکت بووبووە چەند بەشێک، هەر یەکەی بڕیاری لەسەر شتێک دەدا.. بەشێک دەیگوت (ئەو پیاوە زۆر تۆی خۆش دەوێت، دوای گەورەترین تاقیکردنەوەی دیلی خۆشەویستی تۆ بووە و خۆی پێ ئازاد ناکرێت.. بیکەو دڵ لە دڵ مەدە) بەشێکی دیکەیش دەیگوت (نەکەی بە قسەی بکەیت.. چی بە خەڵک دەڵێی؟!) بەشەکەی دیکەیش لەو ناوەدا واقی وڕما بوو، نەیدەزانی بە قسەی کامیان بکات.. گوێ بۆ قسەی خەڵک ڕابخات و بە ئەنجامەکەی ڕازی بێت، یان خۆشەویستییەکی پاکی بێ تاوان لە سێدارە بدات. لەگەڵ لێدانی زەنگی دەمژمێرەکەدا ڕاچڵەکیت... پێنووسەکەت گرتە دەست و لەژێرەوەی نامەکەدا، بە خەتێکی گەورە نووسیت، بە داخەوە... ویستت تەواوی بکەیت، دوو دڵۆپ فرمێسکی زیوین لە چاوەکانت هەڵوەرین و لە نێوان نووکی پێنووسەکەت و دوا وشەکە نیشتنەوە و هێڵانەیان لێی چێ کرد.

# تڕحێو!!

لافیتەیەکی گەورە، بە خەتێکی گەورە لێی نووسرابوو، بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری دەوڵەت و نوێنەری بەڕێز سەرۆک کۆمار بۆ ناوچەکەمان دەکەین. هەلوەستەیەکم بۆ کرد. بە هەلمزانی خۆم بگەێنمە لای جەنابی وەزیر، بۆ مەسەلەی گواستنەوەی فەرمانی برا ئەندازیارەکەم.

ماوەیەک بوو ناوی لە دەزگەیەکی میری لە باشووری وەڵات دەرچوو بوو. لەبەر کەم دەرامەتی و باری ژیانی نەیتوانی پێوەندیی پێوە بکات. هەر لەو ڕۆژەوە بەردەوام بە دووقۆڵی بە دوای واسیدەیەک دەگەڕاین، بۆ گواستنەوەی فەرمانەکەی، لەوێوە بۆ شارە دێرینەکەی خۆمان. بێ سوود بوو. دامەزراندن و گواستنەوەی ئەم جۆرە فەرمانانە، تایبەت بوون بە جێگری سەرەک وەزیران. پێکەوتم کە وەزیری میوان، نوێنەری سەرۆک کۆمار لە هاوینەهەواری لای خۆمان بۆ ماوەی دوو هەفتە دابەزیوە. ئێوارەیەک چومە تەشریفی. لە دەرگەی حەوشە چوومە ژوورەوە، کەس پێی نەوتم ناوت چییە. زۆر چاوم گێڕا، کەسی وام نەدیت سەر و شێوەی لە پاسەوان و دەستوپێوەندیی وەزیر بکات، لە بیری خۆمدا گوتم: وەزیر لە هەر شوێنێکدا دابەزێت، لە دوور کیلۆمەترێکەوە، خێوەتی پاسەوانی بۆ هەڵدەدرێت و هەر لە دوورەوەش مەردم دەنگ دەدەن و لە

سەرییەوە تاوەکوو بنی پێی دەپشکنن، وەکو پەمۆ لە پەڕەی دەدەن، ئەوسا ڕێگەی پێ دەدەن، بەرەو ماڵی وەزیر گوزەر بکات، وەزیریش ئەوا هەر بە ناوەکەی دیارە، پیاوێکی ڕێکوپێک و پۆشتە، چاکەت و پانتۆڵێکی ئاخر مۆدیل و بۆینباخی گرانبەهای لە ملدایە، بۆنی گوڵاو و کۆڵۆنیاشی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات. لە مەجلیسدا دەستەیەک پیاوماقوڵان دادەنیشن و دەستەیەک ڕەش و ڕووتیش دورو بە دووری بە پێوە و وێستاون لە خزمەتی میواناندان. ویستم بگەڕێمە دەرەوە، یەکێک بانگی کردم و گوتی: فەرموو بزانم کێت دەوێت؟ ئاوڕم دایەوە بینیم، ڕەشماڵێکی گەورە لە ناوەڕاستی باخچەکەدا هەڵدرابوو. سێ پیاو و ئافرەتێکی شۆخی لەژێر دانیشتبوون. هەر سێ پیاوەکە لە سوچێکییەوە بە چوارمەشقی لێی دانیشتبوون، تەختەی دامەیان لە ئامێز گرتبوو، خەریکی دامەکردن بوون. لە سووچەکەی دیکەیشەوە ئافرەتێکی شۆخ بە جلی کوردییەوە لە پشت سەماوەرێکەوە دانیشتبوو، ناوە ناوە دەستە چایەکی بۆ تێدەکردن. لێیان نزیک کەوتمەوە. دوای سڵاوکردن، گوتیان فەرموو کێت دەوێت؟ گوتم: ئەگەر بە هەڵەنەچووبم، جەنابی وەزیرم دەوێت، هەندێک ئیشم پێی هەیە. یەکێکیان بە دەست ئاماژەی بۆ ئەوەی بەرانبەری دا و گوتی: ئەوە جەنابی وەزیرە. فەرموو دانیشە. چاوم ئەبڵەق بوو، واقم وڕما، کە لێی وردبومەوە، تێمڕوانی خۆم پێکەنینم بە خۆم دەهاتەوە، نەدەچووە ئەقڵم. کورتەک و شەرواڵێکی مرادخانی لەبەردابوو، کڵاو و جەمەدانیش لەسەر. کۆمەڵێک بەردی قاوەیی لەناو لەپی دەستی چەپەی دابوو، بە دەستەکەی دیکەیشی بەردی ڕادەماڵی و دەیگوت: بخۆ.. بڕۆ.. باژۆ.. بخۆ.. بڕۆ... ئەمەش دامە. هەتا دەمێک کەس خۆی لە من نەگەیاند، خەریکی ڕیزکردنی دامە و هەڵگرتنی بەردی یەکدی

بوون. دوایی جەنابی وەزیر ئاوڕێکی لێ دەدامەوە و گوتی: خێر بوو هاتبووی؟ منیش بە قوونە تۆتکێ لێی نزیک دەکەوتمەوە و ورد و درشت مەسەلەکەم بۆ دەگێڕایەوە. هەستم بەوە کرد و هەر لە سەرەتاوە ئاگای لێم نەدەما، بە حەماسەوە خەریکی بردنە پێشەوەی بەردەکانی بوو. لەناکاو پڕ بە دەمی هاواری دەکرد، دامە و سواریشم! بەردەکانت لابە ئەگینا تۆویان دەبڕێنمەوە!! چەند جارێکی دیکە، هەمان پرسیاری لێ دووبارە و سێ بارە کردمەوە، منیش وەکو جاران ئاسایی، لێی دەچوومەوە پێشێ و بە نەرمییەوە دەمگوت: جەناب براکەم.. هێشتە تەواوم نەدەکرد، ئەو دامەیەکی دیکەی نزیک دەکرد و حەماسەت دەیگرت، پڕ بە دەمی هاواری دەکردەوە، دامە و بەردەکانت لادە! تاوەکووئەو دەستە دامەیە تەواو بوو، وا بزانم لە داخان گوشاری خوێنم بەرزبووەوە، پتر لە دە جارانی جەنابی وەزیر بە دەم یاریکردنەوە دەیگوت: ئێی گوتت بۆچی هاتبووی؟ منیش دەمزانی لەبەر یاری دامەکە، فڕی بەسەر جمهورییەتەوە نییە، بۆ موجامەلە وا دەڵێت. بۆیە یەکسەر دەمگوت: جەناب براکەم، هەر ئەوەندە و بەس! ئەویش تاوەکوو دەمێکی دیکە ڕووی تێ نەدەکردمەوە. ئێوارە درەنگ داهات. ئەوەندە دانیشتبووم، قاچەکانم لەژێرمدا سڕبووبوون. لە شەرمان نەبا، هەر زوو هەڵدەستام و جەنابی وەزیرم بەجێدەهێشت. سواربوونی کەر عەیبێکە و هاتنە خوارەوەشی دوو عەیب! منیش بۆ ئیشی براکەم هاتبووم، نەدەبوو بەبێ ئەنجام بگەڕێمەوە. خوا ڕەحمی کرد، پیاوەکەی بەرامبەری هەندێک دەستی خۆی شل کرد و خۆی بە دۆڕاندن دا، تۆ مەڵێ جەنابی وەزیریش، هەر ئەوەی مەبەست بوو، بۆیە هەر لەگەڵ بردنەوەیدا گشت بەردەکانی خستە لاوە و لە قاقای پێکەنینی دا و

گوتی: ئەمجارەش لێم بردییەوە!! خواردنی عەلەشیشەکەم حەڵاڵ کرد. ئەوجا ڕووی تێکردم و بە پێکەنینەوە گوتی: گوتت هاتبوویە لای کێ؟! بە زەردەخەنەیەکەوە گوتم: لای جەنابت. گوتی: دەزانیت من کێم؟ گوتم: تۆ جەنابی وەزیری دەوڵەت و نوێنەری سەرۆک کۆماریت. گوتی: بەڵێ، چ کارێکت هەیە؟ مەسەلەی براکەم بۆ گێڕایەوە و داوام لێی کرد، کە جەنابی بەو سیفەتەی وەزیرە و نوێنەری سەرۆک کۆمارە، داوا لە جێگری سەرۆک وەزیران یان سەرۆک کۆمار بکات بۆ گواستنەوەی فەرمانی براکەم. لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی دیارە تۆ خراپ تێگەیشتووی؟! گوتم: بۆ جەناب؟ گوتی: وا دەزانیت، کە من وەزیرم، وا بە ئاسانی چاوم بە جێگری سەرۆک وەزیران یان سەرۆک کۆمار دەکەوێت؟ بەسەرسووڕمانەوە گوتم: ئەی چۆن جەناب؟؟ بەدەم پێکەنینەوە، هەتا هێزی لەبەردابوو، جڕتێکی درێژی کێشا و بە دەنگێکی گەورەوە گوتی: تڕحێو!! تۆ کە هاوەڵاتیت ڕەنگ بێ نەترسیت و بتوانیت بە ئاسانی خۆت بگەیەنیتە لای هەردووکیان، بەڵام من جەژن و جەژن یان لە بۆنەکاندا نەبێت نایانبینم. ئەگەر باوەڕیش ناکەیت، وەرە لام لە پایتەخت. چوار وەزیرین لە یەک ڕیز. ئاماژەی بۆ ئەو دوو پیاوەی لەگەڵی دانیشتبوون کرد و گوتی: ئەم دوو پیاوەش دەبینیت؟ یەکیان سکرتێرمە لە وەزارەت، ئەوەی دیکەیشیان شوفێرەکەمە.

# دەبێ کێ دز بێت؟!

بوومە لێپرسراوی بەکرێدان و سەرپەرشتیاری خانووی هاوینەهەوارەکان.. خانوویەکم کردە بنکەی بەڕێوەبردنی کاروباری سەرپەرشتیاری و بەکرێدانی خانووەکانی دیکە. ژوورێکم کردە نووسینگەی کارگێڕی و دوو ژوورەکەی دیکەیش بۆ خەوتن و حەسانەوەی خۆم. ئەحمەد ناوێک لە جێیەکی دوورەوە بۆ ئیشکردن هاتە هاوینەهەوارەکان و بە مووچەیەکی کەم لە نووسینگەکەی ئێمە دامەزرا. کوڕێکی ئێسک سووک و قسە خۆش و خوێن شیرین بوو... دایک و باوکی نەمابوو. لە دوای خوا لە ئێمە زیاتر کەسی دیکەی شک نەدەبرد، یارمەتی بدەن. بۆیە لەلای خۆمەوە بڕیارم دا، کە کلیلی ژوورەی کارگێڕی بدەمێ، دوای تەواوبوونی کاتی ئیشکردن بۆ خۆی هەر لەوێ لەسەر قەنەفەیەک بخەوێت. ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیشت. ئەو کوڕە قۆزە بە ڕۆژ خەریکی خاوێنکردنەوەی ژووری کارگێڕی و بەڕێکردنی هاوینەخۆرەکان بوو، بە شەویش لەجیاتی ئوتێل بۆ خۆی هەر لەوێندەر لێی دەخەوت. لەبەر پڕ ئیشی و زۆری هاوینەخۆران سەرمان زۆر قاڵ بوو. تەنانەت نەمدەتوانی پشتی خۆم بخورێنم. هەر لە هەشتی بەیانییەوە تاوەکوو هەشتی شەو خەریکی دابینکردنی

خانوو بووین، بۆ گەشتیاران، ئیشوکاری سێ فەرمانبەرم ڕادەپەڕاند، سەرپەرشتی خانووەکان و بەکرێدانیان و بڕینی پسووڵەی پارەیم پێ سپێردرابوو. هەرچەندە بە پێی ڕێنوێنییەکانی وەزارەتی دارایی، دەبووایە ڕۆژێ بە ڕۆژێ ئەو پارە و پوولەی لە لامدا کۆدەبێتەوە، لیستەیەکی پێ ڕێک بخەم و بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ سەرەتای دەوام بیدەمە بانک، بەڵام هەروەکوو گوتم لەبەر سەرقاڵیم ماوەی ئەوەم نەبوو، وا بە وردی بە پێی ڕێنوێنییەکان بجووڵێمەوە. بۆیە نەک ڕۆژی جارێک تەنانەت جاری وا هەبوو خۆی لە نزیکی مانگێکەوە دەدا، نەمدەتوانی ڕوو لە بانک بکەم و ئەو پارە و پوولەی لە لامدا کۆبووەتەوە بەوانی بسپێرم. ڕۆژێک تازە سەرەتای دەستپێکردنی ئیشوکارەکان بوو. چوومە پشت مێزەکەم دانیشتم. مێزەکەم بریتی بوو لە مێزێکی ئاسنی چوار چاومێز. سێ چاومێز لەلایەک و یەکی گەورەش لە ناوەڕاستەوە. سویچەکەم لە باخەڵم دەرهێنا و چاومێزی ناوەڕاستم کردەوە. ئەو ڕۆژەیان سەرم چۆڵ بوو، بۆیە بە هەلمزانی کە خۆم خەریکی ڕێکخستنی لیستەی پارە و پسووڵەکان بکەم و ئەو پارە و پوولەی لەلامدا کۆبووەتەوە بینێرمە بانک. لیستەکەم ڕێکخست و کەوتمە ژماردنی پارەکان و بەراوردم کرد لەگەڵ نرخی ناو لیستەکە. بینیم شەش سەد دیناری کەمە. چەند جارێک بەراوردم کردەوە، هەمان ئەنجام دەرچوو. ڕەنگێکم هێنا و ڕەنگێکم برد، لە خەمان ئارەقەی سوور و شینم کردەوە. هەرچەندی بیرم کردەوە، نەمزانی ئەم لەکەمیدانە لە چییەوە پەیدا بووە، گومانم لە دەستپاکیی خۆم نەبوو. دڵنیا بووم لەوەی کە فلسێکی سوورم نەچووەتە قوڕگەوە، بەڵام چی دەڵێی، پارەیە و ناتەواوە، ناتەواویش واتای دزی دەدات بەدەستەوە، دزیش لێپرسینەوەی بەدواوەیە و بەندیخانە و

ڕیسوابوون و سزایە. بەدەستی خۆم ئەو پارانەم خستبووە ناو چاومێزی ناوەڕاستی مێزەکەمەوە و بە سویچ جوان کلیلم دابوو. لە منیش زیاتر سویچەکە لە لای کەس نییە، ئەی کەواتە کێ ئەو پارەیەی بردووە؟! زۆر لە مێزەکە وردبوومەوە، هیچ شوێنەواری شکان و دەسکارییم پێیەوە بەدی نەکرد. هەرچەندی کردم نەمدەزانی چۆن ئەم نهێنییە لە لای بەڕێوەبەری فەرمانگەکەمان بدرکێنم و داوای یارمەتی لێ بکەم. مووچەکەم هەشتا دینار بوو، ئەگەر هەشت مانگی ڕێک بەس بە هەوا بژی بوومایە، ئەوسا دەمتوانی کەلێنی ئەو پارەیە پڕ بکەمەوە. ئەمەش ئەستەمە! خەمی لیژنەی پشکنین و پێداچوونەوەی داراییش لە لایەکی دیکە بمێنێتەوە، خۆ هەر کاتێک ئەو لیژنەیە سەرێکی لێ پەیدا دەبوو، ڕۆح لە جێگەیەکی قایم بوو دەرنەدەهات، دەنا لە حەژمەتان هەر دەمردم. دوو هەفتە ئەم نهێنییە گەورەیەم لەناو مێشکی خۆم حەشاردا، زۆر جاران لە بیری خۆم دەمگوت (تۆ بڵێی ئەحمەدی کرێکار، ئەو پارەیەی نەبردبێت؟) دوایی هەر بە خۆم دڵنەوایی خۆم کرد و ئەم خەیاڵەم لە بیری خۆم فڕێ دەدا و دەمگوت (چۆن دەبێت ئەو باوەڕە گەورەیەی داموەتە ئەحمەد، ئێستەش وا بە ئاسانی لێی بستێنمەوە). زۆر دوودڵ بووم لەسەر تاوانبارکردن و نەکردنی ئەحمەدی کرێکار. وەکو یاری شێر و خەت، هەموو دەم لە بیری خۆمدا دەمگوت (هەوە.. هەو نییە.. دزە.. دز نییە.. بردوویەتی... نەی بردووە). دەمویست هەر زوو پێی بڵێم و ببڕێتەوە، بەڵام لەوە دەترسام، کە هەستی زامدار بێت! لەگەڵ بەسەرچوونی هەر ڕۆژێک زیاتر ترس لە دڵم دەنیشێت و لە بیری خۆمدا دەمگوت (ئەگەر لیژنەی پشکنین بێن و ئەم ناتەواوییەم لەلا شک ببەن، پێستەم دەبەنە دەباخانە و ماڵم وێران دەکەن. دەمخەنە بەندیخانەوە و

ڕیسوام دەکەن. ئەوجا با هەر هیچ شتێکم بە خۆم شک نەیەت، دەمی دونیام لێ دەبێتەوە و لە هەموو لایەک دەوڵم بۆ دەکوترێت). ڕۆژێک چەکمەجەی ناوەڕاستم کردەوە، ویستم تەماشای لیستەی خانووە بەتاڵەکان بکەم. بینیم نامەیەکم بۆ لە هاوڕێیەکی دوورە شارەوە بۆ هاتووە و لە سەرەوەی پارە و پوولەکانی ناو چەکمەجەکە داندراوە. کە چاوم پێی کەوت، چاوەکانم ئەبڵەق بوون. حەپەسام، سەری گوریسم کەوتە دەست، مەسەلەی پارەم هاتەوە یاد. لە بیری خۆمدا گوتم (ئەو دەستەی ئەم نامەیەی، لەناو ئەو چەکمەجەیە دانابێت هەر ئەویش شەش سەد دینارەکەی بردووە). پارەی حەڵاڵ ناڕوات. بێ لە دەستی من، وا پێدەچێت دەستێکی دیکەیش هەبێت لەناو چەکمەجەی ئەم مێزەدا بێت و بچێت. کەوتمە بیرکردنەوە، لە کوێوە دەست پێ بکەم، چی بە ئەحمەد بڵێم.

لە بیری خۆمدا دەمگوت (من هەموو متمانەیەکم داوەتە ئەو کوڕە، ئێستەش چۆن دەبێت، وا بە ئاسانی ئەم متمانەیەی لێ بستێنمەوە). بانگم کرد و پێمگوت: نازانیت ئەم نامەیە کێ خستوویەتییە ناو ئەم چەکمەجەیەوە؟ بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: لەگەڵ پۆستەی دوێنێ بۆت هاتبوو. لە یادم چوو دوێنێ پێت بڵێم، بۆیە خستمە ناو چاومێزەکەوە، تاوەکوو خۆت ببینیت و دەری بهێنێت، کە ئەمەی گوت لە جێی خۆم ساردبوومەوە. کەوتمە دوودڵی من چاوەڕێی ئەم قسەیەم لێی نەدەکرد. لە بیری خۆمدا گوتم: (ئەگەر ئەو پارەکەی دزی بێت، چۆن ئێستەکە دانی بەوەدا دەنا، کە هەر ئەویش ئەم نامەیەی بۆم خستووەتە ناو چاومێزەکەوە؟) زۆر ڕاوێژی مێشکی خۆمم کرد، بێ سوود بوو. نەچووە ئەقڵمەوە، یەکێک بەم شێوەیە پارە بدزێت و نهێنیی کردارەکەش، بدات بە دەست خاوەنەکەیەوە. ئەی باشە کێ ئەم

پارەیەی دزیوە؟ هەڵبەتە لە دوو کەس دەرنەچووە. یان خۆم یاخۆ ئەحمەدی کرێکار. ماقووڵ نییە، شەش سەد دینار لەو ناوەدا بەبێ هۆ تیابچێت. ئاویش نییە بووبێتە هەڵم. خۆ جنۆکەش نەیبردووە! کە سەیری دەموچاوی ئەحمەدم کرد، پاکی و بێ گەردی و دڵسۆزیم لێی بەدی دەکرد. بۆیە هەرچەندی دەمکرد نەمدەتوانی هەستی زامدار بکەم و بە دزی دەربهێنم. بە دز دەرهێنان زۆر ئاسانە. سەرچاوەکەی نووسینی ڕاپۆرتێکە. ئەفسەری پۆلیسیش دەپرسێت بۆ گومانت لەو کوڕەیە؟ منیش دەڵێم لەبەرئەوەی تەنیا من و ئەو لەو پرسگەیە کار دەکەین، دوای دەوامیش ئەو بەتەنیا لە ژووری کارگێڕی دەخەوێت، ئەویش دەڵێت، ئەوە مەرج نییە بۆ تاوانبارکردنی یەکێک کە نەیکردبێت. منیش دەڵێم دوای ونبوونی پارەکە بە چەند رۆژێک، ئەم نامەیەی خستبووە ناو هەمان چەکمەجەکەوە، کە کلیل دراوە و کلیلەکەیشی تەنیا لای خۆمە. ئەو کاتە قەناعەت بە قسەکانم دەهێنێت و ڕوو لە ئەحمەد دەکات و دەڵێت، وابوو؟ خۆ بوختانی پێ ناکەم، ئەوە قسەی خۆیەتی، هی من نییە. هەڵبەتە حاشای لێ ناکات دەڵێت وایە. ئەو کاتە کەلەپچەی لە دەست دەخەن و بەرەو بەندیخانە بەڕێی دەکەن. نازانم ئێوەش دەڵێن چی؟! وا بە خۆتان بینیتان چۆن ئەحمەد بە زاری خۆی دانی پێدا نا، کە بە دەستەکانی خۆی نامەکەی خستووەتە ناو چەکمەجەکەوە. من تاوەکوو ئێستەکەشی لەگەڵدا بێت، پێم نەگوتووە دزی، پێشی ناڵێم، چونکە متمانەم پێی هەیە، دوای دەوامیش لەوێ بخەوێت. چۆن بۆ شەش سەد دینار ئەم بڕوایەی لێ دەستێنمەوە؟! ناچێتە ئەقڵمەوە ئەحمەد دز بێت، ئێوەش دەڵێن چی؟! ماقووڵ نییە، وا بە ئاسانی واز لە تۆژینەوەی ونبوونی ئەم پارەیە بهێنم. ئەگەر ئەو پارەیە لە گیرفانی خۆم وێر نەکەم جێگەم بەندیخانە

دەبێت. ئەگەر خەبەری پۆلیسیش لە ئەحمەد بدەم، ئەو لەجیاتی من تاوانبار دەکرێت و دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی پۆلیسەوە. دەبێت لایەکیان هەڵبژێرم. بانگی ئەحمەدم کرد و گوتم: سویچی ئەو چەکمەجەیە تەنیا لە لای من هەیە، پێم ناڵێی چۆن توانیت، ئەم نامەیەم بۆ لە ناوی دابنێی، بەبێ ئەوەی بیکەیتەوە؟! بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: لەژێرەوەی مێزەکە لە نێوانی چەکمەجەکە و مێزەکەت بۆشاییەک هەیە، لەو بۆشاییەدا دەستم ڕەوانەی ناو چەکمەجەکە کرد و نامەکەم بۆت لەوێ دانا. ئەو جارەیان زیاتر شەیتان وەسوەسەی خستە ناو دڵمەوە، گومانەکەم لە جاران بەهێزتر بوو، لە بیری خۆمدا گوتم (لە ئەحمەد بترازێت، کەسی دیکە پارەکەی نەبردووە!) گومانم لە ئەحمەد پەیدا کرد. شەیتانیش خۆی خستە ناو مێشکمەوە و پێی دەگوتم (تەلەفۆنەکە هەڵبگرە، خەبەری پۆلیسی لێ بدە، با بیبەن، خۆیەتی، ئەو دزیویەتی. من وا ناڵێم ئەو خۆی وا دەڵێت). یەک دوو جاران دەستم بۆ تەلەفۆنەکە درێژکرد، دوایی شەیتانم بە نەعلەت کرد و وازم لێ هێنا. ئەحمەدیش نەیدەزانی مەسەلە چییە، لەسەر کورسییەکەی بەردەمم دانیشتبوو، بە پێکەنینەوە دەیگوت: بۆ نامەکەت ناکەیتەوە، بزانیت چی تێدا نووسراوە؟ ئاش لە چ حاڵ و ئاشەوان لە چ خەیاڵێکدا؟! من بە دەردی خۆم کەوتوومە و ئەویش لە ناوەخنی نامەکە دەپرسێت. وەی ئەگەر دەزانێت لە ناواخنی نامەکە زیاتر خەریکی شیکردنەوەی ناواخنی ئەوم ئێستە وا پێنەدەکەنیت. دڵم نەهات زەردەخەنەی سەر لێوانی بتۆرێنم، هەستی ناسکی زامدار بکەم، بە تاوانبارکردنی، بۆیە بڕیارمدا تۆزێک بە دیپلۆماسییانە لەگەڵیدا بجووڵێمەوە. پێمگوت: حەزدەکەم ئەم نامەیەم لێ وەربگریت و لەبەر چاوی من بیخەیتە ناو چەکمەجەکەوە، تا بزانم

چۆن وا زیرەکانە توانیت بەبێ کردنەوەی چەکمەجەکە، وا بە ئاسانی ئەم نامەیە بخەیتە دیوی ژوورەوەی؟ هاتە پێشێ، لە مێزەکە نزیک کەوتەوە. نامەکەی لە دەست وەرگرتم و دەستی خستە ژێرەوەی مێزەکە و بە پێکەنینەوە گوتی: دەبینیت چۆن لەم بۆشاییە دەستم دەخەمە ژوورەوە؟ سەرم خستە ژێرەوەی مێزەکە تاوەکوو دەستی ببینم، بزانم چۆن دەیخاتە ناو چەکمەجەکەوە. لەژێر مێزەکەم زەمبیلێک کاخەزی پیسی لێ بوو، بینیم پڕاوپڕی پارە و کلێنکسی پیس بوو. کە چاوم بە پارەکان کەوت، لە خۆشیان شاگەشکە بووم. دەستم بۆ سەبەتەکە درێژکرد و دەرمهێنا. دەستم کرد بە ژماردنی پارەکان. قەت بڵێی بۆ دەرمانیش فلسێکی ناتەواو نەبوو. ئەحمەدیش دەتگوت لە گوێی گادا نووستووە، دەستی لەژێرەوەی مێزەکە چەقی، دەم و چاوەکانی بڕی بوونە من و دەیگوت: ئێستە زانیت چۆن نامەکەم خستە ناو چاومێزەکەوە؟! لە قاقای پێکەنینم دا و گوتم: بەڵێ لەژێرەوەی مێزەکەدا.

# چۆن بووە سکرتێری گشتیی پارت!

بە لای پارێزگەدا تێپەڕ دەبووم، پیاوێکی قەڵەو، ڕانک و چۆخەی کر لەبەر، دەمانچەیەکی نیکل و خەنجەرێکی دەبان لەبەر پشتی، بانگی کردم. ئاوڕم لێی دایەوە، لە پێش دەرگەی پارتێکی سیاسی وێستابوو. شەش حەوت چەکداریش بە دوایەوە. هەڵوەستەیەکم کرد و لێی وردبوومەوە، لە ناسینی گومانم پەیدا کرد. بەمەندە نەوێستا، بەرەو لام هات و باوەشی پێداکردم، هەردوولا ڕوومەتی ماچ کردم و لە هەواڵی پرسیم. گوتی: نامناسییەوە؟ گوتم: زۆر شێوەت لە عوسمان دەکات، ناکات هەوبیت؟! لە قاقای پێکەنینی دا، گوتی: بەڵێ هەوم، دیارە نەتدەناسیمەوە؟! بە سەرسامییەوە گوتم: بێ قەزابی، چۆن بتناسمەوە. تۆ و ئەم چەک و جبەخانەیان نەگوتووە. ئەی تۆ لەوەتی دەتناسم، هەر خەریکی نواندن و پیشەی نانەوایی نەبووی؟! گوتی: نواندن و نانەوایەتی لەسەرم تاپۆ نەکراوە! بە خۆت دەزانیت، گرانییە و گوزەران بە زەحمەت کەوتووە. ئێستەش وەکو جاران نانفرۆشتن ڕەواجی نەماوە، نواندنیش بەهرەیە هیچ نان نادات. لەو دواییەدا بیرم لەوە کردەوە خۆم بە شتێکی دیکەوە خەریک بکەم، جێی ئەم دوو شتە بگرێتەوە و ڕەواجیشی باشتر بێت. سەرم سووڕما، یەکەمین

جاره قسه‌ی وام گوێ لێ بێت. گوتم: چۆن ئه‌م کاره‌ی تۆ نانیش ده‌دات؟! ده‌ستی گرتم و به‌ره‌و ژووره‌وه‌ی باره‌گایی پارته‌که‌ی کشاندمی. چه‌ند ژوورێکی پێکردم. به‌ده‌م ڕۆیشتنه‌وه، ئاماژه‌ی بۆ ژووره‌کان ده‌دا و ده‌یگوت: ئه‌مه ژووری لێپرسراوی یه‌که‌مه، ئه‌مه‌ی دیکه‌یان ژووری لێپرسراوی ئه‌نجومه‌نه، ئه‌و ژووره‌ی ته‌نیشت ئه‌ویش ژووری کادیرانی پێشکه‌وتووه، ئه‌وه‌ی دیکه‌یشیان ژووری پاڵێوراوانی پارته‌که‌مانه. چه‌ند ژوورێکی دیکه‌یشی نیشاندام و هه‌ریه‌کی ناوێکی بۆ دانابوو، هه‌تا گه‌یشتینه ژوووورێکی گه‌وره، له پێشه‌وه‌ی کورسی و مێزی سکرتێرێکی لێ دانرابوو. ئه‌وه‌ی جێی سه‌رسووڕمان بوو، زۆرینه‌ی ژووره‌کان ڤاڵابوون. هه‌روه‌کوو له ڕۆژنامه و گۆڤاره‌کاندا، جۆره زانیارییه‌کم له باره‌ی پارت و ڕێکخراوه سیاسییه‌کان په‌یدا کردبوو، سه‌یرم به دیمه‌نی ئه‌م پارته ده‌هات. دانم به خۆمدا گرت، بۆ هه‌لێک لێی گه‌ڕام تیایدا کۆمه‌ڵێک پرسیار و سه‌رنج بخه‌مه ڕووی هاوڕێکه‌م. چووینه ژوورێکی دیکه، دیواره‌کان به نه‌قش و نیگار ڕازابوونه‌وه، گڵۆپی ڕه‌نگاوڕه‌نگ به بنمیچی ژووره‌که شۆڕبووبوونه‌وه، چوار ته‌له‌فۆنیش له‌گه‌ڵ سێتێک قه‌ڵه‌می گرانبه‌ها و کاتژمێرێکی سه‌رمێز، سه‌رمێزه‌که‌یان ڕازاندبوووه. له پشته‌وه‌ی مێزه‌که وێنه‌یه‌کی گه‌وره‌ی هاوڕێکه‌م، له‌ناو چوارچێوه‌یه‌کی ساج به دیواره‌که‌دا هه‌ڵواسرابوو. له‌ژێره‌وه‌ی وێنه‌که‌دا نووسرابوو، وێنه‌ی به‌ڕێز ڕازگری گشتیی پارت. سه‌یرێکی نووسینی ژێره‌وه‌ی وێنه‌که‌م کرد و له وێنه‌ی هاوڕێکه‌م وردبوومه‌وه، مانگێک له‌مه‌وبه‌رم هاته‌وه یاد. (به‌یانی زوو بوو، بۆ لای عوسمانی هاوڕێم هاتم، لام دایه لای و له کاری هونه‌ریم پرسی له‌به‌ر سه‌رقاڵی خۆی و وه‌ڵامدانه‌وه‌ی منیش ئاگای له نانی ناو ته‌نووره‌که بڕا، له

پازده نان تەنیا یەک نان و نیوی لێ دەرچوو، ئەوانی دیکە گشتی سووتان). چووە پشتەوەی مێزەکە دانیشت، منیشی لەسەر کورسییەکەی بەرامبەر خۆی دانیشاند. بە سەرسامییەوە پێم گوت: ماقووڵە وا گەورە بووبیت و من پێم نەزانی بێت؟! گوتی: خوا گەورەیە، من هەر عوسمانی جارانم، تەنیا بەهرە و پیشەکەم گۆڕاوە. گوتم: چۆن وا دەڵێی، چما سەرۆکایەتیی پارتێک گاڵتەیە. پیاوی سیاسی هەموو ژیانی لە ڕێی میللەتەکەی بەخت دەکات و چەندان جار دوژمن تەڵەی بۆ دادەنێتەوە، تووشی بەندی و ڕەنجەڕۆیی و ئاوارەیی دەبێت و لە پەتی سێدارە قوتار دەبێت. ئەگەر خوا تەمەن بدات، ئەوسا دەبینیت، ڕەنجەکەی بە فیڕۆ نەچووە، بە ئاشکرا لە پشتەوەی مێزێکی وادا دادەنیشێت. بە پێکەنینەوە گوتی: ئەوە چییە پێمان ڕادەبوێریت؟! بە شەرمێکەوە گوتم: ئەستەغفیروڵڵا، بە شانازییەوە وا دەڵێم، کێ هەیە ئەم ڕۆژەی بۆ هاوڕێی خۆی نەوێت. گوتی: ئێستە گوزەرانت چۆن دەسووڕێت؟ گوتم: زۆر خراپ. سەری لێم هێنا پێشەوە، گوتی: هەی لە منت نەکەوێت! چی دەڵێی وا بکەم تۆش بکەنە لێپرسراوێکی...پارتەکەمان؟ ویستم وەڵامی بدەمەوە. ماوەی نەدام، تێی هەڵکردەوە گوتی: مانگی چوار سەد دینار باشە؟ پێکەنینم بە قسەکانی هات و گوتم: ئەوە چی دەڵێی؟! هەرچەندە لە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی و پارت کارم نەکردووە، بەڵام سەرم لێی دەردەچێت. هەتا یەکێک دەگاتە ئەو پلەیە نیوەی تەمەنی تیای بەسەر دەبات. بە پێکەنینەوە گوتی: ئەمە قسەی ناو دەفتەر و کتێبە؟! منیش گوتم: فلان کەس لە تەمەنی منەوە لە پارتەکەی کار دەکات، چەند جاریش بەند کراوە و ئێش و ئازاری چەشتووە و دەربەدەری شاران و چۆڵ و چیا بووە، ئینجا جێگری سکرتێری گشتیی پارتەکەیەتی!!

گوتی: نان ئەو نانەیە، ئەمڕۆ لە خوانە، تۆ قسەی من وەربگرە و حەقت بەسەر نووسینی ناو کتێب و پێڕۆی ناوخۆی پارتەکان نەبێت؟! قسە شتێکە و کردار شتێکی دیکەیە!! گوتم چۆن؟ گوتی: چۆن لە سای برادەرانی دڵسۆز دەوڵەت ئەم پارتەی بۆ دامەزراندووم و مووچەیەکی باشیشی بۆ بڕاندمەوە، ئەوهاش تۆ دەکاتە خەباتگێڕ و بە فەرمانێک نیوەی تەمەنت بۆ پاشەکەوت دەکات. لە قاقای پێکەنینم دا گوتم: با بزانم لێپرسراوی یەکەم و کادیری پێشکەوتوو و پاڵێوراوانی پارتەکەتان کێن و ژمارەی ئەندامانتان، تاوەکوو ئێستە گەیشتووەتە چەند؟ لە چاوەی مێزەکەیەوە، دەفتەرێکی دەرهێنا، چاوێکی پێداخشاند و گوتی: مەبەستت هەر ئێرەیە یان گشت ئەنجومەنەکانمان لە سەرتاپای وەڵاتدا؟ گوتم: هەر هەموویان. گوتی: نزیکی پەنجا ئەندامێک دەبێت، بێ لە حەوت پلەی بەتاڵ. یەکیان ئەو فەرمانەیە، کە عەرزی جەنابتانم کرد. هەستامە سەرپێ، خوا حافیزم لێی کرد. گوتی: چیت گوت، دەتەوێت بتکەینە لێپرسراوی بەشی...؟ گوتم: نەخێر، ئەم کارە بە من  ناکرێت، هەر خەریکی نواندنەکە دەبم. گوتی: ئەمەش هەر نواندنە، بەڵام پارەشی لەگەڵدایە.

# چۆن بوومە جێگەی متمانەپێکردن!

دە ساڵ زیاتر بوو کارمەندی ئەو فەرمانگەیە بووم. تا بڵێی بە پەرۆشەوە ئیشوکارەکانم جێبەجێ دەکرد، هەر جێی نارەزامەندی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتیی بووم. بە حەسرەتی ئەو ڕۆژە بووم، کە سوپاسنامە و خەڵاتم بدرێتێ، وەکوو هەندێک لە فەرمانبەران. زۆرم بیرکردەوە، سەرم لە نهێنیی ئەم هەڵسەنگاندنە دەرنەدەچوو. فەرمانبەری وا هەبوو حەفتەی ڕۆژێک دەوامی نەدەکرد، نەیدەزانی ناوی خۆی بە تەواوی بنووسێت، کەچی مانگی جارێک سوپاسنامەی ئاڕاستە دەکرا و لە بۆنەکاندا خەڵات دەکرا. لێپرسراوی بەشەکەمان لەوێ نەبوو، پشووی دوو هەفتەی وەرگرتبوو. لەجیاتی ئەو منیان لە لێژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی ساڵانەی فەرمانگەکەمان دانا. کۆنگرەکەمان لە هۆڵێکی گەورە بەست. هەر لە بەڕێوەبەری گشتیی و جەنابی پارێزگارەوە تا دەگاتە وەزیری حوکمی خۆجێییەتی و زۆرینەی لێپرسراو و فەرمانبەرانی سەر بە فەرمانگەکەمان لەو کۆنگرەیە ئامادەبوون. لە بەرامبەر میوانەکان، لە پشت دوو مێز، جەنابی پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەری فەرمانگەکەمان و لێژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەکە دانیشتبوون. منیش بە تەنیا لە پشتەوەی ئەوان لە پشت مێزەکەوە دانیشتبووم، کۆمەڵێک کاخەز و قەڵەمم لەبەر دەمدا بوو. ئەوەی لەو کۆنگرەیە دەگوترا دەمنووسیوە. لەناو گەرمەی کۆنگرەکەدا، پارێزگار ئاوڕی لێم دایەوە و بە ئاماژە بانگی

کردم. چوومە لای، سەری لێم نزیک کردەوە و بە ئەسپایی پێی گوتم: کە کۆنگرەکە تەواو بوو، لەگەڵ شۆفێرێک بچۆ بازاڕ، فەردەیەک گوێزی باش بکڕە، بە ناوی من بۆ جەنابی وەزیری ببە، کە لە ئوتێلی.... دابەزیوە؟ یەکەمین جار بوو، ببینم گوێز کڕینیش پێوەندیی بە کۆنگرەی ساڵانەی فەرمانگەوە هەبێت! هەرگیز هاموشۆی لێپرسراوانی گەورەم نەکردبوو، بۆیە سەری خۆم لەقاند و بەبێ ئەوەی داوای پارەکەی لێ بکەم گوتم: فەرمان دەکەیت جەناب. دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە بەڕێوەبەری گشتیی بانگی کردم، بردمی بۆ لاوە و پێی گوتم: ئەو گوێزەی کە دەیکڕیت بە ناوی من بۆ جەنابی وەزیری ببە. بە خۆت دەزانیت لە دواییدا دەبێت هەر خۆمان پارەکەی بدەین، چونکە ئەمە کۆنگرەی سەڵانەی ئێمەیە، نەک پارێزگار. سەرم بۆ لەقاند و گوتم بەڵێ فەرمانتە. ویستم بڕۆم، هێشتە نەگەیشتبوومە دەرگەی دەرەوە، بەڕێوەبەری خۆشمان بانگی کردم و هەمان قەوانی بۆ لێدامەوە گوتی: ئەم گوێزەی کە دەیکڕیت، بە ناوی من بۆ جەنابی وەزیری ببە و پێی بڵێ گوێزی باخچەکەی خۆیانە لە تەوێڵە. ئەو جارەیان خۆم بۆ نەگیرا و گوتم: جەناب، نازانم بە قسەی کامەتان بکەم. پارێزگار، بەڕێوەبەری گشتیی یان جەنابت؟ بە پێکەنینەوە گوتی: بە قسەی من بکە، خۆت دەزانیت پارێزگار لەوە گەورەتر نابێت، پارێزگاری شارێکە، هەموو ساڵێک ئۆتۆمۆبیلێکی مۆدێل...... وەردەگرێت، لەوە زیاتر چی دەوێت؟ بەڕێوەبەری گشتیش، ڕەق و تەق دەڵێی عەلەشیشە، خۆت دەزانیت کاری ئەم بەڕێوەبەرێتییە گشتییە لەسەر شانی من و ئێوەیە، بۆ هەر ئەوان ببن بە شت و ئێمەش لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە. ئەگەر بوومە بەڕێوەبەری گشتیی ئەوا ساڵێک پێشت دەخەم بۆ بەرزبوونەوەی پلەی فەرمانت. هەندێک بیرم لێ کردەوە، قسەکانی چووە ئەقڵم و پەسندم

کرد. شوفێرێکم لەگەڵ خۆم بردە بازاڕ، فەردەیەکی گەورە گوێزی باشمان کڕی و بەرەو ئوتێلی...... گەڕاینەوە. گوێزەکەم لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بەجێهێشت و خۆم چوومە دیدەنی جەنابی وەزیر. دەتگوت وەزیر زانیویەتی دیاریم بۆ هێناوە، بە ڕووی خۆشەوە پێشوازی کردم. لەجیاتی بەرەو ژوورەکەی خۆی بمبات، بۆ لای ئۆتۆمۆبیلەکەی بردم. بانگی پۆلیسێکی کرد. سندوقی جامپۆکەی پێی کردەوە گوتی: کوا لە کوێیە؟ واقم وڕما. لە بیری خۆمدا گوتم هێشتان هیچم پێی نەگوتووە، چۆن زانیی دیاریم بۆ هێناوە. گوێزەکەم بۆ دەرهێنا، لەگەڵ شوفێرەکەمان بە دووقۆڵی خستمانە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەوە، ویستم بڵێم بەڕێوەبەرەکەمان بۆی ناردووە. پشتی تێکردم و بە دەم ڕۆیشتنەوە گوتی: پێی بڵێ سوپاس گەیشت. نەمزانی لەگەڵ کامیانی بوو، پارێزگار یان بەڕێوەبەری گشتیی یان بەڕێوەبەرەکەی خۆمان یان لێپرسراوێکی دیکە من پێی نەزانم! فەردە گوێزەکە زۆری لێ کەم بووبوووە، بەڵام لەپێش جەنابی وەزیر نەمویست بە شوفێرەکەمان بڵێم چی لێهات. سواری پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بووم. ڕووم لە شوفێرەکەمان کرد و پێمگوت: گوێزەکە فەردەیەکی تەواو بوو، کە کڕیمان، خۆ جنۆکە نەیبرد بۆ وا کەم بوو بوووە؟! لە قاقای پێکەنینی دا، کیسەیەکی گەورەی پڕ لە گوێزی لە پشتەوەی کوشنەکەی دەرهێنا و گوتی: بۆ هەر وەزیر ددانی هەیە گوێز بخوات؟! لەوەتی لەو فەرمانگەیەیە دامەزراوم خێری گوێزێکم لێ نەدیتووە، دەبا ئێستە لە سایەی وەزیر ئەم خێرەی لێ ببینم!! چەند ڕۆژێک بەسەر چوو، کەس دەستی نەبردەوە باخەڵ پارەی گوێزەکەم بداتەوە. خۆ منیش ئەحمەد قەدۆ نیم، هەتا گوێم لێی نەبێت. ناچار بووم پەردەی شەرم لەسەر ڕووم هەڵگرم. چوومە لای بەڕێوەبەر و پێمگوت: وەکوو ئاگادارن پارەی گوێزەکەم لە باخەڵی خۆم داوە. مووچەکەم

کەمە، بگرە فەرمان بفەرموون بمدەنەوە؟ چاویلکەکەی خستبووە سەر لووتی، خەریکی ڕەشکردنەوەی کاخەز بوو، وەک بت، دەتگوت لەگەڵ ئەویشم نییە، ورتەی لە دەم دەرنەچوو. جارێکی دیکە بە دەنگی بەرز لێم دووبارە کردەوە. ئەوجارەیان لەژێرەوەی چاویلکەکەی بە تیلی چاوی سەیری کردم و بە منگە منگەوە گوتی: بڕۆ لایی بەڕێوەبەری گشتیی. ئەی نەیگوت بە ناوی من بۆ وەزیری ببە؟ کەچی ئێستەش خۆی لە گێلی داوە. چوومە لای بەڕێوەبەری گشتیی هەندێک زەحمەتە. سکرتێرەکەی دەیویست نەهێڵێت بچمە لای، گوایا کۆبوونەوەی هەیە. خۆم بۆ نەگیرا بەبێ ئەو ملم لە ژوورەوە نا. هەرچەندی سکرتێرەکەی بانگی کردم. هیچ ئاوڕم لێی نەداوە. چوومە بەردەمی پێمگوت: جەناب بۆ پارەی گوێزەکە هاتوومە، خۆت دەزانیت... هێشتە قسەم تەواو نەکردبوو، ئەویش وەکو بەڕێوەبەر ئاسا هەر سەریشی بەرزنەدەکردەوە، گوتی: بڕۆ بۆ لای جەنابی پارێزگار، ئەم ئاین و ئۆینە هی ئەوە بوو، با ئێستەش پارەکەی بدات. لە داخان وەختابوو مێشکم شەق ببات، بە هەموویان دەیانویست پارەکەی من لە شیش بدەن. ئەمری خوا و ڕەزای حەق، لە شوێنی وا پیاو ناتوانێت قسەی حەقیش بکات، نەوەکوو دڵیان بڕەنجێت. بە ساردی چوومە دەرەوە و تاوەکوو لای جەنابی پارێزگار ڕانەوەستام. سێ چوار پرسگەم بڕی هەتا گەیشتمە لای سکرتێرەکەی لەبەر تەلەفۆن هەڵگرتن و دانانەوە ئاگای لە من نەبوو. دەتگوت بگۆڕی تەلەفۆن. لە داخان سەرم ئەستوور بوو. چاوەکانم بڕی بووە دەستی سکرتێر و چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، کەی لێ دەبێتەوە، تاوەکوو ئاوڕێکم لێ بداتەوە. بە هەزار فاتیحە و قوڵوەڵڵا تاوەکوو دەستی بەتاڵ بوو. شادەیەکی بە حەقم هێنا، داوای چوونە لای جەنابی پارێزگارم لێی کرد. پسووڵەیەکی نووسی و بە خزمەتگوزارەکەی ناردییە ژوورەوە. دەستم کرد بە سەرەتاتکێ لەگەڵ

ژووری پارێزگار و گوێبیستی زەنگەکەی بووم، هەر جارێک زەنگی لێ دەدا و دەرگەکەی دەکرایەوە، بستێک لە جێی خۆم ڕادەچەنیم، وامدەزانی بانگم دەکات. تاوەکوو دەوامیش تەواو بوو هەر بانگی نەکردم. لەگەڵ تەواووونی دەوام، سکرتێرەکەی فایلەکانی پێچایەوە ناو یەک و گوتی: چاوەڕێی چی دەکەیت، وا دەوام تەواو بوو، بەیانی وەرەوە. گوتم: بەیانیش هەر هەمان تاس و حەمامە، هەتا نەیبینم ناچمەوە. لەم قسانە بووین، پارێزگار لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە. خۆم گەیاندێ و پێمگوت: دەمناسیتەوە، کە بە ئەمری جەنتان گوێزم بۆ جەنابی وەزیر کڕی؟ سەری خۆی لەقاند و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی: ئەی چۆن ناتناسمەوە، ئافەرین سەلام لە بەڕێوەبەری گشتیی بکە... ویستم داوای پارەکەمی لێ بکەم، هەر قاچێکی کردە دووان و کۆمەڵ: پاساوانیشی بەدواوە بوو، وەکو گولله چووە خوارێ و هەر ئاوڕی لێم نەداوە. بە ساردی گەڕامەوە ماڵێ، لە خەمان هیچ نانم پێ نەخورا، دەست لە ئەژنۆ بۆی دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە. بەیانی کە چوومەوە فەرمانگە، لە خەمان سەرم بەسەر مێزەکەی بەردەمم کردبوو، نقومی دەریای خەیاڵ بووبووم و ئاگام لە خۆم نەمابوو. لێپرسراوی بەشی خۆیەتی گوتی: دەڵێی تەواو نیت، بۆ پشوو وەرناگریت؟ سەرم بەرزکردەوە و گوتم: نەخۆش نیمە، لە خەمی فەردە گوێزەکەی لەمەڕ وەزیر وەختە مێشکم بتەقێت! ورد و درشت مەسەلەی کڕینی گوێزەکەم بۆی گێڕایەوە. لە قاقای پێکەنینی دا گوتی: هەی لە منت نەکەوێت بۆ خەم دەخۆیت، ئەوە هەر هیچ نییە، فەردە گوێزەکەت بە چەند کڕیوە بە زیادەوە پارەکەی بخەرە سەر خەرجی میوانداری و هەڵسووڕاندنی کۆنگرەکە. گوتم: ئەم لیستەیە چ پێوەندییەکی بە پارەی گوێزەکەوە هەیە؟ گوتی: کە خۆیان لە گێلی دەدەن واتای ئەوەیە خۆیان دەیانەوێت لە

لیستەی خەرجی کۆنگرەکە شوێنێک بۆ ئەم پارەیە بکەیتەوە!! گوتم: چۆن، تیایدا بنووسم فەردەیەک گوێزەکەم کڕیوە بۆ وەزیر؟ پێکەنی و گوتی: نابێت باسی گوێز بکەیت! لەجیاتی بەرخێک لە لیستەکە ژمارەی بکە بە دوان، لەجیاتی سندوقێک مێوەجات بنووسە دووان، ئەگەر دەشتەوێت پارەی تاکسی و هاتوچۆ و ماندووبوونی ئەم دوو ڕۆژەشت بۆ بمێنێتەوە، دەتوانی دەسکاری نرخی هەندێک وردەواڵە و شتی دیکەیش بکەیت. پێمگوت: ئەگەر لیستەکەت بۆ بێنم بۆم چاک دەکەیت؟ گوتی: بۆ نا؟ لیستەکەم بۆی هێنا و خستمە بەردەمی. ورد و درشت دەستی بە گشت ناوەڕۆکی لیستەی خەرجییەکەدا گێڕا. ئەنجام پارەی زیادەکە زۆر لە نرخی فەردە گوێزەکە زیاتر دەرچوو. پێمگوت: ئەو دەسکارییەی تۆ کردت زۆر لە نرخی گوێزەکەی من زیاتری کرد!! بە پێکەنینەوە گوتی: ئەی نابێت لەبری جێکردنەوەی ئەم پارەیە، شتێکی بۆ ئێمەش تیادا بێت. بەم شێوەیە پارەکەی خۆم هاتەوە و دەست. هەرچەندە سەرەتا زۆر پەشیمان بوومەوە، کە ئەو پارەیەم لە باخەڵی خۆم بۆ پارێزگار دەرهێنا و بەو دەردەسەرییە هەتا بە هەزار ناڵی عەلی بە مایەی خۆم هەستامەوە و بە هەزار فڕوفێڵ و بە یارمەتی لێپرسراوی بەشەکەمان پارەکەم هاتەوە دەست، بەڵام ماندووبوونم بە فیڕۆ نەچوو، هەر لەو ڕۆژەوە بوومە جێگەی متمانەپێکردنی بەڕێوەبەری خۆمان و بەڕێوەبەری گشتیی و جەنابی پارێزگار!! هەموو ساڵێکیش لە لیژنەی خەرجی و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرەی ساڵانەی فەرمانگەکەمان دایاندەنام. پێشتر کە بە حەسرەتی سوپاسنامەیەک بووم، ساڵی جارێک ئاڕاستەم بکەم، ئێستە لە سوپاسنامە وەڕس بوومە و مانگی جارێک پاداشتێکم دەدەنێ و لە هەموو بۆنەکانیش خەڵاتی باشترین و زیرەکترین فەرمانبەرم پێ دەبەخشن.

# تەنەکەیەک هەنگوین و ڕاوەکێک ماست!

گریمان مووچەکەی ئەویش بە قەد مووچەکەی من بێت. هەرچەندە من فەرمانبەرم و ئەو کرێکارە، بەڵام من دوو منداڵم هەیە، ئەو شەش منداڵی هەیە، بۆیە دەرماڵەی منداڵەکانیی لە من زیاترە. نەوەت و دوو دینار، ئەگەر هەر هەمووی دەست لێ نەدرێت و پاشەکەوت بکرێت، لە ڕۆژی دامەزراندنەوە تاوەکوو ڕۆژی خانەنشینبوون دەکاتە بیست و حەوت هەزار و شەش سەد دیناری ڕێک، بە مەرجێک نان و ئاویش نەخوات، بە هەوا بژییێت و کرێی خانووشی لێ نەدات و نەشزانیت نە خۆیو خۆشی چییە!! ئەی کەواتە چۆن توانی ببێتە خاوەنی ئوتێلێکی چوار نهۆمی گەورەی گەشتیاریی لەو هاوینەهەواردا؟! هەموو ڕۆژێک، کە دەیبینیت، ئەم قسانەی لە بیری خۆیدا دەگوت و کۆمەڵێک کاخەزی بەم وردە حیسابانە ڕەش دەکردەوە، بێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێک. کرێکاری نووسینگەی بەکرێدانی خانووبەرەی گەشتیاریی بوو لە هاوینەهەوارەکاندا. بە قودرەتی قادر و بە چاو قوچانێک لە هیچەوە بووە خاوەنی باشترین و گەورەترین ئوتێلی ئەم هاوینەهەوارە. سەرەڕای ئەمەش ئۆتۆمۆبیلێکی مارسیدسی نوێ و گەلابە و شۆفەلێشی هەبوو. لە هەمووشی سەیرتر، ئەوەبوو هەرچەندە بە تەمەن گەورە بوو، خزمەتیشی لە ڕادەی خانەنشین بوون تێپەڕ بووبوو، کەچی خۆی خانەنشین نەدەکرد. هیچ کەس سەری لە کاری ئەم پیاوە

دەرنەدەچوو. بەڕێوەبەری هاوینەهەوار، کە خۆی بە کۆنە دەرەبەگ دەخوێندەوە، کەچی بە حاڵە حاڵ توانی بووی ئۆتۆمۆبیلێکی لادا بە دوو عانەی پاشەکەوت بکڕێت و فیزی پێ لێ بدات، کە ئەو هەر بە فشە و بە چاوقوچانێک توانی ببێتە خاوەنی ئەم هەموو شتانە!! جا چۆن مرۆڤ واقی ناوڕمێت و چاوەکانی ئەبڵەق نابێت؟! زۆری بیر دەکردەوە سەری لەم نهێنییە دەرنەدەچوو. زۆر جاران گومانی لێیی پەیدا دەکرد و لە بیری خۆی دەیگوت (شەیتان بە نەعلەت بێت، باوەڕ ناکەم دزبێت. بۆ دزبێت ئەم بەستەزمانە لە یاریدەدانی فەرمانبەر زیاتر هیچی دیکەی لەبەر دەستدا نییە!) ڕۆژێک ئەم وردە حیسابانەی، لەناو مێشکدا جەنجاڵیان دەدا. کۆمەڵێک کاخەزی لەبەردەم خۆی دانابوو خەریکی کۆکردنەوەی مووچەکەی ئەو بوو. لێکی دەدا و دابەشی یەکدی دەکرد کەوتبووە گێژەنی بیرکردنەوە، ئاگای لە خۆی نەمابوو. لەسەر کورسییەکی حەیزەران لە بەر دەمیی دانیشتبوو، جگەرەی بەدەمەوە بوو. هەموو کاخەزەکانی خستە بەردەم و پێی گوت: کەس هەیە بێ نان و ئاو بژییێت؟!

– نەخێر.

– کەس هەیە تاوەکوو دەشمرێت هیچ لە مووچەکەی خەرج نەکات و گشتیی کۆ بکاتەوە؟!

– نەخێر.

– ئەی پێم ناڵێی چۆن تۆ ژیاویت، کە هیچت خەرج نەکردبێت؟!

لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی: سوعبەتم لەگەڵ دەکەیت یان بەڕاستیتە؟!

بەڕاستیمە بۆ وا نییە؟!

بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

- بۆ کەس هەیە بەبێ خەرجی بژیێت هەتا من دووەمین کەس بم؟ کاخەزێکی خاوێنی ڕاکێشا بەردەمی و دەستی کرد بە ڕەشکردنەوەی و گوتی:

- مووچەکەت چەندە؟

- بە هی خۆم و منداڵەکانمەوە دەکاتە هەشتا و پێنج دینار.

- وا بۆم کردی بە نەوەت و دوو دینار. ئەگەر گشتیی کۆبکەیتەوە ساڵی دەکاتە هەزار و سەد و چوار دینار، دوای بیست و پێنج ساڵ خزمەت دەکاتە بیست و حەوت هەزار و شەش سەد دینار. وایە یان نا؟

- بەڵێ وایە. زیاتر لێی چووە پێشێ و بە نەرمییەوە پێی گوت:

- پرسیارێکت لێ بکەم خۆ زوویر نابیت؟

- نەخێر.

- ئەم ئوتێل و مارسیدس و گەلاَبە و شۆفەڵەت لە کوێ هێنا؟! لە قاقای پێکەنینی دا و هەڵسایەوە سەرپێ بەدەم پێکەنینەوە گوتی: دەڵێم ئەوە بۆ لەوەتی پێکەوە کاردەکەین، هەر خەریکی کاخەز ڕەشکردنەوەیت و بە چاوی گومانەوە سەیرم دەکەیت، تۆ مەڵێ زۆر خراپم تێگەیشتووی؟ بۆ لات وایە من چەد ساڵە بە پارەی مووچەکەم ژیاوم؟ بۆ ئەم پارەیە بەشی گوزەران دەکات، تاوەکوو ئەوەندەی لێ پاشەکەوت بێت؟!

- ئەی لە کوێت هێنا؟

- ناکات بڵێی دەستی ناچاکە! تۆ خۆت دەزانیت من کرێکارم، تەنیا یاریدەی فەرمانبەرانم داوە هەروەکوو چۆن ئێستەش یاریدەدەری تۆمە. جا ئەگەر بە ماڵی دزی بوویمە، خاوەن ئەم سامانە ئەوا دەبوو ئێستە جەنابتان و ئەوانەی پێشووی تۆش حیسابێکیان بۆ حاڵی

خۆیان بکردبایە.

- ئەی ئەگەر پاشەکەوت نەبێت و ماڵی دزیش نەبێت، ئەی ئەم هەموو سامانە زۆرە لە کوێوە هات؟!

- بە دوو تەنەکە هەنگوین و ڕاوە ماستێکی هەولێر هاتووە!!

لە قاقای پێکەنینی دا گوتی:

- ناکات گاڵتەم پێ بکەیت، ئەم سامانە زۆرە کە بە مووچەی تەمەنێک کۆنەبێتەوە چۆن بە دوو تەنەکە هەنگوین و ڕاوەکێک ماست کۆدەبێتەوە؟!

بە لاتەوە سەیر نەبێت. کاتێک کە بیستم نیازیان وایە بایەخ بە هاوینەهەوارەکان بدەن و پارچە زەوی بدەنە، ئەو کەسانەی پڕۆژەی گەشتیارییان لەسەر دروست دەکەن. منیش کە ئەمەم بەر گوێ کەوت، خێرا خۆم گەیاندە بەغدا و دوو تەنەکە هەنگوین و ڕاوەکێک ماستم بە دیاری بۆ ئەندازیارێکی کۆنە هاوڕێم لە دەزگەی باڵای گەشتیاریی برد و ئەم داوایەشم لێی کرد. واسیدەی بۆ کردم و پارچە زەوییەکی هەزار مەترییان بە خۆڕایی دامێ، بە مەرجێک پڕۆژەیەکی گەشتیاریی لەسەر بکەم، هەر هەمان ئەندازیار کۆمەڵێک نەخشەی ئامادەکراویشی دامێ و گوتی ئەم نەخشانە بە سەد هەزار دینار جێبەجێ دەکرێت، بەڵام من بۆت بە دوو سەد هەزار دینار دەخەمڵێنم و هەر دوای ماوەیەکی کورت سکاڵایەک بۆ من بەرز بکەوە و تیایدا بڵێ بەشی یەکەمینی پڕۆژەکەمم تەواو کردووە، داوای بەشێکی ئەو پێشینەیە بکە، کە بۆ ئەو پڕۆژانە تەرخان کراوە. منیش پەسەندی دەکەم و بانکی زەویوزاریش پێشینەیەکی شەش هەزاریت دەداتێ، بەم جۆرە بە چەند قۆناخێک توانیم لە هیچەوە ببمە خاوەنی ئەم ئوتێلە و ئۆتۆمۆبیل و سەرمایەیە.

# بێ وەڵات

هەرچەند جاری سەری بە ئۆفیسی نیشتەجێبوونی بێگانەکاندا دادەگرت، بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی، کارمەندانی ئەو ئۆفیسە ڕووی خۆیان لێی وەردەچەرخاند و بە نابەدڵییەوە دەیانگوت دیسان بێ وەڵاتەکە، هاتەوە!! ئەم وشەیەی بەلاوە لە خەنجەرێک کوشندەتر بوو، هەرچەند جاری وایان پێدەگوت، بۆی بە مردنێک هەبوو. ڕۆژێکیان دوا ڕۆژی نیشتەجێبوونەکەی بوو، بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی چووەوە ئۆفیسی ناوبراو، ئەمجارەشیان وەکو جارانی پێشوو فەرمانبەرەکانی ئەو ئۆفیسە لەجیاتی وەرگرتنەوەی سڵاو لێی گرژینەوە و بە دەنگێکی بەرز پێکەوە گوتیان دیسان بێ وەڵاتەکەیە! داد لە دەستی ئەم بێ وەڵاتە!! زۆر لێیان کۆڵدار بوو. ئەم جارەیان خۆی بۆ نەگیرا و لێیان چووە پێشێ و بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەوە چیتانە هەرچەند جارێ دێمە ئێرە پێم دەڵێن دیسان بێ وەڵاتەکەیە. گوێ بگرن و باش بزانن. من بێ وەڵات نیم... وەڵاتی من کوردستانە و زۆر لەم وەڵاتە جوان و ڕەنگینترە. لە خۆشیانیش نەهاتوومە بۆ هەندەران، بگرە پەنابەری سیاسیم و لەبەر زەبر و زەنگی دوژمن ڕامکردووە ئەگەر ناچاریش نەبم یەک تاکە ڕۆژ بە میوانیش لێرە نامێنمەوە.

# سنگەسە

چەندان خانووبەری ڕێکوپێکی لەناو جەرگەی شاردا کڕی بوو... لەجیاتی جارێک دەیان جار، دەیان گەڵا دۆلاری بۆ دەزگیرانەکەی دەناردەوە... دواجار کە هاتەوە، دەزگیرانەکەی زۆر داوای لێکرد، کە نهێنی ئەم سامانەی خۆی بۆ بدرکێنێت، ئەویش دەیگوت تۆ چیت لەم قسانە داوە، بەس نییە لە تۆقی سەرتەوە تاوەکوو پەنجەی پێیەکانتم لە زێڕ گرتووە. دەزگیرانەکەی هەر لێی نەگەڕا، تاوەکوو هێنایە وەڵام و گوتی: ئەگەر نهێنی دەستکەوتنی، ئەم هەموو پارە زۆرەت بۆ بگێڕمەوە، قێزم لێ دەکەیتەوە، ئەوەبوو ورد و درشت کار و کاسبی خۆی لە هەندەران بۆ گێڕایەوە و گوتی: لەجیاتی ئەو پشتێنە زێڕەی تۆ، لە پشتی دەبەستی من زنجیرێکی قولاپدار لە ناوقەدم دەبەستم و لە بەیانییەوە تاوەکوو ئێوارێ، لە بەردەمی سوپەرمارکێتێک دەوێستم... کڕیارەکانی گشتیان هەر لە دوورەوە دەمناسن، بە بێ پێوتنم سەگەکانیان بەرەو لای من دێنن و قولاپی سەگەکانیان لە قولابی زنجیری ناوقەدم قایم دەکەن، بۆ هەر سەگێک یەک گەڵا دۆلارم وەکو سەگ بۆ فڕێ دەدەن، هەر بۆیە ناوبانگم لەو وەڵاتەدا، بە سنگەسە دەرکردووە.

# گوزاڵدێ

دوای سێ ساڵ چاوەڕوانی، ئەوجا لە ئێوارەیەکی درەنگدا، نامەیەکی لە هاوسەرەکەیەوە بۆ هات. نامەکەی کردەوە تیایدا نووسرابوو (هاوسەری خۆشەویستم، بە هەزار فڕوفێڵ، ئەوجا مافی پەنابەریێتیم پێ درا، بۆ ئەوەی بتوانم ئێوەش ڕابکێشم، دەبێت هەر چۆنێک بێت خۆتان بگەیێننە تورکیا و لە هوتێلێکدا چاوەڕوانم بکەن، تا بانگەشەنامەکتان ئاڕاستە دەکەم) لە خۆشیاندا وەختا بوو باڵ بگرێت.. هەر ئەو ئێوارەیە، دراوسێکانی کۆکردەوە و گشت کەلوپەلی ناو ماڵەکەیانی هەرزانفرۆش کرد، بڕێک پارەی پێکەوەنا.. پاسەپۆرتێکی ساختەی کڕی، بەرەو زاخۆ کەوتەڕێ. پارەی خۆت بدە و (...) لە مزگەوت دەرکە!! بە چەند گەڵا دۆلارێک لە سنوور ئاودیویان کرد، لەوێشەوە هەر بە پاڵدان قاچاخچییەکان بەرەو ئەنقەرەی پایتەخت بردیان. ئەو حسێبی هوتێلی (کاسب)ی بەغدا و (مێرگەسوور)ی هەولێر و شۆربای نیسک و ئاوی بەلاشی کردبوو، نەیزانی لەوێندەر بە خۆشی نازانێت، کە چۆن دەیبڕنەوە. هەمووی چەند ڕۆژێکی نەبرد تەنگەتاو بوو.. ئۆقرەی لێبڕا.. هانای بردە بەر یەکێک لە ئافرەتە خزمەتکارەکانی هوتێلەکە و داوای یارمەتی لێکرد. ئافرەتەکە گوتی زۆر ئاسانە، دەتبەم بۆ شوێنێک تێروپڕ خزمەتت دەکەن و پارەشت دەدەنێ و ئەوانیش مەمنونن!! لەگەڵی ڕۆیشت بۆ باڵەخانەیەک، لە نزیک ئەو هوتێلەی لێی دابەزیبوو، هەر لە دەرگەی پرسگەوە بە

ڕێزلێنانەوە بۆ ساڵۆنەکە کشاندیان.. دوای بەخێرهێنان پەرداخێک شەربەتی پرتەقاڵیان پێشکەش کرد، هێشتا لە گەرووی نەچووبووە خوارێ، سێتێک جلوبەرگی خەوتنیان بۆ هێنا، بەرەو ژوورێکی نهۆمی دووەمیان برد. ئەوەی دەیبینی فیکەیەکی بۆ دەکێشا و بە سەرسووڕمانەوە دەیگوت (گوزاڵدێ)یە، واتای چییە!! لە دڵی خۆیدا دەیگوت تۆ بڵێی مافی پەنابەریتییان پێم نەبەخشیبێت و بە خۆم نەزانی بێت؟!

دەرگەی ژوورێکیان بۆ کردەوە و بەجێیان هێشت. لە دیوی ژورەوە دەرگەکەی ڕاپێچ کرد و جلوبەرگە نوێیەکەی لەبەر کرد و لەسەر تەختەی نووستنەکە لێی ڕاکشا... چاوەکانی لەسەر یەک دانا... هێشتە بە تەواوی خەو نەچووبووە چاوەکانییەوە لە دەرگەیان دا. لە دڵی خۆیدا گوتی تۆ بڵێی شتێکی دیکە مابێت پێشکەشم نەکرا بێت؟! دەرگەکەی کردەوە.. چوار زڕتە زەلامی کەتە و زەبەلاح لێی بەژوورکەوتن.. کابرای پرسگە و خزمەتچی هوتیلەکەش لە پێشەوەیان بوون، بەدەست ئاماژەیان دا، بە تورکیش پێیان گوت (گوزاڵدێ). ئەویش هیچی لێ نەدەزانی و ئەبڵەق مابوو.. چوار زەلامەکە سەریان لە جوانیی سووڕ مابوو.. هەر چوار بە جارێک فیکەیەکی درێژیان کێشا و بە یەک دەنگ گوتیان (گوزاڵدێ)!! ئەمەیان گوت و هەنگاو هەنگاو لێی چوونە پێشێ.. بە قەد تاڵە موویەک مابوو بیگەنێ.. دڵی وەک گونی سەگ لێی دەدا.. لە ترسان ڕەنگی وەک پەلکە پیاز سپی هەڵگەڕابوو... لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم (گوزاڵدێ)یە و ئەم هێلکە و ڕۆنە زەبرە قونێکی تیایە.. ناوی خوای لێهێنا و وەک کەروێشک بۆی دەرپەڕی، ئەوانیش وەک تاژی بەدوایەوە.

# گومان

بۆ هەر کوێ دەچوو، وەکو سێبەرەکەی بەدوایەوە بوو .... دەم نا دەمێک، هۆپێکی دەکرد، ئەویش لە دوای دەچەقی و لە شوێنی خۆیدا نەدەبزووت ...

- عەجایەب دەبێت کێ بێت و مەبەستی چی بێت! ئەمسەر و ئەوسەری شەقامی بازاڕی تەی کرد، هەر لە دووای نەبوووە.. توانی نەما.. ئەمجارەیان ڕووی تێکرد و چاوی خستە دوڕ چاوەکانی، هەر لە تۆقی سەرییەوە تاکو نوکی پەنجەی پێیەکانی تێی ڕوانی ... بەدەم تێڕوانینەوە لەبەر خۆیدا دەیگوت:

- دەبێ کۆنە هاوڕێی سەردەمی خوێندنی سەرەتاییم نەبێت؟! زەینم کوێرە، بێگومان هەر هەوە و دەیەوێت دەستی خۆی پێش بخات و قەرزارم بکاتەوە.. خۆی پێداکرد و کەوتە ماچکردنی، بەدەم پێکەنینەوە:

- ئێی کوی ... باشی ... بە چی خەریکی، هەی بێ وەفا، ئەوە چەند لەمێژە خۆت بزر کردووە. ئەمە و دەیان قسەی دیکە ... هەر نەی براندەوە ... کابراش بە تووڕەییەوە دەستەکانی فڕێ دا، دەمانچەکەی لەبەر پشتی دەرهێنا، لەسەر تەختەی نێوچەوانی دانا ... پڕ لە قینەوە پێی گوت.

- بڕۆ هەی کەڵەکچی.. دەتەوێت بەم زمانە لووسە، لە خشتەم ببەیت، جارێک تۆ نیت، بەڵام ئەمجارەیان ناتوانیت.. من خۆم

شاردووەتەوە، یاخۆ تۆ هەی قورمساغ! کە ترومبێلەکە هی خۆت نەبوو، چۆن پێتفرۆشتم، وا دەزانیت منیش لەو کەسانەم، چاو لە مافی خۆم بپۆشم.. قسە هەزارە و دووانی بەکارە، ئێستە پارەکەم دەدیتەوە یان بە قوربانی گوللەیەکت بکەم، بۆ هەزارانی وەک خۆت تمبێت بکەم؟ کە ناوی گوللە و کوشتنی گوێ لێ بوو، شڵەژا، ڕەنگی وەکو پەلکە پیاز سپی هەڵگەڕا ... هەر زوو ناسنامەکەی بۆ دەرهێنا و گوتی:

– من گەمژەم، بێ ئەوەی لە ناسینت دڵنیا بم باوەشم پێدا کردی.. باوەڕت هەبێت نە دەتناسم و نە دەمناسیت، تۆ بە هەڵە تێمگەیشتبووی، من نە ترومبێلم هەیە و نە دەشزانم ترومبێل لێ بخورم ... کابرا سەیرێکی ناسنامەکەی کرد، هەندێک لێی ورد بووەوە، لەوە دەچوو باوەڕی نەکردبێت.. گوتی:

– ماقووڵە تۆ نەبیت؟!

ئەمەندەی گوت و ناسنامەکەی دایەوە ...

هەر قاچێکی کرد بە دوان و وەکو مامز تێی تەقاند.. ناوە ناوەش ئاوڕێکی دواوەی خۆی دەدایەوە.. کابراش یاغر یاغر بەدوایەوە هەنگاوی دەنا و بە چاوی قینەوە تێی دەڕوانی.

ئاداری ١٩٨٥

# دەرگە

سلێمان هاوڕێیەکی خۆشەویستی بوو.. ماوەیەکی زۆر بوو، بە هۆی بەندبوونییەوە لێک دابڕابوون.
کە چرپەی بەربوونی بەر گوێ کەوت، پاکەتێک پاقلاوە و چەپکە گوڵێکی دەستکردی بۆ کڕی و بەرەو ماڵیان کەوتەڕێ.. تەنیا جارێک ماڵیانی بینی بوو، لە دۆزینەوەی گومانی هەبوو.. سەرەڕای ئەمەش دڵی بە دەرگە شینەکە و کۆنە سیکرابەکەی بەر دەرگەی ماڵیان خۆش بوو.. بەدەم ڕێگەوە بیری دەیان شتی بۆ دەهات. پیاو ماوەیەکی درێژ هاوڕێی خۆی نەبینێت، دەبێت چی بکات.. مەگەر ورد و درشت کۆنە یادگاری چەندان ساڵەی تەمەن هەڵڕێژێت، پێکەنین و گریان تێکەڵ بە یەک بکات. گەیشتە گەڕەکەکە.. لە دوورەوە ئاپۆڕەیەکی بەدی کرد.. بەرەو غەڵبە غەڵبی خەڵکەکە ڕۆیشت ... چاوی بە دەرگە شینەکە کەوت.. شاگەشکە بوو .. ملی لە ژووریٰ نا، هەر لە بەردەم دەرگەوە لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی: هاوڕێی گیانی بە گیانی، هەرگیز هەڵە ناکات.. خەڵکەکە ئەبڵەق مابوون، بە سەرسووڕمانەوە سەیریان دەکرد.. بەلایەوە ئاسایی بوو، کەسی لەوان نەدەناسی. بەرەو

دیوەخان کشاندیان .. حەشاماتێکی زۆر دانیشتبوون، جمەی دەهات.. بە خورتی جێی خۆی کردەوە. چایان بۆ دانا.. لەگەڵ خواردنەوەی هەر قومێک، سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی دەکرد، وەک شتێکی ون کردبێت و لێی بگەڕێت. ڕووی لە دانیشتووەکان کرد، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی: ڕاستییەکەی زۆر پێ خۆشحاڵ بووم.. باوەڕتان هەبێت لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە قاچەکانم لە خۆشیان زەوی نەگرت.. باوەڕ ناکەم ئێوەش بە قەدەر من دڵخۆش بووبن.. بۆ خۆی لێی دا.. هەروا بزانن تازە لە دایک بووە ... پێنج ساڵ بەدەم خۆشە، مرۆڤ لە شار و کەسوکاری خۆی دوور بێت. بەردەوام بوو لە قسەکردندا، ناوە ناوەش ئاوڕێکی دەوروبەری خۆی دەدایەوە، چاوی لە سلێمانی هاوڕێی دەگێڕا.. دانیشتوانی دیوەخانەکەش سەیری یەکدییان دەکرد، هەر بابا بوو، لەگەڵ ئەوی تەنیشتی سەریان خستبووە بنا گوێی یەک، پسە پسیان بوو.. دیقەتی ڕووی گشتیانی دا، تەنیا خەندەیەکیان لێ بەدی بکات، کەچی وەکو ماری سڕ لە جێی خۆیان حەپەسابوون. لە ناکاودا دەستەیەک زەلام بە ژوورکەوتن، لەگەڵ دانیشتندا بە یەک دەنگ گوتیان ئەلفاتیحە.. یەک پارچە دەست بەرزکرایەوە، هەر یارۆ بوو فاتیحای دەخوێند. واقی وڕما.. بە حاڵە حاڵ بە ئەلحەمدوللا ڕاگەیشت، وەکو ئەوان دەستی بۆ ڕوخساری برد و گوتی: خوا لێی خۆش بێت. دوا بە دوای ئەوە لە پڕمەی گریانی دا، دەستەسڕەکەی دەرهێنا و کەوتە هەڵگڵۆفینی چاوەکانی و بەدەم گریانەوە: بە حەسرەت بووم ئەمجارەش بیبینم.. بەختم نەبوو، کێ بزانێت بۆ پرسەکەی دێم ... کۆمەڵێک قسەی خۆش و پێکەنینم لا بوو، بەڵام فەلەک دەوری خۆی گێڕا، ئەمجارەشیان مایەپووچ

مامەوە.. هەر نەی بڕییەوە.. ئامادەبووانی پرسەش لە کاری ئەم زەلامە سەریان سوورڕمابوو. خۆیان بۆ نەگیرا و دڵیان دایەوە: برادەر ئەم گریان و واوەیلایەی پێ ناوێت.. مردن برا گەورەیە، لە پێش هەمووومانە.. دوایی ئەمەی ئێمە بەساڵاچوو بوو، بەشی خۆی ژیانی بەسەر بردبوو، نەخۆشی و پیریش زیاتر بێزاریان کرد بوو، بۆیە بە مردنەکەی حەساوە. پتر لە پڕمەی گریانی دا، بەدەم گریانەوە: چۆن وا دەڵێن.. پیری چی.. بەستەزمانە تازە لە هەڕەتی لاویدا بوو.. دوایی سلێمان تازە ژنی هێنا بوو، کۆرزی ساوا بوو.. یەکیان خۆی بۆ نەگیرا و قسەکەی پێ بڕی.. سەری خۆی لەقاند و گوتی: هەر زوو زانیم ئەم برادەرە بە هەڵەداچووە، ئەم پێکەنینەی بێ هۆ نییە.. برادەر ئەوە ماڵی سلێمان نییە.. تۆ بە هەڵەدا چووی، سلێمان ماوە و نەمردووە، ماڵیشیان دەرگە شینەکەی ئەوسەری گەڕەکە.

حوزەیرانی ١٩٨٨

# دەنگنووسان

چەند ساڵێک بوو خۆشت دەویست.. زۆر جاران دەتویست ڕازی دڵتی بۆ بدرکێنیت و هەگبەی دەروونتی بۆ بکەیتەوە، بەڵام بوێری ئەوەت نەدەکرد.. لەبەر خۆتەوە دەتگوت: ئەگەر قسەیەکی هەڵەم پێ بڵێت، بە خوا جارێکی دیکە چاوم لە بەرامبەری هەڵنایەت.. دەیان بیری دیکەت بە خەیاڵدا دەهات.. لە دواساڵی خوێندنتدا بە پێویستت زانی شتێک بکەیت و پەردە لەسەر ئەم شەرمە هەڵبگریت، خۆشەویستییەکەتی بۆ بدرکێنیت. بۆ ئەم مەبەستەش لە هەلێک دەگەڕایت. گەشتی زانستی نزیک کەوتەوە، وەکو ساڵانی پێشوو دەست کرا بە ناو نووسین ... بە دڵنیابوونت لە بەشداربوونی خۆشەویستەکەت شاگەشکە بوویت، وا هەستت کرد، تازە چاوت بە ژیان هەڵێناوە و لە دایک بوویت.. بەلاتەوە باشترین هەل بوو لە گەشتێکی وا دوورودرێژ و دوور لە کۆلێج، دەروازەی هەموو شتی بۆ بکەیتەوە، ئەوەی هەتە بۆی هەڵڕێژیت. گەشتەکە کرا... چاوە چاوی ئەوت بوو بێتە تەنیشتتەوە دابنیشێت، بەڵام بەسەر خۆیشی نەهێنا و لە کورسییەکەی دواتەوە دانیشت.. کەوتیتە بیرکردنەوە.. لەبەر خۆتەوە دەتگوت: تۆ بڵێی تاوەکوو ئێستە هەستی بەم خۆشەویستییەی من نەکردبێت، یان لەبەر قسەی خەڵک بەسەرخۆی ناهێنێت و نایەتە لام. زۆر بیری دیکەیشت بە خەیاڵدا دەهات.. ئەوەی لێ خۆش کردبوویت، دانیشتنەکەی بوو لە دواتەوە. دووبارە دەتگوتەوە: ئەگەر منی خۆش نەویستبایە، لە پشتمەوە دانەدەنیشت، چاوەڕێی ئەوەت دەکرد قسەیەکت لەگەڵ بکات و دەرگەی گفتوگۆت بخاتە سەر پشت، بەڵام لە بێ دەنگی بەو لاوە هیچی دیکەت

لێ بەدی نەکرد.. کەوتیتە بیرکردنەوە، کە چۆن بیخەیتە قسە و بابەتێکی لەگەڵدا بکەیتەوە، بۆیە پارچەیەک کێکت پێشکەش کرد و گوتت: ئەم پارچە کێکە بخۆ، زۆر شیرین و خۆشە.. ویستت قسەی دیکەیش بکەیت، بەڵام ئەو کێکەکەی ڕەت کردەوە و سوپاسی کردیت. زۆر خەمبار بوویت ... ئارەقەی سوور و شینت کرد، بە خۆت داشکایتەوە و تەرق بوویتەوە ... هیوات بڕا.. پاسەکەش بەردەوام بوو لە ڕێگە بڕین. دوای تۆزێک بە دەستە ناسکەکەی مشتێ تۆ کودووی برژاوی بۆ ڕاگرتی.. هەناسەت هاتەوەبەر.. شاگەشکە بوویت. هەرچەندە هەرگیز تۆوی برژاوت نەخواردبوو، کەچی وەرت گرت. لەگەڵ شکاندنی هەر دەنکێکدا کۆمەڵێک قسەت بە خەیاڵدا دەهات. تا وایلێهات ئەمجارەیان، بە تەواوی دڵنیا بووی.. بڕیارت دا، سەرەتای بەرنامەی ئەم گەشتە بە سووڕانەوەی دووقۆڵی لەگەڵ ئەودا بەناو باخچەی زەورادا دەست پێ بکەیت و خۆشەویستیی خۆتی بۆ بدرکێنیت.

گەیشتینەجێ.. لەبەر ماندوویێتی و شەکەتی، تاوەکوو ئێوارێ لێ ڕاکشان.. لە خەو هەستایت.. گەرووت گیرابوو.. دەنگت نووسا بوو.. هەندێک خۆت هێنا و برد، چەند ئحم.. ئحمێکت کرد، بەڵام سوودی نەبوو.. تەنانەت تەنیا وشەیەکت لەدەم دەرنەچوو.. هەر لەو ڕۆژەوە تاوەکوو دوا چرکەی گەڕانەوەشت دەنگت هەر نەکرایەوە.. ئەوەندەت بۆ دەکرا بچیتە بەرامبەری و چاو بخەیتە ناو چاوە جوانەکانی و وێنەی خۆتی تیدا ببینیتەوە .. ئەویش دڵی دەدایتەوە و دەیگوت: گەشتەکەت بە دڵ نەبوو، دوا گەشتیشە ئەگینا بۆ ساڵی ئایندە تۆڵەت دەکردەوە. تۆش لە سەر لەقاندن و بەدەست ئاماژەدان بەو لاوە هیچی دیکەت لە تواندا نەبوو.

ئاداری ١٩٨٧

# تاوان

بۆ نزیکەی ساڵێک دەچوو، مەراقی لەم قوتابخانەیە دابوو.. خووی بە دانیشتنی بەر دەرگەکەیەوە گرتبوو.. زەلامێکی سەر و ڕیش سپی، چاوکزی پەککەوتوو بوو.. هەموو بەیانییەک، لەگەڵ تاریک و ڕووندا دەگەیشتە جێ، لە ژووانیدا دوا نەکەوت. لەگەڵ هاتنی یەکەمین قوتابی تاوەکوو دوا قوتابی بەردبارینی ئەم بەستەزمانەیان دەکرد، بە شێتە شێتە گوێیان پڕ دەکرد.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە زۆر بیری لە حاڵی دەکردەوە، بێ ئەوەی بگاتە شتێک.. زۆر جارانیش داوای هاتنە ژوورەوەی لێ دەکرد و پارە و یارمەتی بۆ ڕادەگرت، کەچی وەری نەدەگرت و بە ماتی دەمایەوە.

دیمەنێکی زۆر خەمگین بوو.. نە وازی لێ دەهێنا و یەخەی بەردەدان، نە یارمەتییەکەی وەردەگرت.

لەوە نەدەچوو شێت یان گێل و هوڕ بێت، بۆیە بووبووە هەوێنی بیرکردنەوەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانە.. بیر و هۆشیان لەلای ئەو بوو، دەیانویست تێی بگەن. بەردباران و ناڕەحەتکردنیشی لە لایەن قوتابیانەوە، زیاتر تەنگیان بە بەڕێوەبەر هەڵچنی بوو، هانیان دەدا هەوڵی دوورخستنەوەی بدات یان لە بنج و بنەوانی نهێنییەکانی دەروونیی بگات، بەیانییەکی زوو، تازە زەنگی یەکەمین وانە لێ

درابوو، قیژەیەک بەرزبووووە، لە دەرەوەی قوتابخانەدا بووە هەڵڵا ... دوا بە دوای ئەوەش قوتابیان بە ڕاکردن بەرەو ژووری بەڕێوەبەر هاتن، پێیان ڕاگەیاند، کابرا دەیەوێت (لاڤان) ببات.. لاڤان قورگی پڕ گریان بوو.. لە ئامێزی کابرادا وەکو دار بی دەلەرزی ... وەختا بوو تۆق ببات. بەڕێوەبەر خۆی گەیاندێ، لاڤانی لە باوەش دەرهێنا و گوتی: ڕۆڵە مەگری.. وەکو باوکت وایە ناتخوات.. ترسی بۆ چییە، قەت وات نەبینیوە؟! لاڤانیش لە ترسان دەمی بەسەر یەکدا قرسابوو، نوتقی بڕا بوو.. لاڤانی بەڕێ کردە ژوووریێ، ڕووی کردە کابرا و گوتی: خاڵە گیان من لە مەبەستت ناگەم، دەتەوێت یاریان لەگەڵ بکەیت یان بیانتۆقێنیت؟ هیچ وەڵامی نەدایەوە. فرمێسک چاوەکانی پڕ کردبوو.. دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی زیو بەسەر ڕیشە سپییەکەیدا دەتکایە خوارێ. لێی دووبارە کردەوە، بێ سوود بوو.. وازی لێ هێنا و گەڕاوە ژوورەکەی خۆی. هەر لەو ڕۆژەوە کەوتە بیرکردنەوە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: زێدە لەم هەموو منداڵانەی قوتابخانە بۆ تەنیا لاڤانی گرت! ئەگەر مەسەلە یاریکردن بێت خۆ گشت منداڵان ئێسکیان سووکە و حەز لە یاری دەکەن، بەڵام گرتن و گوشینی لاڤان بەم شێوەیە قەت لە یاریکردن ناچێت.. دەیان بیری دیکەی بۆ دەهات. تا بڵێی مەسەلەیەکی ئاڵۆز و لێڵ بوو، وەکو گرێ کوێرە وابوو، هەرچەند هەوڵی بۆ دەدا بۆی نەدەکرایەوە. ڕۆژێکی دیکە زەنگی دوا وانەی قوتابخانە لێی دەدا، پەیتا پەیتا قوتابییەکان دەرچوونەوە ... هاواری منداڵان بەرز بووەوە، بە شەپۆل خۆیان کوتایە ژووری کارگێڕی، بە گریان ڕوویان کردە بەڕێوەبەر و گوتیان: مامۆستا دیسان شێتەکە لاڤانی گرتەوە و دەیەوێت بیبات. بەڕێوەبەر ڕایکردە دەرەوە، کەوتە دوای و لاڤانی لێ سەندەوە. ئەمجارەیان هەر بەوەندە

نەوەستان، پیلی کابرای گرت و ڕایکێشایە ژوورەکەی خۆی. پێی گوت: پێم نالێی بۆچی مەراقت لەم منداڵە داوە و وازی لێ ناهێنیت.. خۆ ئەگەر مەسەلە یاریکردن بێت، ئەمانەی دیکەیش وەکوو ئەو منداڵن و حەز لە یاریکردن دەکەن، بەڵام دیارە تۆ نیازت خراپە و دەتەوێت کەتنێک بکەیت؟! بێ دەنگی پەردەی بەسەردا کێشا.. جاران ئاسایی خوڕ خوڕ فرمێسکی بەسەر ڕوودا دەتکایە خوارەوە و کۆکە کۆکیش شپرزەی کردبوو.. بە زۆر شێواز لەگەڵی دوا بێ سوود بوو.. کە زانی بە نەرمی ناگاتە هیچ ئەنجامێک، هەڕەشەی لێ کرد.. تەلەفۆنەکەی ڕاکێشا بەردەمی خۆی و گوتی: هەر ئێستە ئەگەر قسە نەکەیت پۆلیست بۆ بانگ دەکەم؟ هەموو لەشی هاتە لەرزین، خۆی هەڵکوتا سەر قاچەکانی و تەلەفۆنەکەی لە دەستی دەرهێنا، کەوتە قسە: بەس ئەمجارە لێمگەڕێ و پۆلیسم بۆ بانگ مەکە، هەموو شتێکت پێ دەڵێم. هەناسەیەکی هاتەوە بەر، تەلەفۆنەکەی دوورخستەوە و گوتی: خاڵە گیان فەرموو.. چیت هەیە بیڵێ، منیش ئەوەی لە توانمدا هەبێت بۆتی دەکەم و درێخی ناکەم. ڕووی کردە بەڕێوەبەر، بە قورگی پڕ لە گریانەوە گوتی: من دڕەندە نیم، شێتیش نیم.. وەکو ئێوە مرۆڤم و هۆشم هەیە، بەڵام منداڵان لێم دەترسێن، بە شێتم تێ دەگەن.. تەنانەت ئێوەش هەروا تێ دەگەن، ناهەقیشتان ناگرم.. لە پڕمەی گریانی دا، بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: بەس نییە کچەکەشم هەروام تێدەگات... قسەکەی تەواو نەکرد، قووتی داوە. بەڕێوەبەریش لەناو ژانەکانیدا توابوووە... فرمێسک لە چاوی قەتیس مابوو.. ڕووی تێکردەوە، دەستی خستەوە سەر شانی و گوتی: دەزانم دڕەندە نیت، بەڵام من تێ ناگەم! تکایە قسەکانت تەواو بکە؟ گرژییەوە و گوتی: دەزانم بۆ وا دەڵێی.. دەتەوێت نهێنییەک بدرکێنم و بە یەکجاری لە

دیتنی بێبەشم بکەیت. ئەمەندەی گوت و هەستایە سەر پێ، ویستی بچێتە دەرێ. بەڕێوەبەر دەستی گرت و پێی گوت: بەڵێنت داومەتێ هەموو شتێکم پێ بڵێیت، کەچی وا دەبینم دەتەوێت بچیتە دەرەوە و پێم نەڵێیت؟ پێکەنین و گریانی تێکەڵ بە یەک کردبوو.. چەند جارێک لێوەکانی لێکدان ویستی شتێک بڵێت، بەڵام قسەی بۆ نەهات. دووبارە دەستی دایەوە تەلەفۆنەکە و ترساندییەوە. زوو دەستی خستەوە گیرفانی، پێناسەکەی دەرهێنا، خستیە سەر مێزی بەڕێوەبەر و پڕ بە دەنگ هاواری کرد: ئەمەش پێناسەکەم ئەگەر بڕوام پێ ناکەیت.. من باوکی لاڤانم. بۆ دەبێت منداڵی خۆشم لێم قەدەخە بێت و نەتوانم بیدوێنم.. بۆ ئەمە تاوان بێت. دوای خوێندنەوەی ناسنامەکە، بە وردی هەر لە تۆقی سەرییەوە تا نووکی پەنجەی پێی، کەوتە ڕوانینی دیمەنی کابرا و لەبەر خۆیەوە گوتی: ناچێتە ئەقڵەوە، ئەمە باوکی لاڤان بێت، بەڵام ناوەکەش دەقاو دەق خۆیەتی!! هەندێک سەری لەقاند و گوتی: نازانم چۆن باوەڕت پێ بکەم، کە تۆ باوکی لاڤانیت؟! لە پرمەی گریانی دا و گوتی: کە تۆ بەم ناسنامەیە باوەڕ نەکەیت، پێم ناڵێی ئەی بەچی باوەڕ دەکەیت؟ زیاتر لێی چووە پێش و کەوتە دڵدانەوەی، پێی گوت: خاڵە گیان لێم ناگیرێت.. سەرم لێ شێواوە.. کە سەیری دیمەنی تۆ و ئەو دەکەم، بەقەد زەوی و ئاسمان دوورن. لاڤان وا رێکوپێک و گەشاوە، تۆش پیر و پەککەوتە، سەر و ڕیش تێکئاڵۆز.. نازانم ئەمە چۆنە؟ سەری بەرزکردەوە، ڕووی لە ئاسمان کرد و گوتی: ئەم خوایە شایەدە، من باوکی لاڤانم. دەستی گرت و لەسەر کورسییەکە دانیشاند و گوتی: ئێستە دڵنیا بە، باوەڕت پێ دەکەم. هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و گوتی: کەواتە لاڤانم دەدیتەوە!

– بەڵێ ، منداڵی خۆتە و سەربەستی لە بردنەوەی کەس نییە

ڕێگەت پێ بگرێت، بەڵام شتێک هەیە دەبێت بیزانیت، لاڤان لەژێر چاودێری بەشی سەرپەرشتی ساوایانە، دەبێت ئاگەداریان بکەمەوە، ئەوسا بە تۆی دەسپێرم. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، بەڕێوەبەری سەرپەرشتی ساوایانی وەرگرت.. ورد و درشت مەسەلەکەی بۆ گێڕاوە.. دوای تۆزێک تەلەفۆنەکەی داخستەوە.. لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەی لەم زوڵمە.. ژنی خۆی کوشتووە، منداڵێکیشی فرۆشتووە.. ئێستەش کە لە بەندیخانە بەربووە و دەیەوێت ئەم تاقە منداڵەشی بفرۆشێت.. کێ بزانێت دادگە حەجزی خستووەتە سەر و مافی حەزانەی لێ سەندووەتەوە.. چاک بوو تەلەفۆنم کرد.. لە بەڕێوەبەر چووە پێشێ و گوتی: لەگەڵ کێ قسە دەکەیت.. چیان گوت، دەمدەنەوە؟

– نەخێر. خۆی هەڵکوتا سەر مێزەکەی و بە هەردوو دەست چاکەتەکەی ڕاکێشا و گوتی: زانیم نهێنییەکەم پێ دەدرکێنیت و نامدەیتەوە.

شوباتی ١٩٨٨

# یۆبیلی ئاڵتوونی

هەر لەو ڕۆژەوەی هەواڵی دەرکردنی خۆمم لە کۆلێجدا گوێ لێ بوو، ئۆقرەم لێ بڕا ... دەرگە نەما لێی نەدەم... بەڕێوەبەری کۆلێج و سەرۆکی زانکۆ، گشتیانم بەسەر کردنەوە و سوودی نەبوو ... زۆرم بیرکردەوە بێ هودە بوو... دەرکردنم لەسەر هەڵەیەکی بچووکی کۆمپیوتەر ناچێتە ئەقڵی هیچ کەسێکەوە... جەنابی ڕاگری کۆلێج خۆیشی دەیگوت (بەلامەوە سەیرە کە ناوی تۆش کەوتووەتە نێو لیستی کۆمپیوتەرەوە) وێڕای ئەمەش هیچی بۆ نەکردم، هێندە نەبێت پێی ڕاگەیاندم کە خۆم بگەیەنمە لای جەنابی وەزیر و پرسەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی چارەیەکم بکات. ئەوەی ڕاستی بێت، چوونە لای جەنابی وەزیرم پشت گوێ نەخستبوو... دوو جاران بۆ دیدەنیی سەفەرم کرد، بەڵام نەمتوانی بگەمە خزمەتی... ئەم مەسەلەیە زیاتر لە مانگێکی بەسەردا تێپەڕ بوو.. ڕۆژێکیان بە خەیاڵمدا هات، کە بارەگەی یەکێتیی گشتیی قوتابیان و لاوانیش بەسەر بکەمەوە، تاکە شوێن بوو بەسەرم نەکردبێتەوە.. ناوی خوام لێ هێنا و خۆم گەیاندە ئەوێش. گەیشتمە جێ.. هەر لەبەر دەرگەی حەوشەوە تاوەکوو دەگاتە ژوورەوە، لەمبەر و ئەوبەردا، کیژۆڵەی جوان وێستابوون.. گوڵ بە دەست، بە چەپڵە بەڕێیان کردم، تاوەکوو گەیشتمە بەردەم جێگری سەرۆک، ئەویش بێ سێ و دوو بەرەو ساڵۆنە گشتییەکە ڕایکێشام. تێ نەگەیشتم مەسەلە چییە، ماوەشی نەدام هیچ بڵێم... کە قاچیشم

نایە ژوورەوە، یەک پارچە دانیشتووی سالۆنەکە لەبەرم هەڵسانەوە و بە فەرمووو فەرمووو شەرمی دونیایان بەسەرمدا باراند... ئارەقەی سوور و شینم کردەوە.. هەموو تاج و ئەستێرە لە شان بوون، بریسکانەوە و درەوشانەوەی قۆندەرەی پایان هۆڵەکەی خستبووە سەما.. لە ڕیزی پێشەوەدا، قەنەفەیەکی چۆڵم بەدی کرد، لێی دانیشتم و شادەیەکی بە هەقم هێنا.. چاو قوچانێکی پێ نەچوو پاقلاوە و کۆکام بۆ هات.. لە خواردنەوەی دوودڵ بووم.. ئاخیری هە ر بوێری ئەوەم نەکرد بیخۆمەوە.. هەندێک خۆم هێنا و برد، ویستم لە سەرۆکی یەکێتیی بپرسم و گرفتەکەمی تێ بگەیەنم، بەڵام بەختی من لە پارێزگارەوە تاوەکوو دەگاتە سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلیجیشمان ڕوویان لەوێ کرد و بە ژوور کەوتن ... بووە ڕۆژی حەشر.. هەر لەگەڵ هاتنی میوانەکاندا، ئەو دوو کەسەی لە تەنیشتم بوون هەڵسانە سەر پێ، منیش بێ ئەوەی بزانم مەسەلە چییە، هەڵسامە سەر پێ، قوڕم بۆ گیراوە، ئیتر لە یەکەمین میوانەوە بگرە تاوەکوو دەگاتە دوا میوان، کەوتنە دەست لە ملانمان و بە پیرۆزە مێشکیان پڕ کردم.. واقم وڕما بوو، نەمدەزانی ئەم پیرۆزباییەیان لەچی بوو.. دەمویست خۆم ڕزگاربکەم، بەڵام خراپتر لە دواتر بوو.. هەر جارێکیش سەرم هەڵدەبڕی و سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکەمانم دەبینی، هێندەی دیکە هەناسەم لێ دەبڕا.. وێنەگری تەلەڤیزیۆنیش وەکو پەروانە بە دەورەماندا سووڕی دەدا.. ئەوەی ڕاستی بێت، مەسەلەکەی خۆمم لەبیر چوو، ما بکەومە بیرکردنەوە و بزانم ئەم کۆبوونەوەیە چییە، بەڵام هەر نەمزانی.. ئاخیری بڕیارم دا پێی بڵێم، ڕووم کردە سەرۆکی یەکێتی و بە سەت ناڵەی عەلی پێمگوت (دەزانیت من بۆچی هاتوومە؟) ئەویش سەری خۆی لەقاند و بە

زەردەخەنەیەکەوە گوتی: (دەزانم.. دەزانم ئەدی چۆن یا خوا بەخێر بێی).. دەستی بۆ پاکەتەکەی درێژ کرد و جگەرەیەکی دامێ. هەرچەندە قەت جگەرەم نەکێشابوو، کەچی نازانم چۆن خۆم لەبیر کرد وەرمگرت. دووبارە بوێریم دایەوە بەر خۆم و ڕووم وەرچەرخاندەوە لای، هەروەکو جاران گوتم (دەزانن...) بواری تەواوکردنی ڕستەکەی نەدام، بەسەر لەقاندنەوە گوتی (دەزانم... دەزانم) لەو لاشەوە سەرۆکی زانکۆ، سکرتێرەکەی نارد بە شوێنمدا و بانگی کردم... چوومە لای، سەری هێنا بنا گوێم و گوتی: دەبێت بمانبەخشیت، بە خۆت دەزانیت ڕۆتین وا لە مرۆڤ دەکات، کە شەرمەزار بێت و چاکەی پێ نەکرێت... ئەگینا ئێمە دەزانین ناوەکەی تۆ بە هەڵە کەوتووتە نێو لیستی کۆمپیوتەر و لەمڕۆوە دەتوانیت، بگەڕێیتەوە کۆلێج و وەکو جاران بخوێنیت، ڕاگرەتانیش خۆی لێرەیە و ئاگەدارە. پێکەنینم هات.. ویستم سوپاسی بکەم، بەڵام قوڕگم گیرا و قسەم بۆ نەهات، ئەوندە نەبێت منیش، وەکو سەرۆکی یەکێتیی دوو جار سەرم بۆی لەقاند. ئەوەندەی شاگەشکەی ئەوە بووم، کە لە قەنەفە زلەکە ڕزگارم بوو، ئەوەندە بە مەسەلەی گەڕانەوەکەم دڵخۆش نەبووم.. بەرەو دەرگە کشام... سەرۆکی یەکێتیی هەڵسا و دوام کەوتوو و گوتی: وا بزانم بە هەڵە لە مەبەستت گەیشتووم.. هیچ ئیشت نەبوو؟ هیچ خۆم تێک نەدا گوت: نەخێر، تەنها بۆ پیرۆزباییتان هاتبووم، بەڵام نازانم بەچی بۆنەیەکەوە؟ گوتی: جەژنی یۆبیلی ئاڵتوونی یەکێتیمانە. دوو جاران سەری خۆم بۆ لەقاند و بەرەو دەرگەی حەوشە کشام.

کانوونی یەکەم ١٩٨٥

# شێخ عەبدوڵڵا

چەند ساڵێک بەسەر مافی خانەنشینێتییەکەیدا ڕەت بوو بوو، بێ ئەوەی ئاوڕێکی لێ بدەنەوە و ڕەزامەندیی بۆ بنوێنن. فەرمانبەرێکی کارامە و لێهاتوو بوو، بۆیە دەستیان لێی بەرنەدەبوو..سکاڵایەکی جوان و ڕازاوەی بۆ بەڕێوەبەری گشتیی نووسی، تیایدا ناوی شێخ عەبدوڵڵایەکی هێنا بوو، گوایا لە یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی خۆیان فەرمانبەرێکی بە توانا و بەهرەدارە، گرەنتی ئەوەی بۆ دەدات، کە شایستەی پڕکردنەوەی ئەو فەرمانە بێت و لە شوێنی ئەو بکرێت بە بەڕێوەبەری پشکنین. بەڕێوەبەری گشتیش دەمودەست ڕەزامەندی نیشاندا، بە مەرجێک ئەو شێخ عەبدوڵڵا ناوە لە شوێنی ئەو بکرێت بە بەڕێوەبەر.....

هەر ئەو ڕۆژە ئیدی تەلەفۆن نەدەبڕایەوە.. داوای ناردنی لیستەی ڕاژە و دۆسییەی شێخیان کرد، لەگەڵ هاتنی خۆی بۆ دیدەنیی جەنابی بەڕێوەبەری گشتی. لە بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕییەوە، تاوەکوو دەگاتە بچووکترین فەرمانبەری خۆیەتی ، شاباشیان بۆی کرد و چاکەی ئەم هەڵبژاردنەی شێخیان کردە هی خۆ...

بە هەر حاڵ شێخ بە گورجی گەیشتە جێ و هاتە لایان.. هەرگیز باوەڕی نەدەکرد، ئەو هەڵەیان کردبێت، کارمەندێکی ونبووی پەککەوتووی بەساڵاچووی، وا دوورەپەرێزیان بۆ ئەم ئەرکە مەزنە بیرکەوتبێتەوە، لە کاتێکدا بەری چەند ڕۆژێک، بە ناوی کەم تەرخەمییەوە مووچەی حەفتەیەکیان لێ بڕی بوو.

ئەو نیوەڕۆیە گەورە و بچووکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لەسەر حیسابی شێخ، کەوتنە سەر خواردنی کەباب، داوەتێکی هێندە مەزنیان

بۆی سازکرد، سەگ ساحێب خۆی ناناسیی.. ئەمە جگە لە دابەشکردنی دیاریش لەو لاوەوە بوەستێت، کە بەسەر بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕی و گەورە و بچووکی بەشی خۆیەتی .....

نان و کەباب خۆش بێت، ئیشوکاری حەفتەیەکیان بە نیو سەعات ڕایی دەکرد... بە خێرایی نووسراوی هەڵبژاردنەکەی شێخیان لە چاپدا، بەرەو نووسینگەی بەڕێوەبەریی گشتیان بەڕێ کرد. هەمووی چەند خولەکێکی نەبرد، هاتن بە دوای شێخدا، بەرەو ژووری بەڕێوەبەری گشتیان ڕاپێچ کرد...

شێخ لە خۆشیاندا هەر ئەوەتا نەدەفڕی.... جیڕەی پێڵاوەکانی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت.. بۆینباخەکەشی وا توند بە ملییەوە بەستبوو، هەر ئەوەتا نەی دەخنکاند.. ئەوەندەی کۆلۆنیا و بۆن و بەرام بە خۆیدا پرژاندبوو، عەتر ئەو ناوەی بە تەواوی تەنی بووە......

شێخ لەلایەن جەنابی بەڕێوەبەریی گشتییەوە پێشوازی لێ کرا.

جەنابی بەڕێوەبەری گشتیی کەوتە ستایشکردن و پێداهەڵدانی شێخ، گوایە بۆ ئەم فەرمانە پڕ بە پێستی خۆیەتی و هەر قابیلی ئەوە.....

شێخیش ناوە ناوە دەستی بۆ چاویلکەکەی دەبردەوە و نەرمە کۆکەیەکی بۆ دەکرد، سەرەتاتکێی بوو......

لە ناکاو بەڕێوەبەریی گشتیی پێی گوت:

جەنابی بەڕێوەبەریی گشتی ئەمەش شێخ عەبدوڵڵایە، کە بە جەنابتم گوتبوو، بۆ دانانی لە شوێنی من.

بەڕێوەبەریی گشتیی بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

چۆن؟! بۆ گوایە ئێمە چەند شێخ عەبدوڵڵامان هەیە؟!

مایس ١٩٨٧

# مەسەلەي دە دینارەکە

دە ساڵی ڕەبەقم لەگەڵدا بەسەر برد، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک سەرم لە لێپرسراوی بەشی خۆیەتی فەرمانبەران دەربچێت. کاروباری لێژنەی ئەژمارکردنی خزمەتی خستبووە ژێر دەستی خۆیەوە، ماوەی نەدەداین یارمەتی بدەین.

ڕۆژ نەبوو دەیان کرێکار و کارمەندی فەرمانگەکانی سەر بە دەزگەکەمان، ڕوومان تێنەکەن و داد و بێ داد، لە دەست دواکەوتنی ئەژمارنەکردنی ڕاژەی سەربازی و کرێکارییان نەکەن...حەقیان بوو، هەر ڕۆژێکی دواخستنی ئەم کارە، دەبووە هۆی زیان لێدانیان و بەرزنەبوونەوەی مووچەکەیان. زۆر جاران خۆم تێەڵدەقورتاند و دەمویست هەندێک لەو کاروبارانەم بداتێ و لەجیاتی ئەو ئەرکەکە بەجێ بێنم، بەڵام ماوەی نەدەدام و قەرزاریشی دەکردمەوە. ناچار دەبووم هەناسەیەکی ساردهەڵکێشم و بە بێدەنگیی بمێنمەوە.

ڕۆژێکیان کرێکارێک لە دوورەوە هاتبوو.. هەر پرتە و بۆڵەی بوو، منیش گوێم بۆ هەڵخست، دیاربوو هەر باسی سێ سەد دیناری دەکرد، گوایە لەو ڕۆژەوەی مەعامەلەکەی لامان خەوتووە،

ئەو گوژمە پارەیەی لەدەست چووە.

دەتگوت لەگەڵ ئەویشیان نییە، هەر خۆی لە گورە نەبرد.. دوای بێ هیوابوون، ڕووی لە من کرد و بەوپەڕی بێزارییەوە بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

کوا ویژدان؟! کوا مرۆڤایەتی؟! کوا ئایین؟! من ئێستەکە لەوپەڕی کەم دەرامەتیم و منداڵەکانم نەخۆشن، پارەم نییە لێیانی خەرج بکەم، کەچی ئێوەش بەزەییتان پێمدا نایەتەوە. دڵم بۆی زوورایەوە، بەڵام بێ سوود بوو.. هەر لەو ڕۆژەوە کەوتمە بیرکردنەوە، لە نهێنی دواخستنی ئەم جۆرە مەعامەلانە، کەچی هەر لە جیهانی پڕ لە نهێنی و شاراوەییدا مانەوە، تا ئەو کاتەی لێپرسراوی بەشی خۆیەتی خانەنشین کرا و ئەرکی هەڵسووڕانی بەشەکە بە من سپێردرا.....

دوای فێربوونم بڕیارم دا، بەر لە هەموو شتێک دەستێک بەم مەعامەلانەدا بهێنم و ئەم کرێکار و فەرمانبەرە بەستەزمانانە لەم گێژاوە ڕزگار بکەم.. ناوی خوام لێ هێنا و لە یەکەمین ڕۆژدا بەشێکی زۆریم جێبەجێ کرد.

بۆ بەیانیش بە چاپ گەیاندن و بۆ لای جەنابی بەڕێوەبەرم برد.... قەڵەمی لەسەر نووسراوەکان چەقی و هۆپێکی لێکرد و چاوی خستە ناو چاوم و گوتی:

- ئەم ئەزیەتە چی بوو؟!

- منیش زۆر ئاسایی گوتم:

- جەناب هیچ ئەزیەت نییە، پەنا بە خوا هەر ئێستە ئەوانەی دیکەیش تەواو دەکەم......

قسەکانم تەواو نەکردبوو، بە تووڕەییەوە چووە دەرەوە....

سەرم سوورڕما.... لەبەر خۆمەوە گوتم:
- تۆ بڵێی شێتکی خراپم کردبێت یان جەنابی بەڕێوەبەر هەر خۆی تەواو نەبێ و گیروگرفتی تایبەتیی خۆی هەبێت و بە منی دارِشتبێت.

دەیان بیری دیکەیشم دەکردەوە.

تاوەکوو هەفتەیەکیش مەعامەلەکان، لە ژووری بەڕێوەبەر دەرنەهاتن. وەکو بەردی ژێر گۆمیان بەسەرهات. خۆم پێ ڕانەگیرا، بۆ بەسەرکردنەوەی دووبارە چوومەوە لای... هێشتە ورتەم لێوە نەهاتبوو، خێرا مەعامەلەکانی خستە ناو دەستم و گوتی:
- لە لای خۆت گلیان بدەوە، مانگی تەنیا دوو دانەی بۆ ئیمزا بنێرە لام.
- پێکەنینم هات گوتم:
- جەناب ئەم ئەرکەی بۆ چییە؟! وا تەواو بووە، ڕزگاریان بکە با ڕزگارمان بێت.
- بە تووڕەییەوە گوتی:
- دەتەوێت نان براومان بکەیت؟!... یەک کارتۆن مریشک بەدەم خۆشە!

زیاتر سەرم سوورڕما، هیچی لێ تێنەگەیشتم گوتم:
- جەناب نان برانی چی و مریشکی چی؟! من هیچ لەمانە تێناگەم تکایە تێم بگەیەنە.

هێمن بوووە، بە ڕێزلێنانەوە داینیشاندم.. ناردی چایەکی شیرینم بۆ هات.. ئیتر ما بکەوێتە شکاندنەوەی لێپرسراوی کۆن و گوتی:

- دەبوایە هەر زوو بزانم، سووچی تۆ نەبووە، کەمتەرخەمی لەو قورمساغە بووە، تێی نەگەیاندووە..... ئەی چۆن من دەزانم ئەوە چ ماڵێکە، بۆ خۆی خانەنشین بووە و خەمی ئێمەشی نییە.. چ باکی پێمانە، ئێمە لە نێوچەوانی ئەم کرێکار و فەرمانبەرانەوە مانگی دە تاکە دیناری ڕەبەق بدۆڕێنین.

- لە مەبەستی نەگەیشتم پێم گوتەوە:

- جەناب بە تەواوی تێم بگەیەنە، مەسەلەی ئەم دە دینارە چییە؟

گوتی:

- مەسەلە دە دینارەکەیە.. یاسا ڕێی بە ئێمەی لێژنەی ئەژمارکردنی ڕاژەی سەربازی و کرێکاری داوە، مانگی دە دینارمان بۆ بخرێتە سەر مووچەکەمان، بە مەرجێک مەعامەلەکان لە مانگێکدا لە دووان کەمتر نەبن. جا ئەگەر ئێمە ئەو مەعامەلانە، هەموو جێبەجێ بکەین، ئەوا تاوەکوو چەند مانگێک بەبێ ئەم خەرجییە دەمێنینەوە.

حوزەیران ١٩٨٣

# کۆنە هەوار

ماوەیەکی زۆر بوو، لە کەسوکاری دوور بوو...... باری ژیان وایلێکردبوو، بۆ پەیداکردنی پارووەیەک حەوت کێو ببڕێت.. پیاو بکەوێتە وەڵاتی غەریبی، غوربەتی هەڵدەستێ و غەریبی گەورە و بچووکی ئاواییەکەی دەکاتەوە.

زۆر جاران دۆش دادەما، بیری ئاواییەکەی خۆیانی دەکردەوە و دەیگوت:

- بەس ئەمجارەیان دەستم لە گوندەکەم گیرببێتەوە، هەرگیز جێی ناهێڵم......

- ئێوارەیەکیان لە چایخانەی مەچکۆ دانیشتبوو... هەواڵی مردنی یەکێک لە خزمەکانی پێگەیشت...... لە جێی خۆی تاسا.... بێ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ و بە کەسێک بڵێت.... بە گورجی چووە گەراج و بەرەو گوندەکەی کەوتە ڕێ.... پێش بانگی شێوان گەیشتە جێ...... ملی ڕێگەی مزگەوتی گەورەی گرتەبەر..... لە تەنیشت خاوەن پرسەوە دانیشت و فاتیحە خوێندرا..... دەمی کردەوە و کەوتە لاواندنەوەی:

- پیاوی چاک بوو... بە حەسرەت بووم، ئەمجارەشیان بمدیتبا، دەردی غەریبی زۆر گرانە... بەرد لە جێی خۆی بە سەنگە..........

زۆر قسەی دیکەیشی کرد.... ئەوانیش سەری خۆیان بۆ دەلەقاند و قسەکانیان پەسەند دەکرد....

زیاتر تێهەڵچوووە:

- بڕیارم داوە بەم زووانە، واز لە وەڵاتی غەریبی بێنم و

بگەڕێمەوە، کۆنە هەواری خۆمان.... بەس تۆزێک دەستی خۆم ببینم و دەرامەتم بێتە دەست، دەگەڕێمەوە ئێرە، نێو خزم و کەسوکارم......

ئەوەی هەی بوو هەڵی ڕشت، تاوەکوو بانگی شێوانیش درا.... نوێژیان کرد و لێ بوونەوە..... هەر کەسە و پێڵاوەکانی لە پێکرد و بەرەو ماڵ گەڕایەوە، بێ ئەوەی کەسێک فەرمووی لێ بکات، کە لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵ بیباتەوە......

زۆر خەمبار بوو.... دۆش داما، هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتبوو.... سەیرێکی هۆڵی مزگەوتەکەی کرد، لە خۆی و مەلای گوند زیاتر کەسی دیکەی لێ نەمابووەوە.....

زۆر برسی بوو، نانی نیوڕۆشی نەخواردبوو، بۆیە بڕستی لێ بڕابوو، زگی لە برسان قوڕەی لێوە دەهات، ناوە ناوەش سەیرێکی مەلای دەکرد، دڵی بەو خۆش بوو، لەگەڵ خۆی بیباتە ماڵەوە و شتێکی دەرخوارد بدات. مەلاش نوێژ لە دوای نوێژی دەکرد و هەر نەیدەبڕییەوە..... ناچار ئەویش دەستی بە نوێژکردن کرد.... جاروباریش سەیرێکی مەلای دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت (هەر هیچ نەبێت ،مەلا لەگەڵ خۆی دەمباتەوە).

کاتێک مەلا لە نوێژکردن بووەوە و هەڵسا سەر پێ، زۆر دڵی خۆش بوو.. ئەویش وازی لە نوێژکردن هێنا و خۆی ئامادەکرد، بەڵام مەلا دەستی دایە قورئانێک و دانیشتەوە....... دەستی کرد بە قورئان خوێندن تا بەری بەیان.

ئەویش دەستی خستە ژێر چەناگەی، تا بەیانی کەوتە بیرکردنەوە.

مارتی ١٩٨٧

# تەلەڤیزیۆنە ڕەش و سپییەکە

تەلەڤیزیۆنە ڕەش و سپییەکەی لە مێژە هەبوو... هەموو خەڵک بوون بە خاوەنی تەلەڤیزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ، ئەو هەروا مابووەوە.....

تەلەڤیزیۆنەکەی وەکو زەلامی پەککەوتوو شەت و گێڕ بووبوو.. چۆن پیاوی پیر چاوەکانی شەش و بێش دەبێت، ئەویش ئەوها وێنەکانی بە شێواوی پیشان دەدا.. دەتگوت بە جنۆکان ئیش دەکات، هەردەمەی لەسەر بارێک بوو.. تەنانەت هەندێک جاران وێنەکانی سەر بەرەو خوار دەنواند، یان دەنگی دەنووساو تاوەکوو چەند دەمژمێرێک کپ دەبووەوە... هەرزانفرۆشیی بکردبا، پارەی پێنج کیلۆ گۆشتی نەدەکرد، بۆیە هەرگیز بیری ئەوەی نەدەکردەوە، بۆ لای وەستای ببات. هەر جارێکیش وێنە و دەنگی بشێوابا، مشتەکۆڵێکی پێدا دەکێشا و دەیهێناوە باری جاران و دەیخستەوە گەڕ.. تەنانەت وایلێهاتبوو، چوارچێوەکەی لەگەڵ زۆری مشت پێداکێشاندا شەق و پەق بوبوو....

بەم شێوەیە چەند ساڵێکی لەگەڵ بەسەر برد، تاوەکوو لەپڕ یاخی بوو. وێنە و دەنگ بە یەکجاری سەریان هەڵگرت و بە چەکوشیش نەگەڕانەوە....

منداڵەکانی لەبەر بێ تەلەڤیزیۆنی شێت و هاربووبوون، هێندە ناڕەحەت بوون بەردەوام هەراو زەنایان بو.... زۆر بیری کردەوە،

شتێک بکات و دڵی منداڵەکانی، لە پتر نەڕەنجێنێت.. بەڵام بێ سوود بوو.....

ئێوارەیەکی درەنگ خستییە سەر شانی و بۆ نهۆمی سەرەوەی برد... منداڵەکان شاگەشکە بوون گوتیان:

- بابە دیارە بۆمان چاک دەکەیتەوە؟

- بە زەردەخەنەوە گوتی:

- بەڵێ ڕۆڵە گیان هەر ئێستە......

ئەمەندەی گوت و تاوەکوو هێزی لەبەردابوو، لە بەرزایی دوو نهۆم فڕێی دایە خوارێ.....

منداڵەکان لە پڕمەی گریانیاندا و گوتیان:

- بابە گیان بۆ لێت شکاندین، دیارە ئێمەت خۆش ناوێت؟

ڕووی تێکردن و بە زەردەخەنەکەیەوە گوتی:

- ئێوەم خۆش دەوێت، بۆیە شکاندم، ئەگەر وام نەکردبایە، ئەوا نەدەبووینە خاوەنی تەلەڤیزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ، ئارام بگرن، پێشینەیەکی بۆ وەردەگرم و دەیکڕم،

کانوونی یەکەمی ١٩٨٤

# وجاغ كوێر

چووی بۆ بازاڕگەی هەرەوەزی..... لە شوێنی فرۆشتنی شووشە، شۆخێکی جوان قژ درێژت بینی، لەگەڵ یەکێک لە ئافرەتە کرێکارەکانی بازاڕگەدا گفتوگۆیان بوو.. بەرامبەری وەکو بت وێستایت، چاوت خستە ناو چاوی... چەند هەنگاوێک لێی چوویتە پێشێ، ویستت بیدوێنیت، ڕووی خۆی وەرچەرخاند و بەرەو دەرگەی دەرەوە بۆی خزیت.... کەوتیتە دووی... لەبەر ئاپۆڕەی خەڵکەکە پێی نەگەیشتی.. گەڕایتەوە، لای ئەو ئافرەتەی، تۆزێک پێشتر قسەی لەگەڵدا دەکرد، بۆ وەرگرتنی ناونیشانی، ڕووی پرسیارت تێی کرد:

- ئەو ئافرەتەی پێش ئێستە لەلات بوو دەتناسی؟

- بەڵێ.

- منیش دەیناسم، ویستم بێمە لای، بەڵام لەبەر ئاپۆرەی خەڵک نەمتوانی و لەبەر چاو ون بوو.. ماڵیشیانم بزر کردووە و نایدۆزمەوە.

- ناوی ژیانە، کچی خالیدی برینپێچە لە گەڕەکی مەنتکاوە.

هەر ئەو ڕۆژە چوویتە گەڕەکەکە..... دوای گەڕان و سووڕانێکی زۆر هەموو برینپێچەکانی گەڕەکت بەسەر کردەوە.. لە سەرەتادا، لەوە دەچوو ئیشەکەت مەیسەر نەبێت.. دووبارە بە ماڵەکان هەڵچێتەوە... گوایا ماڵیان بەرامبەر مزگەوتەکەیە.. یاغر یاغر بۆی کەوتیە ڕێ.... گەیشتیە جێ..... دوو جار پژمیت..... هەڵوەستەیەکت کرد، لە بیری خۆتەوە گوتت (دوو جار پژمین نیشانەی خێرە) شاگەشکە بوویت.... ناوی خوات لێهێنا، چەند هەنگاوێکی دیکەیش چوویتە پێشێ، گەیشتیتە بەرانبەر ئەو دەرگەیەی، ناونیشانەکەیان

بۆت هەڵدابوو..... پەنجەت بە زەنگەکەدا هێنا.. زەلامێکی پیری شەت و گێڕی بەساڵاچوو دەرگەی کردەوە... پێتگوت:

- جەنابتان خالیدی برینپێچن؟

لە خۆشیدا نەتزانی چی بڵێی، کەوتیە گێژاوی بیرکردنەوە، هاتە پێشێ، ڕووی تێکردیت و گوتی:

- بۆ دەنگ ناکەیت.... ئیشت بە من هەبوو؟!

ڕاچڵەکیت، وریا بوویتەوە، نگاکانت دزەی ژوورەوەیان دەکرد، لە گۆلکێکی بەستراوە چی دیکەت نەبینی پێتگوت:

- بەڵێ، بەڵام چۆن بزانم تۆ هەمان کەسیت؟!

بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردیت، بە مرۆڤێکی شێواوت تێگەیشت..... دەرگەکەی بە ڕووتدا داخست.

لەبەر خۆتەوە گوتت:

- دڵنیام خۆیەتی، ناچێتە ئەقڵەوە لە گەڕەکێک دوو برینپێچ بەم ناوە هەبن... گریمان خۆی بوو، چۆن داوای دەستی ئافرەتێک دەکرێت هیچی لێ لە بارەوە نەزانریت.... ویستت بە قسەی چاوێری مێشکت بکەیت و بەسەر (خۆت)دا زاڵ بیت و وازی لێ بهێنیت، بەڵام دوودڵ بوویت...... ئۆقرەت لەبەر بڕا بوو.... بڕیارتدا شتێک بکەیت. دووبارە زەنگت لێداوە. دەرگەکەی کردەوە، هێشتان ورتەت لە دەم دەرنەچوو بوو گوتی:

- دیسان ئەوە تۆی؟!

- هێمنت کردەوە، گوتت:

- ژیانی کچت..........

- قسەکەت تەواو نەکردبوو، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

- هیچ منداڵم نییە، وجاغ کوێرم.

# پێشوازی

جەنابی پارێزگار، بە مارسیدسەکەی خۆی، بۆ پێداویستییەکی تایبەت، بۆ ئۆروزدی باکی نارد. وای بە باش زانی پێش چوونی بۆ ئەوێندەر، فیتە بە دەورەیەکی ناو بازاڕی بۆ بکات... تامەزرۆی سواربوونی ئۆتۆمۆبیلی مارسیدس بوو... لە دواوەدا وەکو لێپرسراوە گەورەکان دانیشتبوو ... عەبدوڵڵای باش چاوەشیش هەروەکو ڕۆژانی پێشتر، لە پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: لەوانەیە ئەوەی بمبینێت بڵێت، ئەمەش پارێزگاری نوێیە، خۆ دووریش نییە! ئەوانەی دەبن بە پارێزگار هیچیان لە من زیاتر نییە... ئەگەر مەسەلە بوونی بڕونامەش بێت، ئەوا بە قەد دوو بڕوانامەی ئەوان، ساقیتبوونم لە ساڵانی خوێندندا هەیە... ئەگەر وا نەبووایە ئێستە لەوانیشم ڕەت کردبوو... دەیان بیری دیکە لەناو مێشکیدا گینگڵی دەدا ... تا گەیشتنە ناو بازاڕ، لە هەموو گۆڕەپانەکاندا قاچ درا بە ئەرزا، هەیتە سڵاویان بۆ دەسەند... ئەو هاوڕێیەی هەرگیز سڵاوی لێی نەکردبوو، خۆی بۆ دەچەماندەوە، بەهەر دوو دەست سەلامی لێ دەکرد. سواربوونی مارسیدسیش هەر ماوەیەک خۆشە... بێزار بوو... بەرەو ئۆرزدی کەوتنە ڕێ... لە دووورەوە دەرگەی ئۆرزدی بۆ خرایە سەر پشت، مەگەر خوا بزانێت، چۆن پێشوازییەکی لێکرا...

لەبەر ئاپۆڕەی خەڵکەکە جێی تایەکانی نەبوو بسووڕێتەوە... لەگەڵ هۆپکردندا کرێکارانی گەراجەکە تێکڕا خۆیان هەڵکوتا سەر دەرگەکە، هەر ئەوەتا دەسکی دەرگەکە، لەگەڵ دەستیان دەرنەدەچوو... دەرگەی ئۆتۆمۆبیلەکەیان بۆ کردەوە... لە هەموو ڕاستێکەوە ڕووی تێکرا.. هەریەکەی کۆمەڵێک گلەیی و گازاندە و داخوازی بۆ هەڵڕشتی... یەکێک جلشۆری کارەبایی دەویست... ئەوی دیکە بەفرکەرەوە و تەلەڤیزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ یان تەباخی پێنج چاوەی دەویست... کەس نەبوو شتی نەوێت... کەسیانی تەریق نەکردەوە، سەری خۆی لەقاند و گوتی: ئاسانە، ئاسان. لە لایەکی دیکەیشەوە جەنابی بەڕێوەبەری ئۆرزدی بە خۆی و سکرتێر و کۆمەڵێک فەرمانبەرییەوە، وەکو کوچ کووچە بە دوای یەکەوە ڕێچکەیان گرتبوو، بەرەو لای هاتن... خۆیان کردە ناو زگی خەڵکەکە و بە دەست ڕێگەیان بۆی کردەوە، بەرەو ژوورەوە پەلکێشیان کرد... وەختا بوو لە پێکەنیندا بتریقێتەوە، دانی بە خۆیدا گرت و قووتی دایەوە. جەنابی بەڕێوەبەر دەستی بۆ کەرەوێتەکەی ملی بردەوە و هەندێکی دیکە توندتری کرد و چاویلکەکەشی تۆزێک هێنا خوارێ، دوای دوو ئحم و نەرمە کۆکەیەک ڕووی تێی کرد و کەوتە ستایشی خۆی و خستنە ڕووی گیروگرفتی کار و تەنگوچەڵەمەی ڕۆژانە و زاڵبوونی بلیمەتانەی خۆی، بەسەر ئەو هەموو تەگەرانەدا، بێ ئەوەی کەسیش پێی زانی بێت... ئەوەندەی لەسەر ڕۆیشت، تا کار گەیشتە ئەوە، ویستی بە زوویی پێی بڵێ و قسەکە لێرەدا ببڕێتەوە، بەڵام ماوەی نەدا، زیاتر تێهەڵچووەوە، ئەمجارەیان زیاتر لە جاران، بە پەرۆشەوە قسانی دەکرد و ئارەقی سوور و شینی کردبووەوە، ناچار بوو سەری خۆی بۆ بلەقێنێت، سەر لەقاندن و پەسەندکردنی ئەویش هێندەی دیکە تیژی کردەوە، تاوەکوو

وایلێهات، کۆنە کای چەند ساڵەی بۆ بە با دەکرد. زۆر بێزار بوو... زانی بێدەنگ نابێتەوە، هیچی دیکە خۆی بۆ نەگیرا و پێی گوت: من سکرتێری پارێزگارم، بە ناوی جەنابییەوە هاتوومە بەفرکەرێک و تەلەڤیزیۆنێکی ڕەنگاوڕەنگ بۆماڵەوەیان وەربگرم، ئەگەریش بلوێت شتێکیش لەم بابەتانە بدەیتە من خراپ نییە. حەپەسا... ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا... سەری خستە سەر مێزەکە و نقەی لێوە بڕا. بە سەت فاتیحە و قولوەڵڵابە ئاگای هێنایەوە، داواکەی لێ دووبارە کردەوە. کاخەزێکی ڕاکێشا بەردەمی و پێی گوت: ئەمەش داخوازییەکەی جەنابی پارێزگار. ئەویش گوتی: ئەی هی من؟ بەسەری لێوییەوە وەڵامی دایەوە، گوتی: دەتوانیت وەکو ئەم خەڵکە چاوەڕێ بیت.

# تابلۆ

هونەرمەندێک تاوەکوو مردیش، نەیتوانی دیمەنی گوندەکەی بخاتە ناو چوارچێوەی تابلۆیەکەوە... بە درێژایی تەمەنی بە ڕەنگکردنی ئەو تاکە تابلۆیە بەسەر برد.. هەر جارێک تەواوی دەکرد، دوای تێڕوانینێکی قووڵ بە ڕاست و چەپدا فڵچەی ڕەنگی پێدا دەهێنا، دەیکوژاندەوە. وایلێهات کۆمەڵێک ڕەنگ لەسەر ڕووی تابلۆیەکەدا کەڵەکە بوو، وەکو پەلکەزێڕینەی پاش بارانی بەهاران، خۆی دەنواند.

... کە مرد ئەو تابلۆیەی لە دوای بەجێما...

# شانۆگەرییەکی سەرنەکەوتوو

دوای جاڕدان و بانگەشە بۆ کردنێکی زۆر، پەردە لەسەر شانۆ هەڵدرایەوە... جەماوەرێکی یەکجار زۆر لە هونەردۆستان دانیشتبوون... شانۆگەرییەکە پێشکەش کرا ... مێرمنداڵێک دەوری کوێخای دەگێڕا... زەلامێکی سەر و ڕیش ماش و برنجیش لە دەوری لاوێکدا... غەڵبە غەڵب لەناو هۆڵەکەدا پەیدا بوو... دانە دانە بینەران پشتیان لە شانۆکە کرد و بەرەو دەرگە خۆیان خزاند... تەنیا دەرهێنەر و ئەکتەرەکان مانەوە.

## ئەو شاعیرەی کە شێت بوو

بووە غەڵبە غەڵب... ئاوڕێکم لە دوای خۆم دایەوە، خەڵکی بازاڕ بەسەر یەکدا هەڵپڕژابوون... یەک پارچە ڕەش دەچوونەوە... لەوە دەچوو شتێک بدرێت یاخۆ هەواڵێکی گرینگ جاڕ بدرێت... منیش وەکو خەڵکەکە ڕووم تێی کرد و خۆم خزاندە ناویانەوە.. هیچم بەدی نەکرد... ڕووم تێکردن و پێمگوتن: من هیچ بەدی ناکەم، ئێوە لە دەوری چی کۆبوونەتەوە؟! بەدەست ئاماژەیان بۆ زەلامێک دا و گوتیان: ئەم شاعیرە ئێستە شێت بووە.

# پاشکۆی یەکەم

چیرۆک و شیعری وێنەیی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا*
سابیر ڕەشید

ئەم تەرزە نووسینە، چ شیعر بێت و چ چیرۆک، شێوەیەکی هاوبەشی هەیە، لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا، چونکە شاعیر، یان چیرۆکنووس پشت بە دروستکردنی وێنەیەک دەبەستێت، کە بە وشە چنراوە، بەڵام ئەم وشانە وەک تابلۆیەک دەبینرێن، کە بۆ خوێندنەوەی خاوەن دەقەکە دەست نادەن، تاوەکوو لە کۆڕێکدا بخوێنرێتەوە، بگرە تەنیا وەک ئەم ناوەی کە لێی نراوە وێنەیی، یان خوێندنەوەی چاو گوزارشتکردنەکە، یان دەربڕینەکە لە شێوەی ئەم وێنەیە دەبێت، کە بە وشە چنراوە، زۆر جارانیش ئەم جۆرە دەقانە هەمان ئاوێزانی لە نێوان شیعر و چیرۆکدا لەگەڵ یەکدیدا دەکەن، بۆ نموونە: ئەم دەقە کە خاوەن دەق لە شێوەی هێڵکارییەکدا بە چەند وشەیەک دەری دەبڕێت دەکرێت ناوی چیرۆک، یان شیعری لێ بنرێت، جیاکردنەوەی بە گوێرەی دەقە وێنەییەکە کە زۆرینەی دەقەکان دەتوانرێت هەردوو ناوی لێ بنرێت.

بە داخەوە هەندێک کەس جیاوازی لە نێوان شیعری وێنەیی و وێنەی شیعریدا ناکەن و لێکدی جیا ناکەنەوە، کە ئەوەی دووەمیان

هەر شیعرە، بەڵام شاعیرەکە لەنێو شیعرێکیدا چەندان وێنەی جوان دروست دەکات و تێکەڵ دەقە شیعرەکەی دەکات، واتە وێنە شیعر لەنێو هزری خوێنەر دروست دەبێت، کەچی شیعری وێنەیی لەسەر کاخەز بە وێنە دەردەبڕێت. ئەم تەکنیکە لە بواری شیعر و چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە و نموونەی شیعری وێنەیی زۆرترە وەک لە چیرۆکدا، بەڵام لە چیرۆکی کوردیدا ئەم تەرزە نووسینە واتە چیرۆکی وێنەیی کەمترە وەک لە شیعردا، بگرە ئەوەی تا ئێستەکە من بینیومە تەنیا سێ چیرۆکی وێنەیی بەرچاو کەوتووە، کە ئەویش چیرۆکنووسەکان لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی خۆیان بڵاویان کردووەتەوە، ئەوانیش بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیان یەکەمین تۆمار چیرۆکە وێنەییەکەی "ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی"یە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ نووسیویەتی و لەگەڵ کۆچیرۆکی "چاوە ماندووەکان"ی نووسەر، کە لە ساڵی ١٩٨٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

واتە بەگوێرەی ساڵی نووسین و ساڵی چاپیش بێت، دەبێتە یەکەمین تۆمار لەم بارەوە.

ئەم چیرۆک وێنەییە لەگەڵ ژمارەیەک لە چیرۆکە زۆر کورتەکاندا، لەم کۆچیرۆکەدا بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکەکەشی بێ ناونیشانە واتە ناونیشانەکەی (................) ئاوا نووسراوە، لەژێر ناونیشانەکەشی ساڵی ١٩٨٠ نووسراوە، کە ساڵی نووسینی چیرۆکەکەیە و لاپەڕەکەشی هەموو بە سپێتی جێهێشتووە، کە فەزایە و تەنیا چیرۆکەکە لە کۆتایی لاپەڕەکەدا، یەک دێڕی دایەلۆگێکە، کە نووسراوە "..... دایە گیان خواحافیز........! ........!"........، بەڵام دایەلۆگەکە وەڵامی نییە، کە ئەمەش بۆ خوێنەر جێ هێڵدراوە. لە نموونەکانی دیکەدا چیرۆکنووسان وێنە دەکێشن بە خاڵ و هێڵ و هارمۆنییەتی

ڕەنگ، بەڵام چیرۆکنووس ڕووبەری سپی کاخەزەکە دەکات بە وێنەیەک، کە بە خەیاڵ دەبینرێت و واتایەکی قووڵیش لای خوێنەر جێ دەهێڵێت، کەچی لە وێنەکانی دیکەدا، وێنەکە یان دەقە وێنەییەکە بە چاو دەبینرێت، لەم بارەوە دەقەکەی ئەو پڕ داهێنان و هەڵگری واتای شاراوەی دەقەکهیە، دەکرێت خوێنەر راڤەی جیاوازی هەبێت.
"کەمال سەعدی"یش لە کۆمەڵە چیرۆکی "تڕحێو"دا چیرۆکێکی وێنەیی واتاداری نووسیوە، کە سەوداماریی لەگەڵ ڕەنگی ڕەش و سپی و لەنێو ئەم دوو ڕەنگە دژگەییەکدا وشەی "هەبوو نەبوو"ـە هەبووەکە، لەنێو ڕەنگی ڕەشدا بە سپی نووسراوە، نەبووەکەش لەنێو ڕەنگی سپیدا بە ڕەش نووسراوە. ئەمە چیرۆکێکی وێنەیی تەواوە، چیرۆکنووس چونکە خۆشیی هونەرمەندی شێوەکارە سوودی لە هونەری شێوەکاری بینیووە. ناوی چیرۆکەکەش "هەبوو نەبوو"ـە، کە بێگومان ئەمەش دەستپێکی سەرهاتی کوردییە و چیرۆکنووس لەم چیرۆکە وێنەییەدا بۆ دەربڕینی واتایەکی شاردراوەی دەقەکە، سوودی لێ وەرگرتووە، ئەمەش لە هزر و هۆشی خوێنەردا واتایەک دروست دەکات و خۆی سەرهاتەکە تەواو دەکات، کە چیرۆکنووس سەرەتاکەی لە "هەبوو نەبوو"ی فۆلکلۆرەوە بۆ داناوە، ((ڕەنگە نووسەر مەبەستی بوون و نەبوونی مرۆڤ بێت، کە بوونەکەشی وەک نەبوو وایە. خۆ خوێنەریش کە تەماشای وێنەکە دەکات، ڕەنگە ئەویش لای خۆی چیرۆک و ڕاڤەیەکی دیکەی جیاوازی بۆ دروست بێت. دیارە مەبەستی نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکەش هەر گەیاندنی واتا و ئەودیوی شاردراوی دەقە وێنەییەکەیە، بەلاکەی دیکەیشدا وەک مۆدێلێکی نوێ خۆی دەخاتە بەرچاو)).
بێگومان لێرەدا گرینگ ئەوە نییە، کە هەم لەبارەی شیعری

وێنەییەوە، هەمیش لەبارەی چیرۆکی وێنەییەوە، کە کێ یەکەمین کەس بووە و کێ تۆماری بەرایی کردبێت، وەلێ ئەوەی گرینگە و دەبێت ئێمە باسی بکەین و ئەمەشمان مەبەستە، کە ئەم تەرزە نووسینە، لە ئەدەبی کوردیدا، ئەزموونی نوێن، بۆیە ئێمەش بە بایەخەوە لێی دەدوێین، تاوەکوو وەک تەرزە بابەتێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا بخرێنە بەر چاو و پسپۆڕانی دیکەیش بە تایبەتی لە بواری خوێندنی باڵای ئەدەبی کوردیدا، بە شێوەیەکی زانستی و فرەوانتر لێی بدوێن، لەم نوێکاری ئەدەبی کوردیدا ببن بە بناخەیەک و ماڵی ئەدەبەکەمانی پێ دەوڵەمەند بێت.

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری (نەوشەفەق)، ژمارە (٧٠)، تەمووزی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# پاشكۆی دووەم

من الأدب الكردى المعاصر*

قصص قصيرة جدا

تقديم وترجمة/ عباس عبدالله يوسف

فن القصة القصيرة جدا، فن نما وترعرع في أحضان الصحافة المعاصرة (اليومية والاسبوعية) وله كتابة من الشباب الذين يتزايد عددهم يوما بعد يوم.

والقصة القصيرة جدا، هي فن من الفنون النثرية المركزة الصعبة تظهر فيها اللغوية المعبرة عن حالات نفسية أو مشاهد اجتماعية، فيها كثافة متبلورة شاعرية، أي انها المولود الشعري للسرد الحكائي، وفيها اللقطات السينمائية السريعة والمهتمة بدقة النظر والزاوية الحساسة، وفيها ايضا سهولة ممتنعة تفتح لك الباب على مصراعيه ولكن كيف السبيل الى الخروج من هذا التيه المطلسم المختزل الممتنع.

النصوص التالية، نماذج مختارة، للقاص (كمال سعدي) الذي نشر مجموعتين قصصتين، الاولى بعنوان (الضياع ١٩٨٤) والثانية بعنوان (الباب ١٩٩٠)، بالاضافة الى المجموعة المشتركة للقاصين والمعنونة بـ(ست قصص كردية ١٩٧٦).

### اللوحة

فنان ما، حتى ساعة مماته، لم يستطع ان يؤطر منظر قريته فى لوحة، لقد امضى حياته فى صبغ هذت اللوحة الوحيدة، كلما اكملها، اعاد التدقيق فيها بنظر عميقة، بعدها كان يلطخها يسارا يمينا بفرشاة الالوان ويبطلها، لقد تكومت اخيرا رشقات من الالوان على سطح اللوحة وكانت تستعرض نفسها كقوس قزح بعد مطر ربيعي عندما مات الفنان، لم يخلف وراءه سوى هذه اللوحه.

### مسرحية فاشلة

بعد نداءات ودعوات كثيرة، رفع الستار عن المسرح وكانت جمهرة من محبي الفن جالسة. لقد بدأ عرض المسرحية، صبي يافع كان يؤدي دور عمدة القرية، ورجل وخط الشيب شعر رأسه ولحيته يقوم بدور شاب.

لقد عمت الفوضى القاعة، وبدأ كل واحد من المشاهدين بإدارة للمسرح والأنسلال نحو الباب تباعا ولم يبق هنا سوى المخرج والممثلون.

* جريدة (خەبات) الاربعاء ١٩٩٢/١١/٢٥، العدد (٦٤٨)

# پاشکۆی سێیەم

**الدعلج**

قصة: د. كمال سعدي مصطفى

ترجمة: د. عادل گرميانى

على امتداد طول فترة الصيف انتظرت نضوج مزرعتنا البسيطة .. كانوا في كل مساء بكررون الحديث عن بركة السنة وجدبها، حتى اصبح الأطفال بدلا من التنويمة يغفون بهذه الأحاديث .. حين كانوا في كل صباح يذهبون للمزرعة لقطف ثمارها الناضجة، يلاحظون ما يفيد للأكل قد تم قطفه ومداس عليها .. وما هو مر باقيا، بل أن الرقيات المخفية تحت الرمل قد وصل لها الدعلج ومزقتها إربا ... وما كان باقيا هو الشجر المائي الخريفي، والذي ترک العنان فيها للخباز تعانق صخور ذلک السفح ومتمدده باتجاه ضفاف النهر ... كان الحديث يدور حول الشجر، والذي لم تر هذه القرية شيئا مثيلا له منذ عدة سنين. لربما تعيش عائلة على إضمامة منه، بينما الشجرات تزهر وتتساقط،

وفي غالب الاحيان تواسى نفسها بالقول: الثمرات الأولى للتساقط .. والتوالي ستتحسن.

مضت مدة ... بل لم تر حتى تفتح أزهارها. لم يكونوا في هذا الصيف يملكون أي شيء في هذه المزرعة لتدبير حاجياتهم من الطماطا والفواكه، لذا أقتضت الحالة معالجة. لذا قرروا الذهاب في ليلة لموقع لقاءات الدعلج. غابت الشمش ... غطى الظلام وجه القرية، تناولوا طعامهم بسرعة واتجهوا نحو الأرض المظللة .. ومع وصولهم المكان حفروا حفرة أمام باب سياج المزرعه وغطوها بالأشواک على أمل وقوع الدعلوج فيه بعد عودته، وأن يأخذو بثأر خسارتهم هذه منه بضربه بالعصي.

ليس قتل الدعلج بالشيء الضار .. لحمه طيب، ولم يتذوقوا لحمه منذ مدة، لأنهم يملكون فقط أربعة حيوانات حلوبة لديها فراخها، ولم يمكن بمقدورهم ذبحها بسبب استفادتهم من لبنها وجبنها، ولم يكن هناك صيد! ففي هذه السنة كان رجال القرية مشغولين بزرع الفسائل، ولم يلتفتوا للصيد .. كانا يفكران بهكذا أشياء، كان ليلا مخفيا، وكان عواء الذئاب ونقيق الضفادع وخرير الماء وحفيف الحشائش وخشخشة الأرانب الوحشية تمتزج كلها معا وكان الليل لاينتهي. كنات الخالة عائشة وبايز كاكه برا قد تحاضنا داخل الحفرة الضيقة أسفل الجدار، ويزيحان بأيديهما البعوض عن وجهيهما.

لم يدخل النوم عينيهما تلك الليلة حتى الصباح، وانبلجت تباشير الصباح، وكأنما عرف الدعلج بخفارة الخالة عائشة هذه، ولم يمر هذه الليلة بذلك الجانب. عادا للقرية بلا أمل، وكيفما كان قضيا نهارها بتنقية التبوغ، الذي كانت متاعبه اكثر من متاعب الدعلوك! في كل يوم كانا يتذمران من العم صوفي، فقد كان التبغ جنب ساقية الماء شمال مرزعة

العم صوفي مخضرا و جميلا ومورقا، ياترى ألا يقطعون الماء عنها في هكذا وقت فيؤدي الى تيبسها وحدة مذاقها!! ولكن علم هذا لدى الله، لأن العم صوفي يتحاجج حتى مع ضرطته. حل الليل .. تناولت الخالة عائشة وباز كاكه برا طعامهما واتجها مرة أخرى نحو مزرعتمها، ولكن هذه المرة أخذا معهما كلبهم الرمادي الذي كان سبعا لدرجة يخرج الطريدة من فم الأسد، وهكذا وصلا المكان وانتظرا. أستدارت الخالة عائشة بوجهها نحو بايز كاكه برا وقالت له:

- إن صاد الكب الرمادي لنا الدعلج سيكون لدينا صباح الغد تناول اللحم، وسنعطي قسما منه لأهالي القرية .. وسيكون لنا خلال الشهرين الباقيين حصة من الطماطة والفواكه.

كانت النجوم تغطي السماء وهي تنتظر ظهور القمر، وكان النوم يراد الخالة عائشة وتتثاوب أحيانا، وفجأة نبح الكلب الرمادي وانتفض لداخل المزرعة وبدأ بالنباح، ففزعت الخالة عائشة وكأنها كانت في سابع حلمها. رشت قليلا من الماء على عينها، ومسكت بالعصي واتجهت نحو بندقية الصيد بجانبها وايقظت بايز كاكه برا و بدءا معا بالهجوم على الدعلج الذي كان الكلب الرمادي بنباحه قد أعجز ساقه عن محاولة الهروب، ولم يبق سوى القليل على انبلاج الصبح .. أنسحب الكلب من الدعلج وترك المجال لهما، وقد قام الكلب الرمادي فيما مضى بعمليات صيد كثيرة، ولذا كان صاحب خبرة تامة، ولم يود تلويث لحمه، ولكن لم تعض سوى لحظات حتى جمع الدعلج الملعون قواه بعنف عض كتف الخالة عائشة وهرب، والتي ترنحت على أثرها ورغم الام كتفها لكنها لم تنس أبدا نجاة صيدها. حزن بايز كاكه برا لجرح والدته، وبحزن قال لها:

- لقج أذييت كتفك وخرجنا خليان الوفاض!

فقالت الخالة عائشة له بأبتسامة صفراء:

- يا عزيزي، قد تحقق ما كنا نبغيه، ولكن حرمنا فقط من أكل لحمه.

فقال لها بايز بتعجب:

- كيف يا أمي العزيزة؟!

أقتربت الخالة عائشة من بايز ووضعت يدها المجروحة فوق كتفه، وقالت له:

- لم يذهب جرح ذراعي سدى! فانظر لن نرى مرة أخرى أثرا لهذا الدعلج طيلة مدة هذا الصيف، فلم نلقنه درسا بسيطا حتى ينساه بهكذا سرعة. ومزرعتن لا زالت نظرة ولديها وقت كافي لكي تزدهر بزهور جديدة، وستثمر لما فيه كفاية البيوت الأربعة لقريتنا.

**چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (کەمال سەعدی):**

- لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای لە یاسا هەیە.
- دەیان کتێبی چاپکراوی لە بواری یاسا و ئەدەب و ڕۆشنبیری هەیە.
- دەیان بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و یاسایی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

**ئەو کتێبانەی نووسەر چاپیکردوون لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا:**

- شەش کورتە چیرۆکی کوردی - هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشید، ساڵی ١٩٧٦.
- ونبوون - کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٨٤.
- دەرگە - کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٩٠.
- ترحێو - کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٠.
- فەنتازیا - کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠١٠.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان - ڕۆمان، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٧.
- مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان - ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٧.
- بیرەوەریی جەنگاوەرێک - ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٨.
- حەج و عومرە - ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٩.
- خانمباز - ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٩.
- ڕۆمانی ڕۆژگارە تاریک و دژوارەکان - ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٩.
- شەوانی باکۆ - ڕۆمان، ساڵی ٢٠٢٠.